# شاری بەهێزەکان



• عمر آل عوضه

• زامدار قادری
کردوویەتی بە کوردی

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

- ناوی کتێب: شاری بەهێزەکان
- بابەت: یاداشتنامە
- نووسینی: عمر آل عوضة
- وەرگێڕان: زامدار قادری
- دیزانی بەرگ: ئیبراهیم صاڵح
- دیزاینی ناوەوە: ئەیاد نادر
- چاپی یەکەم: ۲۰۱۹
- تیراژ:۱۰۰۰ دانە
- چاپخانەی تاران
- نرخ: ۳۰۰۰

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (٥٠) ساڵی (۲۰۱۹) پێدراوە

.............................................................

هەموو مافێکی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ وەرگێڕ.

هیچ کەس بێ پرس و ڕاوێژی ئەو بۆی نییە دەستکاری بکات، یان چاپی بکاتەوە.



Scanned with CamScanner

**ئەم کتێبە پێشکەشە بە:**

*ئازیزی دڵم خاتوو (زینە) گیانی هاوسەرم.

*ئەو کەسە بەهێزانەی دەیانەوێت ئامانج و هیواکانییان بەدی بهێنن.

*بۆ هەموو ئەو کەسانەی خۆشم دەوێن و ئەوانەشی خۆشیان ناوێم.



Scanned with CamScanner

## پێشەکی نووسەر

بە ناوی پەروەردگاری میهرەبان، ئەو پەروەردگارەی قورئانی فێرکرد.

بە ناوی پەروەردگاری میهرەبان، ئەو پەروەردگارەی مرۆڤی دروست کرد.

بە ناوی پەروەردگاری میهرەبان، ئەو پەروەردگارەی قورئانی بە ڕەوانی فێرکرد.

پەروەردگار دروود و ڕەحمەت و میهرەبانیت برژێنە بەسەر گەورە و سەروەرمان حەزرەتی محمدی ئازیز (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت).

ژیان پێی گوتم: هیچ کەسێك شایەنی ژیانکردن نییە، تەنیا بەهێزەکان نەبن.

لێم پرسی: بۆچی؟

وەڵامی داوە: ئایا گوێبیستی قسەی ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) نەبووی کە دەفەرمووێت:

(باوەڕداری بەهێز وچاکتر و باشترە لە باوەڕداری لاواز، بە ڕاستی چاکترین هەر ئەوە).

لێم پرسی: چۆن بەهێز بم؟



Scanned with CamScanner

وەڵامی دایەوە: هێز لەو شتانە بە دی نایەت کە دەتوانیت بیکەیت، بەڵکو لەو شتانە بەدی دێت، کە ڕۆژێک باوەڕت وا بووە بێ دەسەڵاتیت لە ئەنجامدانی.

ژیان پێی گوتم متمانە بە خۆم لە دەست نەدەم، ئەگەرچی جیهانیش هەمووی بەرانبەرم بوەستێتەوە. جوانی ژیان هەمیشەییە، بەڵام ئێمە ڕۆژەکان بە جیاوازی دەبینین، ئەمڕۆ دەبینین جوانە، بەڵام بەیانی دەبینین ڕۆژێکی ناخۆشە!

هەروەها ژیان پێی گوتم کە ئەو بەر پرس نییە لەو باردۆخە، بەڵکو ئێمەین بە پێی تێڕوانینمان بەو جۆرە سەیری ژیان دەکەین، دەتوانین بە پێی تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئەرێنیمان ڕۆژەکەمان خۆش بکەین، ئەگەر پەروەردگار ویستی لەسەر بێت، بەڵام پێویستە لەسەرمان ئەو بەشەی پەروەردگار پێی داوین قەبوڵی بکەین و، ئەوەی بۆی نووسیوین لە خۆشی و ناخۆشی هەمیشە پێی ڕازی بین، کاتێک ئەوانە قبوڵ دەکەی کە پەروەردگار بۆی نووسیویی و بەسەرت دێت، ئەو کاتە پەروەردگار ئەو ژیانە خەمبارییە لەسەرت سوک و ئاسان دەکات و، نارەحەتت ناکات. هەر کەسێک لەم ژیانە لەگەڵ پەروەردگار بێت، ژیان لە خزمەتیدا دەبێت، هەر کەسێکیش لەم ژیانە هەوڵی بێ هودە بدات، پەروەردگار زەلیلی دەکات و، پاشان ژیانیش زەلیلی دەکات

عومەر ئالی عۆزە



Scanned with CamScanner

## فەرمانڕەوای ئەم شارە

پەروەردگاری گەورە فەرمانڕەوای ئەم شارە و، فەرمانڕەوای هەموو شتێکە. ئەو کەسەی بە کردار و گوفتار لێی نزیک دەبێتەوە، خۆشی دەوێت. ئەو کردار و گوفتارانەی نزیکت دەکاتەوە لە پەروەردگار: (فەرزەکان) و (سونەتەکان)ن، سێیەمیان نییە !..

**فەرزەکان:**

پەروەردگار کۆمەڵێك فەرزی لەسەر موسڵمانان پێویست کردووە، وەکوو: نوێژ، ڕۆژوو، زەکات، حەجی ماڵی پەروەردگار لەسەر کەسێك توانای ماددی و جەستەیی هەبێت، بۆیە پێویستە موسڵمان بە تەواوترین شێوە ئەو فەرزانە ئەنجام بدات، لەبەر ئەوەی پەروەردگار بە باشترین شت پاداشتی خاوەنەکەی دەداتەوە و، لە ژیانی دونیا و قیامەتی سەرکەوتووی دەکات. ئەوەشی تەرکی بکات، پەروەردگار هەر خۆی سزای دەدات، لەبەر ئەوەی موسڵمان بە ئەنجام نەدانی، پێچەوانەی فەرمانەکانی پەروەردگار کردووە.



Scanned with CamScanner

**بەڵام سوننەتەکان:**

ئەو پەرستشەیە بەندە پێی هەڵدەستێت، نە واجبە و نە پێویستە بیکات، بەڵکو پەرستشێکی زیادەیە لەسەر ئەو شتانەی گونجاوە، ئەمانیش سوننەتی موئەکەدە و موستەحەب دەگرێتەوە، وەکوو: شەونوێژ، چێشتەنگاو، نوێژە بارانە، نوێژی مانگگیران و خۆرگیران، نوێژی ئیستخارە، نوێژی تەراویح، نوێژی ویتر، ڕۆژووی دووشەم و پێنج شەم.... تا کۆتایی.

*************************************



Scanned with CamScanner

## لە ناو و سیفەتە بەرزەکانی فەرمانڕەوای ئەم شارە

## فەرمانڕەوایەك هیچ هاوبەشێکی نییە:

الله إلاله الرب السيد الملك المالك المليك القاهر القهار الكبير المتكبر الحكيم الحكم الحاكم الخبير العظيم الجميل المجيب الودود الكريم الأكرم العلي الأعلي المتعال القوي الولي المولي القادر الفاطر القدير الرحيم المقتدر المتين القَيُّوم الصمد ذو الطول ذو الفضل ذو المعارج ذو الجلال الإكرام الرفيق الستير الشافي الحفي السبوح المحسن الحيي الحي الجواد البر التواب العفو الرؤف الغني النور الوتر الهادي البديع الوارث الطيب رفيع الدرجات المنان النصير الناصر المستعان المحيط المجيد الشهيد المبين الحق الوكيل الحميد القَيُّوم الواحد الأحد المقدم المؤخر الأول الآخر الظاهر الباطن البصير اللطيف الحليم الشكور الشاكر الحفيظ الحافظ المقيت الحسيب الخلق الخلاق الوهاب العليم العلام العالم القابض الباسط السميع القدوس السلام المؤمن المهيمن البارئ المصور العافر الغفّار الغفور الفتاح.

پەروەردگاری گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ﴾ الأعراف: ١٨٠



Scanned with CamScanner

واتە: هەر بۆ پەروەردگارە هەموو ناوە جوان و پیرۆزەکان، جا (ئەی ئیمانداران) بەو ناوانە دۆعا و نزا بکەن و، هانا و هاوار بۆ ئەو زاتە بەرن.

داوای پێ لێ بکەن وەڵامتان دەداتەوە و، خەونەکانتان بە دی دەهێنێت. ئەگەر بگەیتە ئەوپەڕی عەقڵت و، گەیشتن بە بەرزترین شوێنی ئاسمان، هیچیان ناگاتە پلەی چاودێری پەروەردگار بۆت.

ئەستەم بوونی نییە، ئەگەر دەستت بۆ لای پەروەرگاری خاوەنی ئەستەم بەرز کردبێتەوە، ئەگەر ئەو بە خەونەکانتی گوت: ببە! هەموویان بە یەکەوە دەبن!

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴾ يس: ٨٢

واتە: بێگومان هەر کاتێك فەرمانی پەروەردگار دەرچوو، ویستی شتێك جێبەجێ بکات و بیهێنێتەدی، پێی دەڵێت ببە، ئەویش دەستبەجێ و بێ دواکەوتن پێش دێت و ئەنجام دەدرێت و دروست دەبێت.

**********************************



Scanned with CamScanner

## پەروەردگار کێیە؟!

زۆرێك لە خەڵکی ئەگەر لێیان بپرسی: پەروەردگار کێیە؟!
هەندێکیان دەڵێن: دروستکەر و ڕۆزیدەرە. ئێمە هەر ئەوە دەزانین، بەڵام؟
ئایا ئەمە هەموو شتێکە دەربارەی پەروەردگار کە دەیزانین؟
مرۆڤ هەر چەند دەربارەی پەروەردگار بزانێت، ترسی زیاتر دەبێت و، لەگەڵی ڕەفتاری جوانتر دەکات.
پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ ﴾ فاطر: ٢٨
واتە: بەڕاستی هەر زاناکان پەی بەو نهێنییانە دەبەن و لەناو بەندەکانی پەروەردگاردا هەر ئەوان لەپەروەردگار دەترسن.
چەند دەربارەی پەروەردگار دەزانیت؟
پەروەردگار!
کەسمان حەقیقەتی پەروەردگاری مەزن نازانین چییە، تەنیا زاتی خۆی نەبێت.
چونکە سەرەتا مەحاڵە مرۆڤ بە ڕەهایی خۆی، خۆی بناسێت.
سروشتی مرۆڤ لە زانین دا، ناتەواوە.
پەروەردگار مرۆڤی فێرکرد و، سەرپشکی کردن.



Scanned with CamScanner

نمونە چۆن منداڵەکەت فێری پەروەردەکردن کرد؟

چۆن منداڵەکانت گەورە کرد؟

چۆن چاودێری دایکت کرد.

پێویستە هۆکار هەبێت، کەوایە کێ پەروەردگاری ئەو هۆکارانایە؟

کێ دایکتی فێر کرد؟ کێ حەوای فێرکرد؟

کێ ئەوەی فێری ئادەم کرد کە نەیدەزانی؟

ئەوە پەروەردگاری مەزنە.

پەروەردگاری گەورە و پەروەردگاری مەزن.

ئەو پەروەردگارەی مرۆڤی فێری ئەوە کرد کە نەیدەزانی.

پەروەردگاری گەورە ئەو زاتەیە کە زانستی دروست کرد.

پەروەردگار ئەو زاتەی کە پێنووسی دروست کرد، ئەوەی کە پێی فێر دەبین و درك بە زانست دەکەین.

پاکوبێگەردی بۆ ئەو پەروەردگارەی ئەم شارەی دروست کرد، کە خەڵکانێکی جیاوازی تیا دایە، بەڵام ئەو خەڵکە بە زانست و ڕۆشنبیری جیا دەکرێنەوە.

ئینجا کێ مرۆڤی فێرکرد ئارام بگرێت؟

کێ فێری جوامێری کرد؟

کێ مرۆڤی فێرە خۆشەویستی کرد؟

چیت پێ بڵێم دەربارەی مەزنی پەروەردگار؟



Scanned with CamScanner

تەنیا دەتوانم پێت بڵێم دەربارەی مەزنی پەروەردگار؟
ئەوەندە بەسە کە ئێستا هیچ کەس ناتوانێت بیبینێت.
ئەگەر هەر شتێك لەم دونیایە بیبینێت، بە تەواوی دەڕوخێت و تێك دەشکێت!
بەهێزترین جەستەکانی ئێستا ناتوانن سەیری بکەن.
ئەگەر ئەو زاتە بەو هێز و گەورەیەیە کە کەسێك بە یەك بینین بڕوخێت و لە ناو بچێت!
ئەی دەبێ حەقیقەتی ئەو زاتە چۆن بێت؟
ئەی سیفاتە بەرزەکانی و ئەوانەی پەروەردگاری پێ وەسف کراوە؟!
هەر بۆیە پەروەردگار دەزانێت خۆشەویستانی بە تاسەی دیداری ئەون.
لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر شت دەربارەی ئەو گوێبیست نابن و، دەربارەی زاتی ئەو و، گەورەیی و، جوانی ئەو زۆر شت نازانن.
دەیانەوێت ئێستا بیبینن. ئەو جوانییە زۆرە ببینن!
هەر بۆیە لە ڕۆژی دوایی جەستەیان بەهێز دەکات و، توانایان پێ دەبەخشێت، تاکو بتوانن بیبینن.
بۆ ئەوەی چێژ لە بینینی وەرگرن، بێ ئەوەی بترسن لە زاتی پەروەردگار.

پەروەردگار سیفەتانێکی هەن کە زاتی خۆی پێ وەسف کردووە، ئەو سیفاتانەش بێ کەموکووڕیین!
هاوشێوەی نییە لە هیچ شتێکی تر و، لە هیچ شوێنێکی تر.
دروستکراو دەکرێ سیفاتی هاوشێوەی خالقی هەبێت، بەڵام تەنیا بە ناو.
نموونە پەروەردگار دەژی، ژیانێکی تەواوی هەیە، لە هەمان کات دروست کراویش ژیانی هەیە، بەڵام ژیانێکی تایبەت و جیاوازتری هەیە لە ژیانی پەروەردگار، هیچ هاوتا بوونێك نییە لە نێوان ئەم دوو ژیانە و، هیچ جۆرە لێك چوونێکی بچووکیش نییە.
هەرگیز بۆ تەنیا جارێکیش ڕووی نەداوە سیفەتێك لە سیفاتەکانی دروستکەر لە دروستکراو بچێت.
ئەی پەروەردگار کێیە؟.
الله!
پەروەردگاری پاکوبێگەرد، پەروەردگاری هەموو دروستکراوان، هیچ پەروەردگارێك نییە جگە لە ئەو.
کاری هەموو دروستکراوانی لە ئەستۆیە، هەموو کارێکی ئەم جیهانە فراوانە هەڵدەسوڕێنێت، کە زەوی ئاسمانەکان دەگرێتەوە بە بێ هیچ یارمەتیدەرێك.



Scanned with CamScanner

لەو کاتەی یەکەم دروستکراوی بە دی هێنا، تاوەکو جیهان لە ناو دەچێت، هەر تەنیا پەروەردگارە ڕۆزی بە خەڵکی دەبەخشێت، هەر ئەو خاوەنی موڵکە. ئەو سیفەتانە پەروەردگار خۆی پێیمان ئاشنا دەکات و، دەربارەی خۆی شتمان پێ ڕا دەگەیەنێت، بەڵام سیفەتانێك هەن پەروەردگار پێی ڕا نەگەیاندوون!

فێرمان ناکات و هیچ کەسێکیش نایزانێت!

ئەویش لە زانستی غەیبی خۆی دایە.

بەڵێ!

لە گەورەیی ئەم دروستکەرە مەزنە ئەوەیە کەسێك هەر چەند گەورە و مەزن بێت، ناتوانێت درکی پێ بکات!

تەنیا کەسێك درك بە حەقیقەتی ئەو دەکات!

ئەویش پەروەردگار خودی خۆیەتی!

هیچ کەسێك ڕاستی پەروەردگار نازانێت تەنیا خۆی نەبێت.

هەروەك چاو ئەندامێکە لە ئەندامەکان، تەنیا دەتوانێت مەودایەکی دیاریکراو ببینێت، لەو مەوایە زیاتر ناتوانێت.

هەروەها گوێش بواری بیستنی نییە تەنیا لە ماوەکی دیاریکراو نەبێت.

هەورەها عەقڵیش!



Scanned with CamScanner

عەقڵ ئەندامێکە لە ئەندامەکان، دەتوانێت تەنیا چەند شتێکی دیاریکراو تێ بگات!

شتانێکی زۆر هەن لە عەقڵ گەورەترن، نە دەتوانرێت خەیاڵ بکرێت و، نە وێنا بکرێت.

یەکەمیان!

دروستکەر!

کەس ناتوانێت وێنای بکات تا ڕۆژی قیامەت!

ناتوانێت!

پەروەردگار لە هەموو وێنا کردنێك گەورەترە!

پەروەردگار دەفەرمووێت: (ليس كمثله شيء وهو السميع البصير).

واتە: پەروەردگار بە هیچ شتێك وێنە ناکرێت و هەر ئەویش بیسەر و بینەرە.

هیچ کەس ناتوانێت وێنای بکات، یان خەیاڵی بکات، بەڵکو هەموو ئەو شتانەی خەیاڵی دەکەیت، پەروەردگاری پاکوبێگەرد لە هەموو ئەو شتانەی خەیاڵت کردووە، بە تەواوی جیاوازترە.

ئەگەر مرۆڤ سەد ساڵ بمێنێتەوە شتێك نەکات تەنیا خەیاڵی حەقیقەتی پەروەردگار نەبێت! هێشتاش ناتوانێت.



Scanned with CamScanner

هەموو دەرەنجامێك كە پێی دەگات، پەروەردگار جیاوازترە لە هەموو ئەوانە.
چونکە پەروەردگاری مەزن و خاوەنشکۆ دەسەڵاتێکی وای هەیە، عەقڵ توانای نییە وێنایی و خەیاڵی بکات.
وەڵاهی تاوەکو ئەمڕۆ هیچ کەسێك ستایشی پەروەردگاری نەکردووە شایەن بە گەورەیی ئەو بێت.
هەموو ئەوانەی هەوڵیان داوە ستایشی بکەن یان سوپاسی بکەن بە کردارەکانی لە فریشتە و، پێغەمبەران و، دروستکراوان هەموویان تەنیا نزیك دەبنەوە لەو ستایشکردنەی شایستەی پەروەردگارە، تەنیا کەسێکیش بتوانێت ستایشێك بکات شایەن بە گەورییەکەی بێت، ئەویش پەروەردگار خودی خۆیەتی.
پاکوبێگەردی بۆ ئەو کاتێك ستایشی خۆی دەکات.
ئەگەر ستایشی خەڵك هەمووی کۆ بکەینەوە و پەرستشی خەڵکی هەمووی کۆ بکەینەوە، پەرستشی جبریل، و پەرستشی میکایل، پەرستشی ئیبراهیم (سەلامی پەروەردگار لەسەر بێت)، پەرستشی ئازیزمان (سەلامی پەروەردگار لەسەر بێت)، پەرستشی پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ تاوەکو ڕۆژی دوایی، کۆمان کردەوە چەندین قات زیاتر ستایشمان کردن



Scanned with CamScanner

ئەو پەرستشانە... هەموو ئەو ستایشانە حەقی تەواوی پەروەردگاری مەزن ناداتەوە، هەتا نزیکیش نابێتەوە لە سیفەتێك لە سیفەتەکانی پەروەردگار، کە شایەن بێت بە گەورەیی ئەو.

فریشتەی وا هەیە لە سوجدە دایە تا ڕۆژی دوایی و سەری بەرز ناکاتەوە، (دەیپەرستن و تەهلیلە دەکەن و تەسبیحاتی دەکەن)، پاشان کاتێك قیامەت دادێت...دەڵێن: پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار، پەرستنێك نەمان پەرستوویت شایەن بە گەورەیی تۆ بێت!

پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾ الأنعام: ٩١

واتە: وەکو پێویست قەدری پەروەردگاریان نەگرت، ڕێزیان بۆ دانەنا)

پەروەردگار هەرچەند زیاتر داوای لێ بکەین، هەر چەند زیاتر خۆشمان بوێت

خۆشەویستی بۆ بەخشندەیی و وجوودی لە سەرووی ئەوەیە کە عەقڵ وێنای دەکات.

(ئەگەر تۆ دەربارەی پەروەردگار پرسیارمان لێ بکەی!

ئەوا ئەو پەروەردگارەی دەیپەرستین جوانترینە)



Scanned with CamScanner

جوانییەکـەی جۆرێکـە، جـوانی کـردار و جـوانی خـودی کۆکردۆتەوە!

جوانی پەروەردگار چییە؟!

پەروەردگارە جوانەکەی ئێمە.

بەڵکو پەروەردگار جوانترە لە هەموو ئەو شتانەی لە گەردوون دا هەیە.

هەر بۆیە خودی خۆی ناو ناوە(الجميل).

ئەوەنـدە بەسـە ئەگـەر پـەروەردگار لـە بەهەشـت ببـینی، بـە ڕادەیەك بەختـەوەر و دڵخـۆش دەبیـت، هـەرگیز لـە ژیانـت دا نەتبینیوە.

کێ بەختەوەری دروست کرد؟!

پەروەردگاری مەزن دروستی کرد.

لەسەر ئەوەش بەو کەسەی دەدات کە بەرەو لای دەچێت و، نزیك دەبێتەوە لێی، بەڵام بەو کەسەی نادات کە لێی دوورە.

هەرچـەند زیـاتر لـە پـەروەردگار نزیـك ببیتـەوە، ئەوەنـدە بەختەوەریت زیاد دەکات.

هەربۆیە بەهەشتی لە ئاسمانی حەوتەم داناوە، چـونکە تـەنیا بەختەوەریی و خۆشییەکانی تێدا جێگیرە.

هەر چەندە لە بەهەشت پلەت بەرز ببێتەوە، ئەوەندە زیاتر لە پەروەردگار نزیك دەبیتەوە.



Scanned with CamScanner

دەزانی بنمیچی بەهەشت چییە !

عەرشی پەروەردگاری میهرەبانە.

ئایا پێم نەگوتی، بەختەوەری لە نزیك بوونە لە پەروەردگار؟

پەروەردگارمان چەندە میهرەبانە !

پەروەردگارمان چەندە جوانە !

پەروەردگارمان چەندە بەخشندەیە !

پەروەردگارا تۆ چەند گەورەی!

بەندە ئەگەر دەستی بۆ لای پەروەردگاری بەرز کردەوە،

پەروەردگار گەورە شەرمی لێ دەکات!.

بەڵێ، شەرم دەکات ڕەتی بکاتەوە !

لەگەڵ ئەمەش بەندە تاوان دەکات و هەڵە دەکات،

پەروەردگار بە هەموو جۆرە بەخششێك و دیارییەك خۆشی دەوێت، لەگەڵ ئەوەش بەندە پشتی تێدەکات و، پێداگر دەبێت تۆبە نەکات، پەروەردگاریش مۆڵەتی پێ دەبەخشێت و، هەلی پێ دەدات تاوەکو بگەڕێتەوە !

ئەگەر گەڕایەوە !

پەروەردگار خۆشحاڵ دەبێت بە گەڕانەوەی بەندە بۆ لای.

ئەی پەروەردگارا !

نازانم چۆن بڵێم و چی بڵێم دەربارەت. هەر ئەوەندەم لە دەست هات، بەڵام دڵم بێ دەسەڵاتە لە وەسف کردنت.



Scanned with CamScanner

**قسەی کۆتایی.**

پەروەردگارا خۆشم دەوێی.

لەگەڵ هەر ترپەیەکی دڵم دەڵێم:

خۆشم دەوێی ئەی پەروەردگاری مەزن.

***********************************



Scanned with CamScanner

## بە سێ شت فەرمانڕەوای ئەم شارە ڕەزامەند دەبێت

ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (پەروەردگار بە سێ شت ڕەزامەند دەبێت. ڕازی دەبێت بەوەی بە تەنیا ئەو بپەرستین و هیچ هاوەڵێکی بۆ دانەنێین و، دەست بە فەرمانەکانییەوە بگرن و جیا نەبنەوە، ئامۆژگاری ئەو کەسە بکەن کە پەروەردگار کاری ئێوەی پێ سپاردووە.)

لە کارە سیاسییەکانی ئەم شارە:

کە هاوەڵ بۆ پەروەردگار بڕیار نەدەن و هاوارتان تەنیا بۆ ئەو بێت! هەر ئەو شایەنی پەرستش و زەلیلی و سەر بۆ دانەواندنە، پاکوبێگەردی بۆ ئەو زاتە لەسەر ئەوەی بۆیان کردووە بە هاوەڵ.

پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـًٔاۖ ﴾ النساء: ٣٦

واتە: (ئەی خەڵکینە) تەنیا پەروەردگار بپەرستن و هیچ جۆرێك شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن.

ئەوە فەرمانی فەرمانڕەوایە بۆ هەمووان، کە بیپەرستن و بێ هیچ هاوەڵێك، ئەو پەروەردگارێکە جگە لە ئەو هیچ



Scanned with CamScanner

پەروەردگارێکی دیکە نییە، پەرستش بۆ هیچ کەسێکی دیکە ناکرێت جگە لە ئەو.

بنەڕەتی پەرستش: خۆشەویستی پەروەردگارە، بەڵکو تەنیا خۆشەویستی بۆ ئەوە و، خۆشەویستی گشتی مرۆڤ بۆ ئەو دەبێت. خۆشەویستی بۆ جگە لە ئەو بوونی نییە، بەڵکو خۆشەویستیش دەبێت بۆ ئەو و لە پێناو ئەو بێت، هەر وەکوو چۆن خۆشەویستی پێغەمبەر و، نێردراو و، فریشتە و، پیاوچاکانی لە دڵ بێت و خۆشی بوێن، ئەگەرچی خۆشەویستی ئەوانە لە تەواوی خۆشەویستییەتی پەروەردگارە، نەوەک لە خۆشەویستی دا لەگەڵ ئەو هاوشان بن، نەوەک وەک خۆشەویستێك کە جگە لە پەروەردگار هاواری بۆ ببات و وەکوو پەروەردگار خۆشی بوێت.

کاتێك خۆشەویستی بۆی بەم جۆرەیە، ئەوا ئەو حۆشەویستییە حەقیقەتی پەرستنە، چونکە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەکەیت و، لە قەدەغەکراوەکانی دوور دەکەویتەوە.

کاتێ شوێن فەرمانەکانی فەرمانڕەوا کەوتی و، لە قەدەغەکراوەکانی دوور کەوتیەوە، ڕاستی پەرستن و خۆشەویستیت بۆ دەر دەکەوێت.

پەرستن لەسەر چوار یاسای گرنگ بنیات نراوە، پێویستە هەموو کەس جێبەجێیان بکات:

جێبەجێکردنی ئەو کارانەی مایەی خۆشەویستی پەروەردگار و پێغەمبەرەکەیەتی، لە فەرمایشتی زمان و دڵ و، کردارەکانی دڵ و ئەندامەکانی.

پەرستنی پەروەردگار ناوێکی گشتگیرە بۆ ئەم چوار پلەیە:

**قسەی دڵ:** ئەو باوەڕبوونەیە بەو شتانەی پەروەردگار پێی ڕاگەیاندووین دەربارەی خۆی و، ناو و، سیفەتە بەرز و، پیرۆز و، کردار و، فریشتەکان و دیدەنییان لەسەر زمانی نێردراوەکانی.

**قسەی زمان:** ڕایگەیاندنی ئەو شتانەی دەربارەی ئەو گوتراون، بانگەواز کردن بۆ لای، پاریزراوی ئەو، ڕوونکردنەوەو بەتاڵ کردنەوەی بیدعەی پێچەوانەی فەرمانەکانی ئەو (بیدعەی خراپ نەوەك باش، چونکە بیدعەی باشیش هەیە وەکو نوێژی تەراویح_ وەرگێڕ)، یاد و زیکری ئەو، گەیاندنی فەرمانەکانی.

**کرداری دڵ:** وەك خۆشەویستی بۆی، پشت بەستن پێی، گەڕانەوە بۆ لای، ترس و پاڕانەوە لێی، دڵسۆزی بۆ ئایینەکەی، ئارامگرتن لە سەر فەرمان و قەدەغەکراوەکانی و، قەدەرەکان و، ڕازی بوون پێیان و، پەیمان پێ دان و،



Scanned with CamScanner

دژایەتی کردن لەبەر ئەو، زەلیلی و سەردانەواندن بۆ ئەو، ئارامی لە لای ئەو، دڵنیایی لە لای ئەو، جگە لەوەش کردارەکانی دڵ، کە فەرمانڕەوا فەرمانی بە ئەنجامدانیهان کردووە.

**کرداری ئەندامەکان:** وەك نوێژ و بەخشین، حەج و عومرە، چاك بوون لەگەڵ دروستکراوان، بەم شێوەیە.

هەموو پێغەمبەران بانگەوازیان بۆ یەکتا پەرستی بۆ لای پەروەردگار و دڵسۆزی لە پەرستنیدا کردووە، ئازیزمان ئیحسانی لە بەرزترین پلەی ئایینەدا داناوە، دەربارەی چاکە دەفەرموێت: (پەروەردگار بپەرستن وەك ئەوەی دەیبینن، خۆ ئەگەر نەتانتوانی ببیبنن، ئەوا بە دڵنییاوە ئەو ئێوە دەبینێت).

پێویستە مردن لەسەر یەکتا پەرستی بێت، یەکتا پەرستی پەروەردگاری فەرمانڕەوا، بۆیە پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَٱعۡبُدۡ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأۡتِيَكَ ٱلۡيَقِينُ ٩٩ ﴾ الحجر: ٩٩

واتە: بەردەوامیش پەروەردگارت بپەرستە هەتا مردن یەخەت پێدەگرێت.

الیقین: واتا مردن.



Scanned with CamScanner

حەزرەتی سوڵتانی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرمووێت: ئەی موعازی کوڕی جەبەل! موعاز گوتی: لە خزمەتم ئەی خۆشەویست، حەزرەت فەرمووی: ئایا دەزانی مافی پەروەردگار بە سەر بەندەوە چییە؟ معاز گوتی: پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی زاناترن، حەزرەت فەرمووی: (مافی پەروەردگار بە سەر بەندە ئەوەیە بە تەنیا ئەو بپەرستێت و هاوەڵی بۆ دا نەنێت)، پاشان کاتژمێرێك تێپەڕی، فەرمووی: ئەی موعازی کوڕی جەبەل!، موعاز گوتی: لە خزمەتم ئەی خۆشەویست.

شیرینی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرمووی: ئایا دەزانی مافی بەندە بە سەر پەروەردگارەوە چییە، ئەگەر ئەمەیان ئەنجام دا؟ موعاز گوتی: پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی زاناترن، خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرمووی: (پەروەردگار هەرگیز سزایان نادات).

*********************************



Scanned with CamScanner

## خۆشەویستی نیشتیمان

گوتراوە: (ئەوەی خۆشەویستی بۆ نیشتیمانی نەبێت، ئەوا کێشەیەکی هەیە)
ئەمە ڕاستە.
نیشتیمان خۆشەویستی و ڕێزێکی زۆری هەیە لە ناخی مرۆڤەکان دا، هەر کەسێکیش وڵاتەکەی خۆش نەوێت، ئەوا پێچەوانەی فیترەتی خۆی دەکات. نیشتیمان دڵسۆزیی و وەفا و قوربانی و گیان فیداییە بۆی.
ئای نیشتیمان چەند ئازیزە لە دڵی جوامێران، هیچ شتێك لە دونیا بە وێنەی خاکی نیشتیمان جوان نییە، خۆشەویستی وڵات شانازی و گەورەییە بۆ هەموو خەڵکەکانی نێوی، بۆیە پێویستە لە سەرمان بە هەموو هێزێکمان بەرگری و پارێزگاری لێ بکەین و، بیپارێزین، چونکە لە دوای پەروەردگار هەر ئەوە دەمانپارێزێت، پێویستە ڕێزی بەخشینەکانی لە هێمنی و ئاسایشی بگرین دوای پەروەردگار.
هەڵوێستێك لە سۆزی نیشتیمان:
سوڵتانی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) زۆر بە سۆز بوو بۆ مەککەی مەزن، دوای ئەوەی تیایدا سزا دراو لێی دەربەدەر کرا، بە دایك و باوکەوە بە قوربانت بم، ئەمە بۆ

هەموو ئومەتی ئیسلامی دەچەسپێنێ، کە خیانەت لەو زەوییە نەکەن کە پێی گەیاندوویت و، گەورەی کردوویت دوای پەروەردگار، هەربۆیە... لەسەر هەموو تاکێکی موسڵمان پێویستە دڵسۆز بێت بۆ پەروەردگار، دواتر دڵسۆز بێت بۆ کار بە دەستانی دڵسۆز و دینداری نیشتیمانەکەی، کە هەوڵ بۆ خزمەت کردنی نیشتیمانەکەی دەدات، بە مەرجێك سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی پەروەردگاری تێدا نەبێت.

نامەیەك بۆ نیشتیمانەکەم:

وڵاتەکەم شوێنی ماڵی پەروەردگار- سعوودیە-، پەروەردگار ڕێزی لێ گرتووە.

ئەی وڵاتەکەم، نیشتەجێی دڵان.

تەنیا تۆ خۆشەویستیت دەمێنێتەوە، تەنیا تۆی کە خۆشمان دەوێیت.

هەر جارێك سۆزم بۆت زیاتر دەبێت، خاکەکەت لە باوەش دەگرم، بەو جۆرە وا دەزانم باپیرم لە باوەش گرتووە، باوکم لە باوەش گرتووە، خۆم ئارام کردۆتەوە، ژیانی خۆم جوانتر کردووە.

وڵاتەکەم.

ئەی خاکی ڕێزوشکۆ، دوژمنەکانت تێك دەشکێنم، ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە دەبمەوە، کە دەست درێژیت بۆ دەکەن.

## گەڕەکی باوەڕ

چەند جوانە دڵتەنگ بیت، دواتـر بڵێیـت پـەروەردگارێك هەیـە دەردەکانم سارێژ دەکات.
لێرەدا سەرچاوەی بڕوا و متمانە بە پەروەردگار هەڵدەقوڵێت، چونکە متمانە و باوەڕێکی تەواو بە هەبوونی دروستکەری ئەم گەردوونە دەکەیت.
ئەوە باوەڕ و پێناسەکەیەتی.
*چۆن باوەڕم بە پەروەردگار بەهێز بکەم؟!
ئاسانە، چارەسەرەکە لـە دەستی خۆتـە. گوێڕایـەڵیت بـۆ پـەروەردگار زیـاد بکـە و، حەرامـەکان کـەم بکـەوە، دڵنیـایی پەروەردگار لە خەلوەدا بە دەست دەهێنیت، لەبەر ئەوەی خـەلوە هۆکـارە بـۆ موناجـاتی ئـەو و بیرکرنـەوە لـە دروستکراوەکانی، کاتێك بیر لە دروستکراوەکانی دەکەیتەوە، باوەڕت بە پەروەردگارت زیاد بکات.
*********************************



Scanned with CamScanner

## پرسیارە قوڵەکانی شەیتان!

* چۆن ئاسمان بە بێ ڕاگر بەرز بۆتەوە؟
دەبێت لێرەدا دروستکەرێکی گەورە و هەڵسوڕێنەر هەبێت، هیچ کەس ناتوانێ کارێکی لەو شێوە ئیعجازییە بکات.
* وەڵامێك بۆ فەلسەفەی مولحیدەکان:
پ: بۆچی پەروەردگار نابینین؟
و: ئەگەر ئێوە داوای بینینی پەروەردگار دەکەن، ئەو کاتە تاقیکردنەوەکە مانای چییە؟
ئەو شتانەی چاو دەیانبینێت دەبێتە وەسف کراوی خود، سنووری توانای دیاریکراو، بەو شێوەیە دەبێتە دیدگای چاوەکان، بۆیە پرسیاری مولحیدەکان بێگومان بەسەریاندا دەدرێتەوە.
تەنیا بینینی پەروەردگار لە دونیا سەردەکێشێ بۆ ئیلحاد، چونکە چاو بینراوەکان دەبینێ و دیار و سنووورداری دەکات لە هەموو لایەکانەوە، بێگومان ئەوەش ئەستەمە بۆ پەروەردگار کە ئەو زاتەیە خۆی بینراوەکان دەبینێت، بەڵام مەحاڵە بینینەکان پەی پێ ببەن.
بەڵام لە ڕۆژی دوایی دا.



Scanned with CamScanner

بە تێڕوانینێکی تر پێی دەگەین و چاوەکان تیژ بین دەبن و، درك دەکەین بەو شتانەی ئێستا ناتوانین درکیان پێ بکەین، لەبەرئەوەی پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ لَّقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ ﴾ ق: ٢٢.

واتە: سوێند بەپەروەردگار بەڕاستی تۆ لەم بەسەرهاتانە بێ ئاگابوویت و گوێی خۆتت لێ خەواندبوو، ئێستا ئێمە پەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوەو هەموو شتێك وەکو خۆی دەبینیت و ئەمڕۆ چاوەکانت تیژە.

هەر بۆیە پرسیاری مولحیدەکان هەڵەیە هەرچەندە مەبەستیان ئەمەش بێت:

*بۆچی پەروەردگار یەقینی پێ نەبەخشیووین سەبارەت بە بوونی خۆی؟

وەڵامی ئەو پرسیارە: ئەو دەزانێت ئەم دونیایە چۆنە؟ بونمان لە دونیادا بونێکی تاقیکردنەوەییە، تاقی دەکرێینەوە تێیدا، بۆیە پەروەردگار کاتێ درووستی کردوین، عەقڵێکی سەرکەشی پێبەخشیووین، لەو عەقڵەدا غەریزەی دیاریکراوی پێداوین، ئەویش پێداگریە لەسەر ئەوەی شتی نەبوو هیچ شتێك دروست ناکات و دەبێت ڕوونکردنەوەی هەبێت، هەر

بۆیە پێویستە گەردوون دورستکەرێکی گەورەی هەبێت، پەروەردگار بە هەبوونی ئەو بەڵگانە لێمان ناگەڕێت، بەڵکو پێغەمبەرانیشی ناردووە کە پاڵپشت کراون بە موعجیزە و مۆژدەکان، بەڵکو هەر بەوەش نەوەستاوە، هەروەرها جیاوازی نێوان پێغەمبەرێکی ڕاستگۆ و، کەسێکیش بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات وەك موسەیلەمەی درۆزن بۆی ڕوون کردوینەتەوە.

*بۆچی پەروەردگار ڕاوێژی پێ نەکردووین پێش ئەوەی دروستمان بکات؟

ئایا بۆ مرۆڤ نییە ژیان هەڵبژێرێ لەگەڵ نەبوون؟

و: ئەو پرسیارە زۆر دژیەکە.

یەکەم: بۆ ئەوەی ڕاوێژمان پێ بکات پێویستە لە بنەڕەتدا بوونمان هەبێت، مادام ئێستاش هەین کەوایە پێویست بە ڕاوێژ ناکات، لەبەرئەوەی ئامانج لە ڕاوێژ، بەدی هاتن بێت ئەوە لە بنەڕەتدا بووە بە ڕاستی.

دووەم: ڕاوێژکردن تەنیا دروستکراو پێویستی پێیەتی، چونکە دروستکراو کەموکووڕیی هەیە لە زانست، ئەوەش دژی پەروەردگاری پاك و بێگەرد و بێ کەموکووڕییە، دروستکەر پێویستی بە کەس نییە ڕاوێژی پێ بکات، پەروەردگار هەر



Scanned with CamScanner

خۆی زانایە بە هەموو شتێك، خۆشی دیاری دەکات کێی دەوێ و چی دەوێ و چۆنی دەوێت.

سێیەم: منداڵێك بە باوکی گوت: تۆ ستەمکاری! منت هێنا دونیا بێ ئەوەی ئیزنم لێ وەرگریت! مافی منە کاتێك لە دایك بووم، هەڵبژێرم لەنێوان مانەوەم لای ئێوە، یان چونەوە بۆ ناو ڕەحمی دایکم! دەزانی ئەگەر منداڵ ئەم قسەیە بە باوکی بڵێت، ئەوا منداڵەکە بە دڵنیایەوە شێتە.

چوارەم: سەرپشك بوون لە دونیادا لەنێوان گوێڕایەڵی و سەرپێچی هەیە، ئەوەش بەسە بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەو ستەمەی ئەوان باسی دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە سەرپشك کراوین لە هەڵبژاردنی نێوان خێر و شەڕ، ئەگەر مولحیدەکان هەر لاملیان کرد بۆ هەڵبژاردنیان لەنێوان ژیان و مردن هەیە؟ ئەوا پێی دەڵێین دەی بمرە! یان ئەوەیە لە ئاگری دۆزەخ دەترسیت؟!

پێنجەم: پەروەردگار بەندەی بۆ پەرستنی خۆی دروست کردووە، ئەگەر مولحیدەکە گوتی: من نەبوون هەڵدەبژێرم لە جیاتی عیبادەت! ئایا ئەو هەڵبژاردنە ناشرین و قێزەون نییە؟!

شەشەم: هاتنی مرۆڤ بۆ ئەم دونیایە هەڵبژاردنی خۆی نییە، بەڵام کردارەکانی بە دەست خۆیەتی، لە تەواوی کەماڵی



Scanned with CamScanner

پــەروەردگارە کــە وای کــردووە خێــر و شــەڕ بەدەســت مرۆڤەکانــە، ئــەرێ ســتەمی پــەروەردگار لــەکوێ دایــە؟!

***********************************



Scanned with CamScanner

## وەستانێك دژی مولحیدەکان

ئەم کتێبە لەناکاو وشەکانی کۆبونەوە و بوون بە کتێبێك.
ناچێتە عەقڵەوە! چونکە پێویستە نوسەرێك هەبێت بۆ ئەم کتێبە.
هەر بەو شێوەیە بۆ گەردوونیش پێویستە دروستکەرێك هەبێت.
دەڵێن: بوونی گەردوون بە هۆکاری تەقینەوە بووە.
ئینجا فەوزایەك درووست بووە.
ئەریّ فەوزا بەمشێوە رێکوپێکە دەبێت؟
رۆژ لە کاتی دیاریکراو هەڵدێت و، لە کاتی دیاریکراو ئاوا دەبێت.
دروستکراوان لە (ئەسپ و مەیموون و پشیلە، بە فەوزا هاتوونەتە بوون!).
فەوزایەکی چەندە رێکە.
ئەمە زۆر پێکەنیناوییە.
نوسەری ئینگلیزی کولن ویلسن لە کتێبێك گوتوویەتی:
(ئێستا کاتژمێر سێی شەوە، لە نووسینی ئەو وتارە تەواو بووم کە بوونی پەروەردگار رەت دەکاتەوە، کاتێك چووم



Scanned with CamScanner

بخەوم نەمتوانی چراکە بکوژێنمەوە لە ترسی ئەوەی پەروەردگار شتێکم بەسەر بێنێت)

***********************************



Scanned with CamScanner

## سوودەکانی باوەڕ بوون بە پەروەردگار

١- دڵنیایی.

٢- سەرکەوتن.

٣- زویندوویی ویژدان.

٤- سەرکەوتن لە دونیا و قیامەت.

٥- لاچوونی ناڕەحەتییەکان.

٦- ئاسانی قبوڵ کردنی کرداری چاکە.

٧- بوێری لە هەموو شتێك.

٨- بەدەست هێنانی شکۆ.

٩- بەدەست هێنانی شەفاعەتی حەزرەتی ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت).

١٠- ئیلهام وەرگرتن.

پەروەردگار گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١٢٢ ﴾ آل عمران: ١٢٢

واتە: دەبا ئیمانداران هەر پشت بە پەروەردگار ببەستن.

لە کۆتاییدا: بزانە ئەگەر هێزی داواکردنی پێویستییەکانت لە پەروەردگار بە دەست هێنا، نەك لە خەڵك، ئەوا هەموو



Scanned with CamScanner

دەرگاکـانی بەختـەوریت بـەڕوودا دەکرێنـەوە، لـە زەوی و ئاسمان پلەو پایەیەکی بەرزت دەبێت.

**********************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی ئارامگری

کاتێك چاوەڕوانی دەروێکی پەروەردگار دەکەیت، پاشان ڕۆژانێك و مانگانێك و ساڵانێکی درێژ چاوەڕوان دەبیت، دواتر پەروەردگار دەرگای ڕەحمەتی خۆی لێت دەکاتەوە و ناڕەحەتییەکان لادەچن، ئەو کات لەگەڵیدا پاداشتێکی زۆر گەورە و خۆشییەکی زۆر بە دەست دێنیت.

لێرەدا هەست بە جوانی دونیا دەکەی، پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ فَصَبۡرٞ جَمِيلٞۖ وَٱللَّهُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ١٨ ﴾ يوسف: ١٨

واتە: چارم تەنیا خۆگریی و ئارام گرتنە بەجوانترین شێوە، هەر پەروەردگارش داوای کۆمەکی لێدەکرێت.

عومەری کوڕی خەتاب (پەروەردگاری لێ ڕازی بێت) دەڵێت: خێری ژیانمان لە ئارامگری دۆزییەوە.

هەموو کات گەشبین بە، لەبەر ئەوەی خێرێکی گەورە لەدواوەی ئارامگری هەیە.

پەروەردگاری گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ ﴾ البقرة: ٢١٦



Scanned with CamScanner

واتە: لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت.

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۞ ﴾

الشرح: ٦

واتە: بە دڵنیایی دوای هەموو ناخۆشییەک خۆشییە.

سروشتی دونیا پڕە لە ئێش و ئازار و ترس و خەم، بەڵام پێویستە بزانین هەموو ئەمانە تێدەپەڕن بە ئیزنی پەروەردگاری میهرەبان، ئەوانەی ئارامیان گرت ئەوانە سەرفرازن... دەزانی بۆ؟!

لەبەر ئەوەی پەروەردگار سەلاوات لەسەر ئارامگران دەدات، هەروەک دەفەرمووێت: ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ۞ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓا۟ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ۞ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ۞ ﴾

البقرة ١٥٥ – ١٥٧



Scanned with CamScanner

واتە: سوێند بەپەروەردگار تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێك لە ترس و بیم و برسێتی و کەم بوونی ماڵ و سامان و مردنی کەس و کارو تیاچوونی بەرو بوومی کشتوکاڵ، جا مژدە بدە بەو کەسانەی خۆگرو ئارامگرن.

کە ئەوانەن هەر کاتێك تووشی بەڵاو ناخۆشیەك دەبن دەڵێن: ئێمە موڵکی پەروەردگارین و هەرچی هەمانە بەخششی پەروەردگاریە، سەر ئەنجامیش تەنها هەر بۆ لای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان.

ئا ئەوانە چەندەها ستایش و ڕەحمەت و میهرەبانی هەر بەسەر ئەواندا دەبارێت لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو کەسانەن ڕێبازی هیدایەتیان وەرگرتووە.

موسڵمانی چاك ئەوەیە کە لەسەر تاقیکردنەوە ئارام بگرێت و سوپاسی پەروەردگار بکات لەسەر نیعمەتەکان، ئارامگر بە و سوپاسگوزار بە هەموو کات سەرکەوتوو و سەرفراز دەبی.

ئەیوب (علیە السلام).

ئەیوب (علیە السلام) قوتابخانەیەکی مەزنە بۆ فێرکردنی ئارامگری.

لەو پێغەمبەرە مەزنەوە زانراوە کە ماڵ و منداڵ و هاوسەری زۆری هەبووە، هەروەها پیاوێکی خاوەن دەسەڵات و ڕێز بوو، پەروەردگار ڕێزی گرت و کردیە پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرە ڕێز

لێ گیراوەکان، لە شەو و ڕۆژێکدا هەموو ماڵ و سەروەت سامان و هاوسەرەکانی لە دەستدا، تەنیا هاوسەرێك نەبێت، تاقیکردنەوەکە بەمە نەوەستا، بەڵکو توشی نەخۆشیەکی زۆر قورسیش بوو چارەسەری نەبوو، گەلەکەی تووشی سەرسووڕمان و ترسێکی زۆر بوون لەوەی توش بێن بەو نەخۆشیە، ناچار لەنێو خۆیان دەریان کرد، بویە چووە نێو خێمەیەك لە ناوەڕاستی بیابان، نەخۆشی زۆری ماندوو کرد برین لە هەموو شوێنێکی جەستەی دەرکەوت، دوور لە هەموو خەڵك دەژیا، وای زانی توشی نەخۆشی جدری بوو، گوتراوە خراپتر لە جدری بووە. ئەیوب (علیە السلام) چەندین ساڵ لەسەر ئەم حاڵە مایەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان هاوسەرەکەی لەلای سەری دانیشت بوو دەگریا، ئەیوب لە هۆکاری گریانەکەی پرسی، گوتی: یادی ڕۆژانی خۆشی و ئاسوودەیی ئەوسا و جیاوازییەکەی لەگەڵ بارودۆخی ئێستایان دەکاتەوە.

ئەیوب پێی گوت: لەسەر ئەم بارودۆخە ئارام بگرە.

چەندین ساڵ لەسەر جێگاکەی ئەودیو و ئەودیوی دەکرد و، ئارامی گرت و وای دادەنا کە ناڕەحەتییەکەی لای پەروەردگارە، چێژی لە زیکری پەروەردگار دەبینی، چاو بە گریان بوو، بیری ڕابردووی دەکرد، باوەڕی بە میهرەبانی پەروەردگار لە دەست نەدا، ڕۆژێك دوو پیاو بەلایدا تێپەڕین،



Scanned with CamScanner

کاتێك یەکێکییان تەماشای ئەیوبی کرد گوتی: گومانم وایە پەروەردگار ئەیوبی تاقیکردۆتەوە بەهۆی تاوانێك کە کەس نایزانێت تەنیا خۆی نەبێت، کاتێ ئەیوب گوێی لەو قسەیە بوو

دەستەکانی بەرز کردەوە و گوتی: ﴿ وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَسَّنِىَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ۝٨٣ ﴾ الأنبياء: ٨٣

واتە: یادی – ئەیوب– یش بکە کاتێك هاناو هاواری بۆ پەروەردگاری برد (دوای ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژ نەخۆش کەوتبوو، جگە لەوە پێشتریش ماڵ و سامان ومنداڵەکانی تیاچوو بوون) وتی: پەروەردگارا، بەڕاستی من ئازارو ناخۆشیم تووش بووە، تۆش لە هەموو کەس میهرەبانترو لە هەموو کەس دلۆڤانتریت.

کاتێك پەروەردگار ئەوی بینی کە چاوەکانی فرمیسك دەڕێژن و، دەستەکانی بە نزاوە بەرز کردونەتەوە و، زمانی سوپاسگوزارە و، سەری لە رکوع و سوجدە دایە، ئەو کاتە نزاکەی دەرگاکانی ئاسمانی هەژاند، پەروەردگاری گەورە بە هانای پێغەمبەرەکەی هاتوو و، ماڵ و سەروەت و سامان و خێزانی بۆ گێڕایەوە، هەروەك دەفەرموێت: ﴿ فَٱسْتَجَبْنَا



Scanned with CamScanner

﴿... لَهُۥ فَكَشَفۡنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرّٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰبِدِينَ ٨٤﴾

الأنبياء: ٨٤

واتە: جا ئێمە نزامـان گیراکـردو بەهاواریـەوە چووین وهـەموو ناخۆشـی و نەخۆشـیەکمان لـە کۆڵ کـردەوە، هـەموو مـاڵ و منـداڵیمان پێبەخشـیوە و ئەوەنـدەی تـریش لەگەڵیانـدا (دەکرێـت پـەروەردگاری گـەورە هـەر هـەمان مـاڵ و منداڵی پێشـووی بـۆ زینـدوو کردبێتـەوە، یـاخود نـەوەی نـوێی پێبەخشـیبێت)، ئـەوە ڕەحمـەتێکی تایبـەتی بـوو لـە لایـەن ئێمەوە، یادا وەریشـە بـۆ بەنـدە پەروەردگارپەرستەکان (کـە ئەگـەر ئـەوانیش تووشـی بـەڵاو ناخۆشـی بـوون وەك ئـەم، لەوەودوا نزایان کرد، پەروەردگاری میهرەبان بە هاناو هاواری ئەوانیشـــــــــــەوە دەچـــــــــــێت)

***********************************



Scanned with CamScanner

## سودەکانی ئارامگری

١ـ سەلاوات و ڕەحمەتی پەروەردگار لەسەر ئارامگرانە، پەروەردگاری دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ١٥٦ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٌ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ١٥٧ ﴾ البقرة: ١٥٦ ــ ١٥٧

واتە: کە ئەوانەن هەر کاتێك تووشی بەڵاو ناخۆشیەك دەبن دەڵێن: ئێمە موڵکی پەروەردگارین و هەرچی هەمانە بەخششی پەروەردگاریە، سەر ئەنجامیش تەنها هەر بۆ لای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان. ئا ئەوانە چەندەها ستایش و ڕەحمەت و میهرەبانی هەر بەسەر ئەواندا دەبارێت لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو کەسانەن ڕێبازی هیدایەتیان وەرگرتووە.

٢ـ بەڵگەیە لەسەر گومانی چاك بە پەروەردگار.

٣ـ بەڵگەیە لەسەر ڕەزامەندی پەروەردگارە لە بەندە.

بۆنخۆشی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (کەسێك پەروەردگار چاکەی پێبدات، ئەوا توشی نارەحەتی دەکات).

٤ـ سڕینەوەی تاوانەکان.

بۆنخۆشـی دڵـان (سـەلامی پـەروەردگاری لەسـەر بێـت) دەفەرمووێت: (موسڵمان توشی هەر ناڕەحەتییەك و خەم و خەفەتێك نابێت، ئیللا پەروەردگار تاوانەکانی دەسڕێتەوە).

٥ـ بەڵگەی بەهێزی ئیمانە.

پێغەمبەر (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (سەرم سوڕماوە لەکاری ئیماندار، کارەکانی هەمووی خێرە، ئەوەش بۆ کەس نییە، تەنیا بۆ بڕوادار نەبێت، ئەگەر لە خۆشیدا بوو سوپاسگوزارە. ئەوەش خێرە بۆی، هەروەها ئەگەر توشی ناڕەحەتی بوو، ئارام دەگرێت. ئەوەش هەر خێرە بۆی).

عەلی کوڕی ئەبو تالیب (پەروەردگار لێی ڕازی بێت) لە بەیتە شیعرێك کە دراوەتە پاڵی دەڵێت:

ئارامبگرە لەسەر ئێش و ئازاری بەرەبەیان

لە کاتی خۆشی و گوێڕایەڵی لە بەیانیان زوو

من لەو ڕۆژگاردا ئەزمونم وەرگرت

لە ئارامگریدا پاشەڕۆژی چاك هەیە

لەکاتی مەینەتییدا بە ئازارت بڵێ:

(هاوڕێیەتی ئارامگری، تەنیا پاداشتی سەرفرازییە)

**********************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی جوامێری

جوامێری سیفەتێکی ڕێزلێگیراو و مەردانەیە، خود پێی جوان و شکۆمەند دەبێت و، لە زەلیلی بە دوور دەبێت.

جوامێری لە گرنگترین سیفەتی عەرەبەکانە، هەروەها لە گەورەترن ڕەوشتی ئیسلام و موسڵمانانە.

پەروەردگار جوامێری خۆشدەوێ، وەك چۆن نازدارمان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) پێی ڕاگەیاندووین و فەرموویەتی: (ئایا نەتزانیوە پەروەردگار لێبوردیی خۆشدەوێ ئەگەر لەسەر دەنکە خورمایەکیش بێت، هەروەها جوامێریشی خۆش دەوێت، ئەگەر لەسەر کوشتنی مارێکیش بێت).

عەرەب دەڵێن: (جوامێری پارێزراوییە، ترسنۆکیش بکوژە).

بۆنخۆشی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) جوامێرترینی خەلك بووە، وەك چۆن ئەنەس (پەروەردگاری لێ ڕازی بێت) پێی ڕاگەیاندووین و دەڵێت: (حەزرەتی خۆشەویست باشترین کەس بووە، بەخشندەترینی خەڵك بووە، جوامێرترینی نێو خەڵك بووە).

جوامێری شکۆمەندییە و تەمبەڵیش زەلیلییە، شکۆمەندی ئەوەندەی بەسە هەموو کەس داوای دەکات و، زەلیلیش



Scanned with CamScanner

هەمووان ڕووی لێ وەردەگێڕن، لەوانەیە پیاوێکی لاواز ببینی بەڵام بوێرە لەهەموو شتێك، جوامێری تەنیا ڕووکەش و قەبارەی مرۆڤ نییە، لەوانەیە کەسێکی لاواز ببینیت، بەڵام جوامێرە لە هەموو شتێکدا. هەروەکو شاعیرێکی عەرەب ئەوەی ڕوونکردۆتەوە و دەڵێت:

(پیاوێکی لاواز دەبینی و گاڵتەی پێ دەکەیت.
بەڵام لەنێو جلەکانی شێرێکی بەهێز هەیە،
هەروەها پیاوێکی بە هەیبەت ببینیت، سەرسامت بکات
بەڵام ئەو گومانەی پێ دەبەیت، هەڵە دەردەچێت
حوشتر چەندە گەورەیە، بەڵام بێ عەقڵە
بۆیە ئەو گەورەیەی کەڵکی بۆ ئەو نییە).

لەتایبەتمەندیەکانی جوامێری ئەوەیە، وات لێ دەکات قسە حەق بکەیت، بێ ئەوەی لە کەس بترسیت تەنیا پەروەردگار نەبێت، وەك ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرموویت: (ڕاستی بڵێ ئەگەر تاڵیش بێت)

پێویستە مرۆڤ فێری جوامێری ببێت، دواتر هێزەکەی لە ناخییەوە هەڵقوڵێت، نەوەك کاتێك لای کۆمەڵێك هاوڕێ و خەڵکە. جوامێری ڕاستەقینە بریتییە لە جوامێری شاراوەی ناخت، بەمەش هەست بە متمانە بەخۆبوون دەکەیت، بێ ئەوەی لە پشتەوە کەسیتر بپارێزیت.



Scanned with CamScanner

## ((وەستانێک))

ئەگەر پێت بڵێن دوو کەس لەسەر مێشوولەیەک یەکترییان کوشتووە، بە دڵنیاییەوە گاڵتەیان پێدەکەیت، ئەی چۆن گاڵتەت نایەت کاتێ هەموو خەڵکی لەسەر دونیا یەکتر دەکوژن، ئەو دونیایەیی نرخی باڵێک مێشوولەی نییە، بۆیە توانات لە جەنگێک بەفیڕۆ مەدە کە شایەنی نییە، ئەگەر خەڵك لەسەر دونیا کێبڕکێیان لەگەڵ کردیت، بۆ ئەوانی جێبهێڵە، ئەگەر لەسەر قیامەت کێبڕکێیان کردیت، تۆ پێشیان کەوە و لێیان ببەوە، پەروەردگار دونیا دەبەخشێتە ئەو کەسەی خۆشی بوێت و خۆشی نەوێت، بەڵام بەهەشت تەنیا دەبەخشێتە کەسێك کە خۆشی بوێت.

***********************************



Scanned with CamScanner

## دەربارەی جوامێری گوتراوە

(هەموو مرۆڤێك دەریاوانە لە دەریایەکی هێمن دا)

گوتراوە:

(باشترە جارێك ڕووبەڕوی مەترسیەك ببیتەوە، لەبری ئەوەی بەردەوام لەناو ترس و دڵەڕواکێیدا بیت).

عەلی کوڕی ئەبو تالیب (پەروەردگار لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (ئەگەر هیمەتی کارێکت کرد، بە تەواوی بڕۆ نێویەوە)، واتای قسەکەی حەزرەتی عەلی ئەوەیە: ئەگەر لە هەر کارێك ترسای ڕووبەڕوی ببەوە و کاری لەسەر بکە، نمونە ئەگەر لە مەلەکردن ترسایت، دەزانی چۆن فێر دەبیت، جارێك، دوو جار، سێ جار مەلە بکە، ترست لێ نامێنێت ان شاءالله بە مەرجێك پشت بە پەروەردگار ببەستیت و، هۆکارەکانیش بگریتە بەر، تەنانەت لە شوێنە بڵندەکانیش مەترسە، خۆت ڕابێنە لەسەر ڕووبەڕوو بوونەوەی، تۆ خاوەن هێزێکی گەورەیت، ئەویش جوامێرییە.

**جوامێری عومەری فاروق (پەروەردگار لێی ڕازی بێت)**

کاتێك موسڵمانان دەستیان کردن بە کۆچکردن بەرەو مەدینەی منەوەرە، بە نهێنی کۆچیان دەکرد لە ترسی بێباوەڕانی قوڕەیش و ئازاردانیان ئەگەر ئاگادار بووان کە



Scanned with CamScanner

موسڵمانان کۆچ دەکەن، بەڵام عومەری کوڕی خەتاب بەهۆی ئەو جوامێریەیی هەیبوو، گەورە و سەردارانی قورەیش لێی دەترسان، شمشێرەکەی هەڵگرت و چوویە لایان، تەوافی کەعبەی پیرۆزی کرد و، پاشان بە پیاوارەکانی گوت: (کێ دەیەوێ دایکی ڕۆڵەڕۆی بۆ بکات و، منداڵی هەتیو ببێ و، خێزانی بێوەژن بێت، با بێتە دواوەی ئەو دۆڵە)، بەڵام یەک پیاوەڕیش جوامێری ئەوەی نەبوو دوای بکەوێت، یان ڕێگری لە عومەر بکات.

**(فێربووم بوێری نەمانی ترس نییە، بەڵکو زاڵ بوونە بەسەریدا)**

نیلسۆن ماندێلا

**چۆن متمانەبوونی کەسەکان بە خودی خۆیان دەناسیت؟**

- هەمیشە گومانی باش دەبات.
- لە کاتی ڕەخنەگرتن بە خێرایی وەڵام ناداتەوە و بە خێرایی بەرگری ناکات.
- سواڵی سۆز و خۆشەویستی ناکایت.
- بە گوتەی (نا) دڵگران نابیت.
- داوای لێبوردن ناکات لەوەی شایەن نییە.
- بە چاو پەیوەندی بە کەسانی تر دەکات.



Scanned with CamScanner

ـ دوو دڵ نییە لە بڕیاردان.

ـ لە کاتی هەڵە ڕاستەوخۆ داوای لێبووردن دەکات.

ـ دوو دڵ نییە لە ستایش کردنی کەسانی دەوروبەری.

***********************************



Scanned with CamScanner

## لە سوودەکانی جوامێری

١- هۆکارە بۆ فراوان بوونی دڵ.

ئیبن قەییم دەڵێت: (جوامێری دڵ فراوان دەکات).

٢- جوامێری بنەڕەتی شتە چاکەکانە.

هەرکەس بە جوامێری وەسف کرا، ئەوا ئارامگری و چەسپاوی و هیمەت بەرزی و ئەرمونیانی و ڕێزوشکۆی تێدا کۆبۆتەوە.

٣- کەسانی جوامێر، گومانی باش بە پەروەردگار دەبەن.

هەمیشە لەنێو کەسانی ترسنۆک دا، گومانی خراپ بە پەروەردگار و ڕەشبینی دەبینیت، پەروەردگاری گەورە لە سورەتی ئەحزاب لە ئایەتی ١٦ دەفەرمووێت: ﴿ قُل لَّن يَنفَعَكُمُ ٱلْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ ٱلْمَوْتِ أَوِ ٱلْقَتْلِ وَإِذًا لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلًا ١٦ ﴾ الأحزاب: ١٦

واتە: پێیان بڵێ: (ئەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم) هەرگیز ڕاکردن، سوودبەخش نابێت بۆتان ئەگەر هەڵبێن لە مردن، یان لەکوشتن، ئەوسا تەنها کەمێك نەبێت دواناخرێن و ڕابواردن و ژیانتان زۆر کەمووکۆتایە.

***********************************



Scanned with CamScanner

## ٣ ئامۆژگاری بۆ ئەوەی جوامێر بیت

**یەکەم:** دان بە ترسەکانت بنێ.

لەسەر خۆتی قورس مەکە، دان بە ترسەکەتدا بنێ، بۆ ئەوەی بتوانی بەسەریدا زاڵ بیت. خودی خۆت وەك ئەوەی هەیت قبوڵ بکە، ئیدی لە بێدەنگی بوەستە، ئەوە یەکەم خاڵی هەنگاونانە بەرەو جوامێری.

**دووەم:** عاشقی خۆت بە:

جوامێر نابیت تاوەکو عاشقی خۆت نەبیت، گرنگ ئەوەیە خۆتت خۆشبووێت، داواکارییە کەسییەکانی خۆت بکە بە یەکەمینەکان بۆ جێ بەجێ کردنیان، لێبوردە بە لەگەڵ خودی خۆت، بە مێشکی ئاسودەوە بخەوە، ئەوەی حەزی لێ دەکەیت بیپۆشە، ئەوەی حەزی لێ دەکەیت بیخۆ، جگە لەو شتانەی پەروەردگار حەرامی کردوون.

**سێیەم:** بزانە هێزە بێ کۆتاییەکەت لە کوێ سەرچاوە دەگرێت.

سەیری خۆت بکە بزانە لەچ شتێکدا داهێنەری، بۆخەڵکی دەربخە.

خوشك و برایانم، بزانن ئێوە ئەندازەیەکی زۆرتان هەیە لە هێز و، کاریگەری تەواوتان لەسەر جیهان هەیە، ئەرکێکی بچووکی



Scanned with CamScanner

وەکو گفتوگۆ لەگەڵ خەڵك، دەتوانێ ڕۆژەکەیان پڕ بکەیت لە خۆشی، بەپێچەوانەشەوە دەکرێت هەندێك ڕەفتاری نەرێنیت هۆکاری ناڕەحەتی کەسانی تر بێت. تۆ پێویستت بە سامانی زۆر یان جوانی نییە تاوەکو ببیتە کەسێکی کاریگەر لە جیهان.

تۆ هێزێکی بێ سنوور و، توانایەکی وەها هەیە، نە باوەڕی پێدەکەی و نە پێشبینیش دەکەیت، بەڵام سەرەتا پێویستە بیناسیت، ئینجا ئەو هێزە دەتوەستێنێت و سەرت بەرزدەکاتەوە لە کاتی پێویستی، تاکو بەرگری لە خۆت و کەسانی تر بکەیت.

*************************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەكی گومانی چاك

گومانی چاك.... ئاسودەیی دڵە.

گومان بریتیە (لە باوەڕی باشتر، بۆ دڵنیایی و گومان بەكار دێت).

ئاینی ئیسلام داوای گومانی باش بردن بە خەڵكی و، دووركەوتنەوە لە گومانی خراپ دەكات پێییان. نهێنی و نییەتەكانی خەڵك هیچ كەس نایزانێت، تەنیا ئەو زاتە نەبێت كە دروستی كردوون، پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱجْتَنِبُوا۟ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ ﴾ الحجرات: ١٢

واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لە ڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناهو تاوانن (بۆیە حەق وایە لە هەموو گومانێك خۆپارێزبین).

بەختەوەرترین كەس ئەو كەسەیە كە گومانی باش بە خەڵك دەبات و، لێكۆڵینەوە لەسەر نییەتەكانیان ناكات، چونكە زۆر ماندووی دەكات و، هیچ چارەسەرێكیش نادۆزێتەوە !



Scanned with CamScanner

بەختەوەر لە دونیا چاوکراوەیە، بەڵام گومانی خراپ نابات، لەم ژیانە هیچ شتێك لە گومانی باش ئاسودەتر و بەختەوەرتر نییە بۆ بەندە، بە گومانی باش مرۆڤ پارێزراو دەبێت لەو ڕاز و دڵەڕاوکێیانەی ئازار بە خود دەگەیەنێت و، بیرکردنەوەکان لێڵ دەکات و، جەستەش ماندوو دەکات.

گومانی باش دڵ بەرەو تەندروستی و سەلامەتی دەبات و، پاڵنەری خۆشەویستی و مۆگریوونە لە نێوان خەڵکانی کۆمەڵگا.

ناکرێ ئافرەتێک یان پیاوێك گومانی باش ببەن، بەڵام لە ناخیاندا فێڵ و خوی خراپ هەبێت! گومانی باش و ئیرەیی و ڕق و قینە بەیەکەوە کۆ نابنەوە، ئازیزمان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (دوور بکەونەوە لە گومانی خراپ، چونکە گومان درۆزنترین گوفتارە، جاسوسی مەکەن، کێبڕکێی لەسەر کاری خراپ مەکەن، ئیرەیی مەبەن، ڕق و قینە لە یەکتری هەڵمەگرن، پشت لە یەکتری مەکەن، بە برایەتی ببنە بەندەی پەروەردگار...) البخاری.

سوڵتانی دڵان (سەلامی خودای لەسەر بێت) هاوەڵانی (خودایان لێ ڕازی بێت) فێری گومانی چاك بردن بە خەڵکی کردوە و، ڕێگری لێ کردوون لە گومانی خراپ بە یەکتر ببەن، ئەمەشی بە کردار بۆ جێ بەجێ کردوون.



Scanned with CamScanner

لە عومەری کوڕی خەتاب (پەروەردگار لێ ڕازی بێت) گێڕدراوەتەوە کە پیاوێک لە سەردەمی نازدار (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) هەبوو، ناوی عەبدوڵا بوو، خۆشەویستی دەخستە پێکەنین، خۆشەویست بەهۆی ئارەق پەروەردگاررردنەوەی، فەرمانی کرد جەڵد لێ بدرێت، ڕۆژێکی تر هێنایانەوە لای دووبارە فەرمانی کرد جەڵدی لێ بدرێت، پیاوێک لەنێو کۆمەڵەکەمان گوتی: (خودایە بە نەعلەتی بکەیت، چەندە زۆر دەیهێنن بۆ جەڵد لێدان) خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرمووی: (بەنەفرەتی مەکەن، سوێند بە پەروەردگار ئەوەی زانیومە ئەو خودا و پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت) البخاری.

هەربۆیە پیاو چاکانی پێشو لەسەر ئەم ڕێبازە ڕۆیشتوون و، بە ڕەفتار و سلوکیان جێ بەجێیان کردووە.

ئەمە ئەبو دوجانەیە (پەروەردگار لێی ڕازی بێت)، لە نەخۆشییەکەی چونە لای، دەموچاوی دەدرەوشایەوە، پێیان گوت: بۆچی دەموچاوت دەدرەوشێتەوە؟ گوتی: هیچ کردارێک لام لە دوو شت چاکتر نەبوو: قسەم لە شتێک نەدەکرد پەیوەندی پێمەوە نەبێت و، دڵیشم بەرانبەر موسڵمانان پاک و سەلامەت بوو).



Scanned with CamScanner

**هۆکارەکانی کەوتنە نێو گومانی خراپ:**

١- گوناه و سەرپێچی فەرمانیپەروەردگار.

٢- شوێن کەوتنی هەوا و ئارەزوو.

٣- کەوتنە ناو شوبوهاتەکان (گوماناوی).

**چارەسەر:**

١- سەیرکردنی ڕواڵەت و جێهشتنی شاراوەکان بۆ پەروەردگار، چونکە تەنیا پەروەردگار نهێنی و شاراوەکان دەزانێت، دەزانێ چی لە دڵەکان شاردراوەتەوە، هەرچی ئاشکرا و شاراوەیە دەیزانێت، ئەوەش لەناو و سیفاتە بەرز و پیرۆزەکانییەتی.

٢- پشت بەستن بە بەڵگە، وشەی نێردراو قبوڵ ناکرێت، بە بێ بەڵگە و ڕوون کردنەوە. ئەمە بنەمایەکە لە بنەما جێگیرەکانی ئیسلام، ئیسلام ئاینی ڕۆشنایی فراوان و، ئاینی بەڵگە یەکلاکەرەوەکانە.

٣- دەست گرتن بە بیانوو هێنانەوە بۆ کەسانی تر، لە کاتی ڕوودانی کارێک یان قسەیەک کە دەبێتە هۆکاری خەم و نارەحەتی بۆ تۆ، هەوڵ بدە بیانوو بهێنیتەوە و، شوێن ئازیزمان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) بکەویت، دواتر



Scanned with CamScanner

شوێنی پیاوچاکان بکەویت، ئەوانەی گومانی چاکیان دەبرد و بیانویـان دەهێنایـەوە، تەنانـەت دەیـانگوت: حـەفتا بیـانو بهێنەوە بۆ براکەت.

ئیبن سیرین گوتوویەتی: ئەگـەر قسـەیەك دەربـارەی براکـەت گەیشتە لات، هەوڵبدە بیـانوی بـۆ بهێنیـەوە، ئەگـەر نـەتزانی بڵێ: ڕەنگە بیانوویەکی هەبێت بۆ کردنی و من نایزانم.

جارێـك لـە ڕێگـای گەڕەکەکـەمان تابلۆیـەکم دۆزییـەوە، ئـەم ڕستە زێڕینەی لەسەر نوسرابوو:

(ئارام بە و پەلە مەکە لە سەرزەنشتی هاوەڵەکەت،

ڕەنگە ئەو بیانوویەکی هەبێت، کەچی تۆش لۆمەی دەکەیت)

*********************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی زەردەخەنە

زەردەخەنە ژیانە! هەتا ئەگەر نەخۆشێك پێبکەنێت ئەوە شیفایە بۆ دڵەکان.

زەردەخەنە مانای زۆری هەیە لە ژیانمان، واتای ڕەزامەندی و پاکی و بەختەوەری و سۆز دەگەیەنێت.

زەردەخەنە هێمای بەختەوەرانە. تووڕەیی هێمای کەسانی سەرسام بە خۆیانە، یان خۆ بەزلزانە.

حەزرەتی محمد (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) گەورەترین پیاو بووە لە مێژوودا، هەمووکات دەم بە زەردەخەنە بووە لەگەڵ هەژاران و کەسانی دیکە.

با لێیەوەی فێر بین، ئەو چاکترین و ڕێزدارترین و سەروەرە لەلای پەروەردگار، پلەی لە هەموومان بەرزترە، کەچی خۆی بە گەورە نەزانی و نەیگوت: من لای پەروەردگار گەورە و مەزنم، با خۆم بەزلبزانم، بەڵکو سادەترین و خاکیترین مرۆڤ بوو.

بەڕێزەکانم زەردەخەنە.

چارەسەری دڵەکانە.

بەڕێزەکانم زەردەخەنە.

خۆراکی خۆشەویستان و، خۆراکە بۆ خۆبەکەمزانین.



Scanned with CamScanner

بەڕێزەکانم زەردەخەنە.

شیفایە بۆ نەخۆشییەکان و ئیرەیی و ڕق و قینە

وات لێ دەکات بە سینگێکی فراوانەوە سەیری خەڵك بکەیت، نەك بە چاوی پیس و ئیرەیی و ڕق.

عەبدوڵای کوڕی حارس (پەروەردگار لێ ڕازی بێت) دەڵێت: (هیچ کەسێکم نەبینیوە هێندەی خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەم بە زەردەخەنە بێت) الترمزی.

جریری کوڕی عەبدوڵا (پەروەردگار لێ رازی بێت) دەڵێت: (لەوکاتەی موسڵمان بووم، خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) هەرکاتێك منی بینیبا، زەردەخەنەی بەرانبەرم دەکرد) مسلم.

پێغەمبەر (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرموێت: (پێکەنینت بەڕووی براکەت خێر و چاکەیە) الترمزی.

دەرخستنی خۆشی و شادی بە زەردەخەنەکانت بۆ برایەکی موسڵمانت کاتێ چاوت پێی کەوت، پاداشتی لەسەر وەردەگریت، وەك چۆن لە بەخشین دا وەری دەگریت.

ئیبن بەتاڵ گوتوویەتی: (زەردەخەنە و ڕووخۆشی، ڕەوشتی پێغەمبەرانە، ڕێگری لە خۆبەزلزانی دەکات، خۆشەویستیش کێش دەکات).

*********************************



Scanned with CamScanner

## دەربارەی زەردەخەنە گوتوویانە:

(مرۆڤ خۆشەویست دەبێت، بە ڕو
ڕێگری لە تورەیی ناکات کەسێك ڕق لەدڵ بێت)

* گوتوویانە: زەردەخەنەی ڕاستەقینە سوودی تەندروستی هەیە، هەندێك لەم سوودانە:

١ـ نزم کردنەوەی ڕێژەی لێدانی دڵ.

٢ـ باشترکردنی میزاجی مرۆڤ.

٣ـ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی هەوڵدان.

٤ـ زیاد بوونی بەرهەم.

٥ـ دورکەوتنەوە لە پەشیمانی.

٦ـ نەمانی ئازار.

٧ـ زیاد بوونی متمانە.

٨ـ هەست کردن بە سۆز و خۆشەویستی.

٩ـ وات لێ دەکات تەمەنت بچووکتر دەربکەوێت.

١٠ـ پاڵپشتی ئامێری بەرگری (المناعە) دەکات.

*********************************



Scanned with CamScanner

## هەمیشە سوپاسی پەروەردگار بکە

ئێمە سوپاسی پەروەردگار لە بیر دەکەین، چونکە بیر لەو نیعمەتانە ناکەینەوە کە پەروەردگار پێی بەخشیووین، هەمیشە شتە نەرێنیەکان دەبینین، سکاڵا دەکەین و شتە ئەرێنیەکان نابینین.

یەکێك دەڵێت: زۆر ئازارم چەشت لەو کاتەی بینیم دوو پێڵاوم نییە، بەڵام سوپاسی پەروەردگارم کرد، کاتێك کەسێکم بینی کە پێیەکانی نەبوو.

**سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان**

**********************************



Scanned with CamScanner

## وەستانێک

دەکرێ هەست بە دڵتەنگی بکەیت لەسەر شتێك. دەکرێ بە کوڵ بگریت کاتێك دەخەویت، بەڵام پەروەردگار ناخەوێت لە هەڵسوڕانی کارەکانت، ئەو لە غەیبدا کارەکانت هەڵدەسوڕێنێت، ئەگەر بتزانیبووایە لە خۆشییان دەستت بە گریان دەکرد.

کاتێك بیر لە ئازارەکانمان دەکەینەوە دەبینین خراپترین ئەو شتانەی بەسەرمان هاتووە بەهۆی خەڵکەوە بووە و، جوانترینی ئەو شتانەی بۆمان بووە بەهۆی پەروەردگارەوە بووە، کەچی هێشتاش لە خەڵك نزیك دەبینەوە و، لە پەروەردگار دووردەکەوینەوە.

***********************************



Scanned with CamScanner

# گەڕەکی زانست

دەربارەی زانست گوتوویانە:

(بە ئاسوودەیی جەستە، زانست بەرهەم نایەت).

(پەروەردگار زانست بە بەختەوەرەکان دەبەخشێت و، خراپەکانیش بێبەش دەکات)

(فێرم بکە چۆن ماسی بگرم، هەموو ڕۆژێک ماسییەکم پێمەدە)

عومەری کوڕی خەتاب (خودا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: (کەسێک گوتی من زانام، بزانن ئەو نەزانە)

(کەسێک داوای پلەی باڵا بکا، پێویستی بە شەونخونی هەیە)

(ببە زانا یان فێرخواز، مەکەوە نێوان ئەو دووانە)

* زانست: درک کردنە بە ڕاستی شتێك.

ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (پێغەمبەران دینار و درهەمێك میراتیان نەبووە، بەڵکو زانست میراتیان بووە)

پەروەردگار ستایشی زانست و زانستخوازان دەکات، هانی بەندەکانی دەدات لەسەر بە دەست هێنانی زانست و زیادکردنی زانست، ئەمەش سوننەتێکی خاوێنە.



Scanned with CamScanner

زانست باشترین کرداری چاکەیە و، گەورەترین پەرستشە،
لەبەر ئەوەی زانست جۆرێکی جیهادە لە پێناو پەروەردگار.

لە ژیانمان شکست بوونی نییە!

پێداگر بە لەسەر شتانێك کە گرنگە بەلاتەوە، زیاتر لە بیانووەکانت.

پێداگر بە لەسەری، شکست ناهێنیت!

بیر لە شتێك بکەوە کەوا گومان دەبەیت هەموو کات شکستی لێ دەهێنیت.

ئێستا خەیاڵ بکە کەسێك چەکێکی لەلابێت، لەسەری کەسێکی ڕادەگرێت کە لە هەموو کەس زیاتر خۆشت دەوێت، پێت دەڵێت ئەگەر لە کاتی دیاریکراو کارەکەت تەواو نەکەیت کە لەسەرت پێویستە بیکەیت، ئەو کەسەی خۆشت دەوێت دەمرێت!

باوەڕم وایە لە دوای ئێستاوە شکست ناهێنیت.

سەیری تەلەفزیۆن ناکەیت، کات بەفیڕۆ نادەیت لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کات بەفیڕۆ نادەیت لە شتی بێسوود.

کێشەکە ئەوەیە تۆ گرنگی تەواو بە کارەکانت نادەیت.

ئەگەر گرنگی تەواوی پێبدەیت، ئەوا شکست ناهێنیت!

بێ زانست لە داهاتوو ئازار دەکێشیت!

بە سادەیی ڕازی مەبە.



Scanned with CamScanner

بە خراپە ڕازی مەبە.

ئەگەر سەرکەوتن و زانستت دەوێت، ئەگەر حەز دەکەی زیاتر بزانی پێویستە گرنگی تەواو بە زانست بدەیت.

پێویستە خۆڕاگر بیت بەرانبەر هەر شکستێك، مەوەستە تا ئەوەی دەتەوێت بە دەستی دێنیت. لە پێناو زانست دا بژی. مەوەستە.

عەقڵ هەموو شتێکە، ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە بە دەستی دەهێنیت، ئەگەر هێزی بیرکردنەوەت بدۆزیتەوە، هەرگیز بە نەرێنی بیر ناکەیتەوە.

ئەو کارەی ئەمڕۆ دەیکەیت، پەروەردگار لە داهاتوو پاداشتت دەداتەوە.

عەقڵت دەتوانێت ڕۆژانە یەك (تێرابایت) زانیاری بگرێتە خۆی. دەتوانێت لە چەند کاتژمێرێکی کەم ٥٠٠ لاپەڕە تەواو بکات.

*بەڵام لە پێناو کردنی ئەو کارانە، پێویستە ئەو ڕێنماییانە پەیڕەو بکەیت:

١ـ بەیانیان زوو هەستە.

٢ـ لە ئێستاوە نابێت تەمبەڵ بیت، ئێستا داهاتووتە.

بێ گاڵتە، لە کاتی فێربوون پێویستە کار بکەیت نابێ یاری بە ئاگر بکەیت، پێویستە کار بکەیت.

دەبێت ئەو واقعە قبوڵ بکەیت، چونکە سوننەتی ژیانە.



Scanned with CamScanner

٣ـ کارەکەت قبوڵ بکە.

بەهرەکانت بۆ جیهان دەربخە.

دەتوانی یان نا؟!

کەس ناتوانێت بتڕوخێنێت، تەنیا پەروەردگار نەبێت.

*********************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی بەرپرسیاریەتی

هەموومان دەمانەوێت ببینە سەرکردە و بوونمان بچەسپێنین و بڕیاری گرنگ بدەین، بەرپرسیاریش بە هەمان شێوەیە، ئەگەر بە شێوەیەکی ئەرێنی لێی بڕوانین ئێمە سەرکردەین هەتا لەگەڵ خودی خۆمانیش بێت.
بڕیار دەردەکەین کە ئاوا و ئاوا دەکەین، ئەگەر پێویستمان پێ بوو پشت بەخۆمان دەبەستین. بەڵام بەداخەوە، ئەو کەسەی پشت بەخەڵك دەبەستێت سەرکردە نییە، بەڵکو لە دوای ئەوانەوەیە، گوێ بۆ بڕیاری سەرکردە و بەرپرسەکان دەگرێت.
گەورەی خۆت بە!
بەیانی ژیانێکی ترت دەبێت ئەویش هاوسەرگیری و منداڵە، پێویستە بوونت بسەلمێنی و بڕیاری دادپەرەرانە بدەیت و، منداڵەکانت پەروەردە بکەیت، چونکە پەروەردگار دەربارەیان لێ پرسینەوەت لەگەڵ دەکات، خۆشەویست (سەلامی خودای لەسەر بێت)دەفەرمووێت: (ئێوە بەرپرسیارن، بەرپرسیاری ئەوانەی ژێر دەستی ئێوەشن).
ئارسەر میلی دەڵێت: (ئەگەر کەسێك گومانی برد کە بەرپرسیاریەتی لەسەر نییە، ئەوا بەدوای ئەگەڕاوە).



Scanned with CamScanner

بەدوای بەرپرسیاریەتیت بگەڕێ و دەستت گیراو مەبە.

ئەگەر دەتەوێت ببیت بە سەرکردە، سەرەتا ببە خاوەن بەرپرسیارییەتی.

*کەی دەڵێیت نا؟

کاتێک داواکارییەکان زۆر بوون، بڵێ نا. کاتێک سەرقاڵی کارکردنی، تۆ بۆ گاڵتە دروست نەکراویت، بەڵکو بۆ ئەوە دروست کراوی چاك بیت و پاڵەوان بیت، پێداگری گەورەت هەیە.

**جۆرەکانی بەرپرسیاریەتی:**

١ـ بەرپرسیاریەتی ئایینی: پابەند بوونی مرۆڤە بە فەرمان و قەدەغەکراوەکانی پەروەردگار.

٢ـ بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی: پابەند بوونی مرۆڤە بە یاسا و ڕێسا و نەریتەکانی کۆمەڵگا.

٣ـ بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی: بریتیە لە پاشماوەی کارەکانی مرۆڤ، بنچینەکەشی ویژدانە.

**سودەکانی بەرپرسیاریەتی:**

١ـ دەتکاتە خاوەنی بەها لە ناو کۆمەڵگا.

٢ـ هەرکاتێك کارێکی بەسوود کرد بەختەوەر دەبیت.

٣ـ متمانەی خەڵك بەدەست دێنیت.

٤ـ دڵسۆزیت پێ دەبەخشێت



Scanned with CamScanner

**چۆن ببمە کەسێکی خاوەن بەرپرسیاریەتی؟**

١ـ کارەکەت خۆش بووێت بەرهەمت چاك دەبێت.

٢ـ ئارامگر بە.

٣ـ بوێر بە.

٤ـ چارسەر بدۆزەوە بۆ حاڵەت و کێشە سەختەکان.

٥ـ تەمبەڵ و تەوەزەل مەبە.

٦ـ پلان دابنێ و ڕێکخستن بکە.

٧ـ گرنگی بەکارەکانت بدە.

٨ـ خۆت سەرقاڵ بکە بەوەی لێی بەرپرسی، هەر کەس سەرقاڵ بوو بە کاری بێ هودە، کارە گرنگەکانی لە دەست دەچێت.

***************************************



Scanned with CamScanner

## وەستانێك

پیاوێکی گەورە لە تەمەنی لاوییدایە.
گەنجێك ئاواتی مەرگ دەخوازێت!
خەڵکەکان کاتێك ئابڕووی کەسەکان لە کەدار دەکرێت، توڕەدەبن، بەڵام کاتێك قسە بە پەروەردگار و دین دەڵێن خەڵکەکە پێدەکەنن!
تەمەنییان ١٣ ساڵە و، دەڵێن خۆشەویستی دەکەین و لە پەیوەندییەکی گەورە دەژین، وەك ئەوەی بزانن خۆشەویستی و پەیوەندی چییە! بەداخەوە زۆربەی کەسەکان وا دەزانن کرانەوەی فیکر، (**نەمانی ڕەوشتە**)!
بە ئاشکرا تاوانکردن بۆتە (**شانازی کردن**)
ئایا ئازیزمان(سەلامی پەروەردگار لەسەر بێت) نەیفەرمووە: (هەموو ئومەتم سەلامەتن، تەنیا ئەوانە نەبن بەئاشکرا تاوان دەکەن).
بۆچی هەموان ڕقیان لەیەکترە؟ لەگەڵ ئەوەی هەموومان دەزانین لە ئایینی پەروەردگار ئێمە برا و یەك دەستین!
بۆچی زۆرینە نییەت بە ڕووخسار دیاری دەکەن؟ لەگەڵ ئەوەی هیچ کەس نییەتی کەس نازانێت تەنیا پەروەردگار نەبێت!



Scanned with CamScanner

بەداخەوە بەڕێزان ئەمە حاڵی زۆربەمانە لەم سەردەمە.

یان ئەوەیە ئێمە حەرامەکانمان بۆ خۆمان حەڵاڵ کردووە !

یا ئێمە باکمان بە بەهەشت نییە !

******************************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی تەوبە

لە جوانترینی گەڕەکەکان.

لە بەڕێزترینی گەڕەکەکان.

کە منی وەستاند!

تەوبە بوو!

پەشیمانی بنەمایەکی جوانە، لەو کاتەی هەست دەکەیت هەڵەت کردووە و خراپەت کردووە بەرامبەر یەکێك.

دەبێت چۆن بێت کاتێت دەگری و پەشیمانی دەردەبڕیت و دەگەڕێیتەوە بۆ لای پەروەردگار، ئەو زاتە پاك و بێگەردەی ئەگەر بە تۆبە و داوای لێخۆشبوونەوە بگەڕێیتەوە بۆ لای، دڵخۆش دەبێت وەك ئەوەی بفەرمووێت:

بەخێر بێی بەندەکەم!

خەڵکی ئەو گەڕەکە دەزانن هیچ کەس شایستەی ژیان نییە بە بێ تۆبەکردن.

* نامەیەك:

ئەگەر دەتەوێت سەرپێچی پەروەردگار بکەیت، لە موڵکێك سەرپێچی بکە کە موڵکی ئەو نەبێت!



Scanned with CamScanner

ئەگەر دەتەوێت سەرپێچی پەروەردگار بکەیت، لە ڕۆزی پەروەردگار مەخۆ!

ئەگەر دەتەوێت سەرپێچی پەروەردگار بکەیت، لە شوێنێك سەرپێچی بکە نەتبینێت!

ئەگەر ویستت سەرپێچی پەروەردگار بکەیت و، فریشتەی مەرگ هاتە لات پێی بڵێ: ڕۆژێك لێم گەڕێ تەوبە بکەم!

ئەگەر ویستت گوناه بکەیت، لە ڕۆژی دوایی لەژێر دەستی پەروەردگار وەستایت، ئەو کات بڵێ: پەروەردگارا سەرپێچی تۆم نەکردووە!

کارەکانمان چەندە سەیرە!

سەرپێچی دەکەین و گوناه دەکەین دواتر تۆبە ناکەین!

کارکانمان چەندە سەیرە!

سەرپێچی پەروەردگار دەکەین و تاوان دەکەین لە زەویەکەیدا، ئەویش دەمانبینێت، ئایا کەمێك شەرم دامان ناگرێت؟!!

مەحاڵە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، لەبەر ئەوەی پەروەردگار خۆی خاوەنی موڵکە، هەموو شتێك بەدەست ئەوە، رزقمان دەدات و بەختەوەرمان دەکات و شوێنمان پێدەبەخشێت، ئەوەی بیەوێت ڕێز و شکۆی پێدەدات ئەوەی بیەوێت زەلیلی دەکات!



Scanned with CamScanner

تەنیا دەمەوێت شەرم بکەین!

یەکێك دەڵێت: ئەگەر کەسێکت بینی تاوان دەکات دڵخۆشە و پێدەکەنێت لەکاتی تاوان

بزانە کە ئەوە دەچێتە دۆزەخ و دەگرییێت!

ئەگەر کەسێکت بینی لەترسی پەروەردگار دەگری، بزانە پەروەردگار دەیخاتە بەهەشت و پێدەکەنێت.

پەروەردگاری دەفەرمووێت: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ الزمر: ٥٣

واتە: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: پەروەردگار دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم.. ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی پەروەردگار، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و دروست بکەن، پەروەردگار لەهەموو گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بێگومان ئەو پەروەردگارە زۆر لێخۆشبوو لێبوردەیە و زۆر بە سۆزو میهرەبانیشە.

هەمووی؟!!

هەموو تاوانەکان؟!



Scanned with CamScanner

بەڵێ هەمووی. پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾

الشوری: ٢٥

واتە: پەروەردگار ئەو زاتەیە کە پەشیمانی و تەوبە لە بەندەکانی وەردەگرێت، چاوپۆشیش دەکات لە هەڵە و گوناهەکانیان، بەو کارو کردەوانەش کە ئەنجامی دەدەن دەزانێت و بەئاگایە.

مەرجەکانی تۆبەکردن:

١ـ دانانان بە تاوان، بەبێ خۆبەری کردن و ڕەتکردنەوەی.

٢ـ هەست کردن بە تاوان و دەرخستنی پەشیمانی لەسەر تاوان و، پێداگری لەسەر تەرك کردن و نەگەڕانەوە سەر تاوانەکە.

٣ـ لێپرسینەوەی نەفس و پاکردنەوە و ئامۆژگاری کردنی بەچاکە و چوون بەرەو ڕووی پەرستشەکان و پێداچوونەوەیان لەسەر نەگەڕانەوە بۆ سەر خراپەکارییەکان.

٤ـ بەڵێنی ئەستۆپاکی بەرانبەر پەروەردگار، بە دانان بە مافی خاوەناکانییان و، ئامادەیی بۆ لێپرسینەوەیی دونیا،



Scanned with CamScanner

هــەروەرها بــە پێــی پێویســت هەوڵــدان بــۆ ئەســتۆپاکی و گەڕانەوەی مافەکان بۆ خاوەنیان و، لێبوردەیی نێوان خەڵك.

٥- دەبێت تەوبە کردنەکەی تەنیا لەبەر پەروەردگار بێت هیچ ڕیـا و بەرژەوەندییـەکی تێـدا نـەبێت، بـە بـێ زیـادەڕۆیی و فێڵکردن، مەبەسـتی لـە تەوبەکـە شـتێکی تـر نـەبێ جگـە لـە ڕەزامەندی پـەروەردگار و، بـۆ سـەلامەت بـوون لـە سـزا و بـە دەست هێنانی چاکەکان.

٦- شەرکردن و بەربەرەکانێی نەفس، بۆ وازهێنانی لە تاوان.

٧- تەوبـەکردن و گەڕانـەوە بـۆ لای پـەروەردگار بـە تەوبـە دوعا و داوای لێخۆشبوون.

٨- زانینی کاتـە تایبەتییـەکانی قبـوڵ بـوونی دوعـا و تەوبـە پێش گەیشتنی بە لێواری مەرگ و ڕۆژی دوایی.

پەروەردگاری دەفەرمووێت: ﴿ وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّى تُبْتُ ٱلْـَٔـٰنَ ﴾ النساء: ١٨

واتە: تەوبەو پەشیمانی بۆ ئـەو کەسـانە نیـە کـە بـەردەوامن لەسەر گوناهـو تـاوان، ئەوکاتـەی مـردن یەخـەی بەیـەکێکیان گرت ئەوسا بڵێت: ئەوە ئیتر من بەڕاستی لە ئێستەوە تەوبەم کرد.



Scanned with CamScanner

خەڵکی ئەو گەڕەکە پیاوێکیان تێدایە دەڵێت:

ئیلاهی وەستاوم و فرمێسکم دەچۆڕێن، دڵم لە دەرگاکەتدا ملکچە و دەگریەت.

تاوانم زۆرە و توێشووم کەمە.

کێ هەیە وەك تۆ لێخۆشبوونی جوان بێت بەرانبەرم.

**************************************



Scanned with CamScanner

## هەڵویستەیەک

نەکەی وا گومان ببەیت کە تاوانەکانت لە ڕەحمەتی پەروەردگار گەورەترە، شەیتان هیچ شتێکی لە تۆ ناوێت تەنیا گەورەکردنی تاوانەکانت نەبێت بەسەر ڕەحمەت و میهرەبانی پەروەردگار و، کەمکردنەوەی ڕەحمەتی پەروەردگار بەرانبەر تاوانەکانت. پاکوبێگەردی بۆ ئەو زاتەی ڕەحمەتی پێش تووڕەیی و سزای کەوتووە و ڕەحمەت و میهرەبانی هەموو شتێکی گرتۆتەوە.

عومەری کوڕی خەتاب (پەروەردگار لێی ڕازی بێت) بە شمشێرەکەیەوە دەرچوو، ویستی پێغەمبەری ئازیز (سەلامی پەروەردگار لەسەر بێت) بکوژێت.

ئەی ئێستا ئەو کێیە؟

عومەرێك زەوی پڕکرد لە سۆز و میهرەبانی و دادپەروەری.

خالیدی کوڕی وەلیدی شمشێری خودا(پەروەردگار لێ ڕازی بیت) موسڵمانانی لە ڕۆژی ئوحد شکست پێهێنا!

ئێستا کێیە؟

خالد پەروەردەکار و تەمبێکاری فارس و ڕۆمەکان بوو.



Scanned with CamScanner

بەردەوام دەبیستین و دەبینین لەم سەردەمەی ئێستامان کەسانێك بەهێزترین دوژمنانی ئیسلام بوون، کەچی تەوبەیان کرد و بوون بە گەورەترین بەرگریکارانی ئیسلام.

*******************************



Scanned with CamScanner

## هەڵوێستەیەک بۆ بەهێزەکان

(سەعیدی کوڕی موسەییەب)

کەسێکی نابینا بوو!

بەڵام زانایەکی گەورە بوو. دەریایەکی فراوانی زانست زانیاری بوو، نازناوی (فقيه الفقهاء)ی لێنراوە.

(ئیمامی تیرمزی)

کەسێکی نابینا بوو!

بەڵام زانایەکی مەزنی فەرموودە بوو. نمونەی ئەزبەرکردن و ڕێکخستنی فەرموودەی پێدەهێنرایەوە، هەندێك لە زانایان تاقیان کردەوە، کۆمەڵێك فەرموودەی نامۆیان بۆ خوێندەوە، دواتر تیرمزی لە سەرەتا تا کۆتایی هەموو فەرموودەکانی بە ئەزبەر گووتەوە وەکو زاناکە، تەنانەت یەك پیتیشی هەڵە نەکرد، زاناکە بە تیرمزی گوت: (کەسی وەك تۆم نەبینیووە).

(عەتای کوڕی ئەبی ڕباح)

کەسێکی نابینا و شەل بوو!

بەڵام زانا و فەقیە و تابیعێکی مەزن بوو.

(ئیبن سەیدە علی کوڕی ئیسماعیل)

کوێر بوو!

زانایەکی مەزنی زمانی ئەندەلوسی بوو.

**********************************

## ئایەتی ئومێد و هیوا

پەروەردگار دەفەرموویێت:

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ جَآءَهُمۡ نَصۡرُنَا فَنُجِّيَ مَن نَّشَآءُۖ وَلَا يُرَدُّ بَأۡسُنَا عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ١١٠ ﴾ يوسف: ١١٠

واتە: (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وا مەزانە کە ئەم ڕێگەیە بەگوڵ و گوڵزار چێنراوە، بەڵکو پڕە لە ناخۆشی و ئازارو گەیشتووەتە ڕادەیەك کە): هەتا بگرە کاتێك پێغەمبەران تووشی نائومێدی و بێ هیوایی دەبن و گومان وادەبەن کە بە ڕاستی ئەوان (بەرنامەکەیان) بە درۆ زانراوە، ئەوە ئا لەو کاتی بێ هیواییەدا، سەرکەوتنی تایبەتی ئێمەیان بۆ دێت، ئەوسا ئەوەی بمانەوێت و شایستەبێت ڕزگاری دەکەین، جا کەس نیە بتوانێت تۆڵەی توندو تیژی ئێمە لە کەسانی تاوانبارو تاوانکار بگێڕێتەوە و بەرپەرچی بداتەوە.



Scanned with CamScanner

﴿ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ ۗ أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ ﴿٢١٤﴾ ﴾ البقرة: ٢١٤

واتە: هەتا پێغەمبەرەکەیان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەگەڵیدا، دەیانوت: کەی پەروەردگار سەرکەوتن دەبەخشێت؟! ئیتر کەی پەروەردگار یارمەتی دەنێرێت؟! ئاگاداربن و دڵنیابن بەڕاستی یارمەتی پەروەردگاریی زۆر نزیکە. لە تۆ دەپرسن (ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)کەچی ببەخشن و بەکێی ببەخشن؟ پێیان بڵێ: هەر خێرێك دەکەن سەرەتا دایك و باوکتان فەرامۆش مەکەن، هەروەها خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانی نەداریش، هەر خێرو چاکەیەکیش ئەنجام دەدەن، دڵنیابن کە پەروەردگار زانا و ئاگادارە لێی.

﴿ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ﴾ الحديد: ٤

واتە: پەروەردگارتان لەگەڵە لە هەر کوێیەك بن

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ﴾ البقرة: ١٨٦

واتە: ئەگەر بەندەکانم لە تۆیان پرسی دەربارەی من ئەوا من زۆر لێیانەوە نزیکم.



Scanned with CamScanner

﴿ وَلَسَوۡفَ يُعۡطِيكَ رَبُّكَ فَتَرۡضَىٰٓ ﴿٥﴾ ﴾ الضحى: ٥

**واتە: لە ئایندەدا پەروەردگارت ئەوەندە نازو نیعمەتت پێدەبەخشێت کە زۆر پێی ڕازی و خۆشنوود دەبیت.**

﴿ إِذۡ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحۡزَنۡ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ﴾

التوبة: ٤٠

**واتە: کاتێك ئەوانەی بێ باوەڕ بوون دەریان کرد لە شاری مەککە و یەکێك بوو لەو دوو کەسە کاتێك هەردووکیان لەناو ئەشکەوتەکەدا بوون (کاتێك بێ باوەڕەکان گەشتبوونە دەوروبەری ئەشکەوتەکە ئەبوبەکری هاوەڵی خەمی لێهات) پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دڵی دایەوە و پێی وت: خەفەت مەخۆ، دڵنیابە پەروەردگارمان لەگەڵە.**

﴿ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ ﴿٩٧﴾ ﴾ النحل: ٩٧

**واتە: ئەوەی کارو کردەوەی چاکەی کردبێت، پیاو بێت یان ئافرەت لە کاتێکدا بڕوادار بێت، سوێند بە پەروەردگار بەژیانێکی کامەران و ئاسوودە لە دنیادا دەیژێنین.**



Scanned with CamScanner

﴿ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ ﴾ الشعراء: ٦٢

واتە: بێگومان من پەروەردگارێکم لەگەڵە رێنمونیم دەکات.

﴿ إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴾ الشرح: ٦

واتە : بێگومان لەگەڵ هەموو ناخۆشیەک خۆشی هەیە.

﴿ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴾ الأنفال: ٣٣

واتە: پەروەردگاری گەورە سزایان نادات تا تۆ لەناویاندا بیت ، پەروەردگاری گەورە سزایان نادات ئەگەر ئەوان داوای لێخۆش بوون بکەن.

﴿ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ﴾ إبراهيم: ٧

واتە: ئەگەر ئێوە سوپاسی پەروەردگار بکەن، پەروەردگار نیعمەتەکەی بۆتان زیاد دەکات.

﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴾ مريم: ٦٤

واتە: پەروەرێنی تۆ شت لەیاد ناکات



Scanned with CamScanner

﴿ لَا تَدۡرِي لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحۡدِثُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ أَمۡرٗا ١ ﴾

الطلاق: ١

واتە: ئەی ئیماندار: تۆ نازانیت لەوانەیە دوای ئەو (تێکچوون و ساردییە) پەروەردگاری گەورە بارودۆخێك پێش بهێنێت (کە ئاشت ببنەوە و ڕێك بکەونەوە و بۆیە نابێت لە ماڵ دەرچن)·

﴿ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٧ ﴾ یوسف: ٨٧

واتە: لە سۆزو میهرەبانی پەروەردگاریش نائومێد مەبن، چونکە بەڕاستی کەس نائومێد نابێت لە سۆزو میهرەبانی پەروەردگار جگە لە کەسانی پەروەردگارنەناس و بێ باوەڕ.

﴿ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٩ ﴾ آل عمران: ٢٩

واتە: پەروەردگاری گەورە بەسەر هەموو شتێکدا باڵادەستە.

﴿ وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ ﴾

الأنعام: ١٧



Scanned with CamScanner

واتــە: (دڵنیابــە لــەوەی) ئەگــەر پــەروەردگار دووچــاری زیــان و گرفتێکت بکات، ئەوە هەرگیز لابەری نیە جگە خۆی نەبێت.

﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ۝١٠ ﴾ الزمر: ١٠

واتە: بەڕاستی تەنها خۆگران پاداشتیان بێ سنوور و بێ ئەندازەیە.

﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ ۝١٦ ﴾ ق: ١٦

واتە: سوێند بەپەروەردگار بێگومان ئێمە ئادەمیزادمان دروست کردووەو دەزانین چی بەدڵ و دەروونیدا دێت... ئێمە لەشاڕەگی دڵی لێی نزیکترین.

﴿ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ ۚ ﴾ البقرة: ١٣٧

واتە: بەڵام دڵنیابە ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم)، ئەی ئیماندار) پەروەردگار تۆ دەپارێزێت لە پیلان و تەڵەکەیان



Scanned with CamScanner

﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ۝٩٧ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ۝٩٨ ﴾ الحجر: ٩٨

واتە: سوێند بە پەروەردگار ئێمە چاك دەزانین کە بەڕاستی دڵی تۆ تەنگ دەبێت بەو گوفتارە نابەجێیەی کە پەروەردگارنەناسان دەیڵێن.

(جا لە هەموو کاتێکدا، بە تایبەت لە کاتی دڵ تەنگیدا) تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکەو لە ڕیزی سوژدە بەراندابە.

﴿ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ۝٦٦ ﴾ الأنفال: ٦٦

واتە: پەروەردگاری گەورە لەگەڵ ئارامگراندایە.

﴿ وَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ﴾ الطور: ٤٨

واتە: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خۆگربە لەبەرامبەر بەجێهێنانی فەرمانی پەروەردگارتەوە، دڵنیابە کەتۆ لەژێر چاودێری ئێمەدایت.



Scanned with CamScanner

﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ فَقَٰتِلُوٓاْ أَوۡلِيَآءَ ٱلشَّيۡطَٰنِۖ إِنَّ كَيۡدَ ٱلشَّيۡطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾ ﴾ النساء: ٧٦

واتە: ئەوانەی ئیماندارن (تەنها) لە پێناوی پەروەردگاردا دەجەنگن (بەڵام) ئەوانەی بێ باوەڕن لە پێناوی ستەمکارو زۆردار و (تاغوت)دا دەجەنگن، دە بجەنگن دژی یاوەرانی شەیتان (چونکە) بەڕاستی پیلان و تەڵەکەی شەیتان پووچ و لاوازە.

﴿ وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعۡمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمۡ لِيَوۡمٖ تَشۡخَصُ فِيهِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴿٤٢﴾ ﴾ إبراهيم: ٤٢

واتە: (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) واگومان مەبە کە پەروەردگار بێ ئاگایە لەو کاروکردەوەیەی ستەمکاران دەیکەن، بەڕاستی پەروەردگار سزاکەیان دوا دەخات بۆ ڕۆژێک کە چاوەکانیان تیایدا ئەبڵەق دەبن (جاری وایش هەیە هەر لە دنیادا ستەمکاران ڕیسوا دەکات و تۆڵەیان لێدەسێنێت).



Scanned with CamScanner

﴿ وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ١٢٧ ﴾ النحل: ١٢٧

واتە: (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) خۆگرو ئارامگریەو خۆگری و ئارامگریەکەشت تەنها بەکۆمەکی و یارمەتی پەروەردگار دەبێت بەکەسی تر ناکرێت، خەفەتیش مەخۆ لە پەروەردگارنەناسان کە باوەڕ ناهێنن و دڵتەنگ مەبە لە بەرامبەر ئەو پیلان و نەخشانەی کە دوژمنان دەیگێڕن.

﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ٥١ ﴾ غافر: ٥١

واتە: بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرەکانمان و ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە سەر دەخەین، لە ژیانی دنیادا هەروەها ئەو ڕۆژەش کە شایەتەکان شایەتی دەدەن (فریشتەکان شایەتی بۆ پێغەمبەران دەدەن، پێغەمبەران شایەتی بۆ بانگپەروەردگارزان دەدەن بانگپەروەردگارزان شایەتن لەسەر خەلکی).

﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ﴾ الزمر: ٣٦

واتە: مەگەر پەروەردگار بەس نیە کە پشتیوان بێت بۆ بەندەی خۆی.

﴿ إِن تَنصُرُوا۟ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴾ محمد: ٧

واتە: ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی پەروەردگار بکەن و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، ئەوەپەروەردگاریش پشتیوانی لەئێوە دەکات و سەرتان دەخات و پایەدارو جێگیرتان دەکات.

﴿ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٤٠﴾ ﴾ الحج: ٤٠

واتە: سوێند بێت بێگومان پەروەردگار ئەو کەسە سەردەخات کە پشتگیری ئاین و بەرنامەکەی دەکات و هەواڵی سەرخستنی دەدات، بەڕاستی پەروەردگار زۆر بەهێز و باڵادەستە.



Scanned with CamScanner

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٖ كَفُورٍ ﴿٣٨﴾ ﴾ الحج: ٣٨

واتە: بێگومان پەروەردگار پشتگیری دەکات لەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە چونکە بەڕاستی پەروەردگار هەموو خیانەتکارو کافرو بێ باوەڕێکی خۆش ناوێت.

﴿ وَلَن يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لِلۡكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ سَبِيلًا ﴿١٤١﴾ ﴾ النساء: ١٤١

واتە: دڵنیابن هەرگیز پەروەردگار نایەڵێت بێ باوەڕان بەسەر ئیمانداراندا دەست ڕۆیشتوو بن و ڕیشەکەنیان بکەن.

﴿ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ﴾ البقرة: ١٥٥

واتە: مژدە بدە ئارامگران.

﴿ وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٣٩



Scanned with CamScanner

واتە: (ئەی ئیمانداران) کۆڵ مەدەن و ساردمەبنەوە و خەفەت مەخۆن، چونکە هەر ئێوە سەربەرزو سەرفرازو سەرکەوتووترن ئەگەر ئیمانداری چاک و ڕاست و دروست بن.

﴿ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا ﴿٤٧﴾ ﴾ الأحزاب: ٤٧

واتە: (بەردەوام) مژدە بدە بە ئیمانداران، کە لەلایەن پەروەردگارەوە ڕێز و قەدرێکی زۆریان هەیە.

﴿ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ ﴾ الرعد: ٢٨

واتە: ئاگاداربن دڵەکان: هەر بە قورئان و یادی پەروەردگارو (پابەندبوون بە ئاینەکەیەوە) خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە.

﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾ ﴾ البقرة: ٢١٦



Scanned with CamScanner

واتە: جەنگ لەسەرتان بڕیار دراوە کەشتێکی گرانە لاتان (ئیماندار بە جەستە لای گرانە بەڵام ڕۆحی پێی ئاسوودەیە بۆ بەرگری لە ئیسلام و لابردنی کۆسپەکان) بەڵام لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت، هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لەوەدا بێت، بێگومان هەر پەروەردگار خۆی دەزانێت (خێر لە چیدایە)، ئێوە نایزانن. (جەنگ لە ئیسلامدا بۆ بەرەڵستی کردنی دوژمنانی داگیرکەرو دوژمنانی دینە و بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەیە کە نایەڵن خەڵك ئازادانە بژین و ئازادانە ئەو ڕێبازە هەڵبژێرن کە خۆیان قەناعەتیان پێیەتی، هەرگیز بۆ ئەوە نیە کە بە زۆر خەڵك موسوڵمان ببێت و مێژووی ئیسلام شایەتی حاڵەو ئەگەر کارێکی وا ڕووی دابێت ئەوە ئاینی ئیسلام لێی بەرییە).

﴿ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ﴾ الزمر: ٥٣

واتە: نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی پەروەردگار.

﴿ سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا ۝٧ ﴾ الطلاق: ٧



Scanned with CamScanner

واتـە: دڵنیـاس بـن کـە پـەروەردگار دوای تەنگانـە هـەرزانی دەهێنێت، دوای ناخۆشی خۆشی دەهێنێت.

﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾ البقرة: ٢٨٦

واتە: پەروەردگاری گـەورە ئـەرك ناخاتـە سـەر هـیچ کەسـێك مەگەر بە قەدەر توانایی خۆی نەبێت.

﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَىٰنَا وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝٥١ ﴾

التوبة: ٥١

واتـە: (ئـەی پێغەمبـەر (صـلی الله علیـه وسـلم) تـۆش بڵـێ: هـەرگیز لـەوە زیاترمـان بـۆ پـێش نایـەت جگەلـەوەی کـە پەروەردگار بۆی نوسیووین (هەرچیش بۆمان پێش دێت هـەر خێـرە بۆمـان)، ئەوزاتـە هەمیشـە یـارو پشـتیوانمانە، دەبـا ئیمانداران هەر پشت بەو پەروەردگاریە ببەستن.

﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ۝٢ ﴾ الطلاق: ٢



Scanned with CamScanner

واتە: جا ئەوەی لە پەروەردگار بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە پەروەردگار دەرووی لێ دەکاتەوە...

﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ﴾ الطلاق: ٣

واتە: جا ئەوەی پشت بە پەروەردگار ببەستێت، ئەو زاتەی بەسە، بۆ ئەوەی یاریدەدەری بێت.

﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعْظِمْ لَهُۥٓ أَجْرًا ﴿٥﴾ ﴾ الطلاق: ٥

واتە: ئەوەی لە پەروەردگار بترسێت و پارێزکار بێت، پەروەردگار گوناهەکانی دەسڕێتەوە و چاوپۆشی لێ دەکات و پاداشتەکەی بۆ گەورەو بێ سنوور دەکات.

﴿ أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ يونس: ٦٢

واتە: ئاگەدار بن بێگومان دۆستانی پەروەردگار نە خەمیان هەیە نە دەترسن.



Scanned with CamScanner

﴿ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴿٨٠﴾ ﴾ الشعراء: ٨٠

واتە: کاتێك نەخۆش دەکەوم پەروەردگار شیفام دەدات.

﴿ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُواْ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُواْ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَٱنقَلَبُواْ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ وَٱتَّبَعُواْ رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ ﴿١٧٤﴾ ﴾ آل عمران: ١٧٤-١٧٣

واتە: ئەوانەی کە خەڵکی (باوەڕ لاوان) پێیان دەڵێن: بەڕاستی خەڵکی بێ باوەڕو پەروەردگارنەناس خۆیان بۆ ئێوە کۆ کردۆتەوە و خۆیان بۆ ئێوە مەڵاس داوە، لێیان بترسن (خۆتان تووشی بەڵا مەکەن) بەڵام ئەوان (واتە ئیمانداران بەو پڕوپاگەندەیە) باوەڕیان زیاتر دامەزراو، وتیان:

پەروەردگارمان بەسە کە یاریدەدەرو یارمەتیدەرێکی چاکە.

ئەوسا ئیتر موسوڵمانان گەڕانەوە هاوڕێ لەگەڵ فەزڵ و نازو نیعمەتی پەروەردگاریی دا، هیچ ناخۆشیەکیشیان بۆ پێش نەهات، چونکە شوێنی ڕەزامەندی پەروەردگار کەوتبوون و (هەر ئەوەشیان مەبەست بوو)، پەروەردگاری گەورەش هەر خۆی خاوەنی فەزڵ و ڕێزێکی زۆر گەورەیە.



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی تەرکیز

تەرکیز هۆکاری سەرکەوتنی سەرکەوتووەکانە...

تەکریز واتا: ئەوپەڕی پلەی وشیاری، کە دەتوانی هەموو ئەو شتانەی ئەقڵ و بیرت پەرت و بڵاو دەکەن پشت گوێ بخەیت، دواتر تەرکیز لە کارەکان زۆر گرنگە.

*ڕاهێنان هەیە یارمەتیدەرە بۆ زیابوونی تەکریز، گوتراوە بە ئیزنی پەروەردگار زۆر چاکە. لەو ڕاهێنانانە:

١- ١ تا ١٠٠ بژمێرە بە شێوازی پێچەوانە لە مێشکت دا، بەبێ دەربڕین.

٢- خەیاڵی شتێك بکە، تەرکیز بخە هەموو لایەنەکان و ئەو شتانەی پەیوەندی پێیەوە هەیە.

٣- هەوڵدان بۆ مانەوەی ٥ خولەك بە بێ بیرکردنەوە، تەنیا پشوو بدە و بیر لە هیچ شتێك مەکەوە، وەك ڕاهێنانەکانی یۆگا وایە.

٤- تێڕوانین و دوورکەوتنەوەی خێرایی لە شتێك بۆ شتێکی تر لە بیرکردنەوەت دا.

٥- کەمێك پشوو دان لەو کاتەی هەست دەکەی حەزت پێیەتی.

٦- هەڵسان بە کارێك لە کاتێکی دیاریکراودا.



Scanned with CamScanner

*سەبارەت بە هۆکارەکانی پەرتەوازەیی تەرکیز، گووتراوە:

١ـ بوونی دەنگی بەرز لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ.

٢ـ هەڵسانی مرۆڤ بە چەند کارێکی زۆر و جۆراوجۆر لە یەک کاتدا.

٣ـ قەرەباڵغی شوێنی کار بەهۆی خەڵکەوە، وەك قەرەباڵغی ژوورێکی بچووك بەهەبوونی چەندین فەرمانبەر تێیدا.

*پلانی ڕۆژانەت بنووسەوە:

پلانێك دابنێ لەنێو دەفتەری تێبینییەکانت بۆ هەڵسان بە کردنی کارەکانت، تاوەکو ئەگەر لە ناکاو هەستت بە پەرتەوازەیی مێشکت کرد، بگەڕێیتەوە بۆ تێبینییەکانت. (نووسینەوە گرنگە لە ژیانمان)

*خواردنی ئەو خواردنانەی یارمەتیدەرن بۆ زیاد بوونی هێزی تەرکیز.

خواردن ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ زیادبوونی هێزی تەرکیز، خراپی ژەمە خۆراك ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە تێکچوونی تەرکیزمان.

لێکۆلینەوەکان سەلماندوویانە کە خۆراکی وا هەن بە سوودن بۆ بەهێزبوونی مێشك، باشترینیان کە پێك دێت لە کۆمەڵە خۆراکییەکان کە شیر و پێکهاتەکانی تێدایە، هەروەها



Scanned with CamScanner

کۆمەڵـــەی ســـەوزە و میوەکـــان و، کۆمەڵـــەی گۆشـــت و جێگرەوەکانی و، کۆمەڵەی نان و پاقلەمەنییەکان.

**باشترین ئـەو پێکهاتـە خۆراکییانـەی یارمـەتی بـەهێز بـوونی تەرکیزی مێشک دەدەن:**

١ـ ڤیتامینB6: لە مۆز و پاقلەکان و پەتاتە هەیە.

٢ـ ڤیتامینB12: لە هێلکە و مریشک و ماسی تونە هەیە.

٣ـ ئاسن و زنك: لە گۆشت و خواردنە دەریاییـەکان و سـەوزە و میوە هەیە.

*ئاو هۆکاری سەرەکی بەهێزی مێشکی تۆیە !

یەکێك لە دکتۆرەکان دەربارەی گرنگی ئاو دەڵێت: ڕێژەی ئاو لە جەستەی مرۆڤدا دەگاتـە ٦٠ %، بـەڵام ئـەم ڕێژەیـە لـە تەمەنی منداڵی زیاترە، دەگاتە ٨٠% بۆ ٩٠%.

زیاتر: ئاو بەشێکی گرنگ و سەرەکییە لە جەستەی مرۆڤ دا.

لێکۆڵینەوەکان دڵنیایان کردۆتەوە کە کارێگەریەکی کارای هەیە لەسەر مێشك و ژیری، پەروەردگاری دەفەرموویێت: ﴿

﴿ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾

الأنبياء: ٣٠

واتە: لە ئـاویش هـەموو شـتێکی زینـدوومان فەراهـەم هێنـاوە (ئـاو زۆربـەی پێکهاتـەی لەشـی ئـادەمیزاد و زینـدەواران و



Scanned with CamScanner

ڕووەک پێکدەهێنێت)، ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن (بەو ڕاستیانە و بەو دەسەڵاتە بێ سنوورەی ئێمە)؟!

مێشک نابوژێتەوە تەنیا بەئاو نەبێت.

هەروەک دەڵێن شلەکان بە گوێرەی تەمەن جیاوازن، تەنانەت جیاوازی کێش و جوڵەی جەستەش دا، هەروەک کەش و هەوا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی ڕێژەی پێویستی ئاو لە جەستە، هەرچەند پلەی گەرمی زیاد بکات هێندەش پێویستی بۆ ئاو زیاد دەبێت.

(٨ کوپ ئاو ڕۆژانە بەسە بۆ کەسی پێگەیشتوو).

*********************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی چاکە

ئەگەر هەموو ئەو شتە جوانەکان بیکەیتە دیاری بۆ هەر کەسێك، ئەگەر چەند (پارەیەکی) کەمیش بێت و بکەیتە خێر، ئەوا هەست بە ئاسوودەیی و خۆشی دەکەیت، چونکە ئاسودەییت خستە دڵی کەسێکی هەژارەوە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تۆ ئەهلی چاکەیت، چەندە جوانن ئەو کەسانەی کە هیچ چاکەیەك بە کەم نازانن، ئەوان شوێن بەڕێزترین بەندەی پەروەردگار، حەزرەتی محمد (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەکەون کاتێك دەفەرموێت: (هیچ چاکەیەك بە کەم مەزانن، هەتا ئەگەر بە زەردەخەنەوە چاوت بە براکەت بکەوێت (چونکە ئەویش چاکەیە)).

**یاساکانی چاکە:**

هەرچیەك ئەمڕۆ هەوڵی بۆدەدەیت، شایەنی ڕێزە.

ڕەنگە چاکەیەکی بکەیت لەلات کەم بێت، بەڵام لای پەروەردگار زۆر گەورە بێت، دەکرێت کردار بەهۆی نییەتی چاکەوە گەورە بکرێت، هەروەك عەبدوڵای کوڕی موبارەك (خودا رەحمی پێ بکات) دەڵێت: (دەکرێت کارێکی بچووك بە



Scanned with CamScanner

نییەت گەورە ببێت، هەروەها دەکرێت کردارێکی گەورە بە نییەت بچوک ببێت).

بۆیە، لە تۆم دەوێت هەموو چاکەیەك بکەیت، هەر چاکەیەك دەیزانی بیکە!

کیسێکت لە ڕێگا بینی خەڵك ئازار دەدات، (لای بە).

کەسێکت بینی کە دەیەوێت بیگەیەنن، (بیگەیەنە).

کەسێکی خەمبارت بینی، (خەمەکانی لەسەر لابەرە).

کەسێك بینی پێویستی بەوەیە بە ڕوویدا پێبکەنیت، (پێبکەنە).

کەسێکت بینی دەتتوانی تکای بۆ بکەیت، (تکای بۆ بکە).

**چیرۆکی بانگخوازێك:**

بانگخوازێکیان لە خودا بینی.

پێیان گوت: پەروەردگار چی لەگەڵ کردی؟

پێکەنی!

گوتی: سەرەوە ... سەرەوە.. سەرەوەی پێدام!

گوتیان: بەهۆی بانگەوازەکەت؟!

گوتی: بانگەوازەکەم؟ بەڵکو بەهۆی چەند ڕیالێك کە بەخشی بووم.

هەموو چاکەیەك بکە، تۆ نازانی بە چ کردارێکت پەروەردگار لێت خۆش دەبێت.



Scanned with CamScanner

پەروەردگارمان لێخۆشبووە.

پەروەردگارمان سوپاسگوزارە.

داوا لە پەروەردگار دەکەم بمانخاتە بەهەشتەوە، وا ئێمە لەو کتێبەدا یادی پەروەردگار دەکەین، بەڵکو ببێتە هۆکارێك بۆ ئێوە و منیش تاوەکو بچینە بەهەشتەوە.

***********************************



Scanned with CamScanner

## وەستانێک

بۆ مێژوو گەورەم!

بۆ مێژوو گەورەم!

بۆ مێژوو ئەی گەورەی هەموو پێغەمبەران!

بۆ مێژووی هەتاهەتایی!

پەروەردگار بانگی موسای (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) کرد، فەرمووی: ﴿ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّيٓ أَنَا ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٣٠ ﴾ القصص: ٣٠

واتە:بانگی لێکرا ئەی موسا: (ئەوەی گفتوگۆت لەگەڵدا دەکات) ئەوە بەڕاستی منم (اللە) کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانم.

بانگی ئادەمی (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) کرد، فەرمووی: ﴿ يَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ ﴾ البقرة: ٣٥

واتە: ئەی ئادەم خۆت و خێزانەکەت لە بەهەشت نیشتەجێ بن.



Scanned with CamScanner

بانگی ئیبراهیمی (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) کرد:

﴿ وَنَٰدَيۡنَٰهُ أَن يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ ﴿١٠٤﴾ قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآۚ ﴿١٠٥﴾ ﴾

الصافات: ١٠٤ -- ١٠٥

واتە: بانگمان لێکرد ئەی ئیبراهیم، خەونەکەت بە ڕاست دەرچوو.

بانگی عیسای (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) کرد، فەرمووی: ﴿ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ ﴾ آل عمران: ٥٥

واتە:(بەیادیان بهێنە) کاتێك پەروەردگار فەرمووی: ئەی عیسا من (بەشێوەیەکی ئاسایی) تۆ دەمرێنم پاشان تۆ پایەدارو بڵند دەکەمەوە لای خۆم.

بانگی زەکەریای (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) کرد، فەرمووی: ﴿ يَٰزَكَرِيَّآ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ ٱسۡمُهُۥ يَحۡيَىٰ ﴾ مریم: ٧



Scanned with CamScanner

واتە: پەروەردگاری گەورە نزاکەی گیراکردو فەرمووی: ئەی زەکەریا بەڕاستی ئێمە مژدەت دەدەینێ بەوەی کە کوڕێکت پێ دەبەخشین و ناویشی - یەحیا - یە.

بانگی یەحیای (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) کرد: ﴿ يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ ﴾ مريم: ١٢

واتە: (پاشان کە یەحیا گەورە بوو فەرمانمان پێدا) ئەی یەحیا کتێبی (تەورات) بەتوندی بگرە.

بانگی نوحی (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) کرد، فەرمووی: ﴿ يَٰنُوحُ ٱهۡبِطۡ بِسَلَٰمٖ مِّنَّا ﴾ هود: ٤٨

واتە: (ئەوسا لەلایەن پەروەردگاری گەورەوە) وترا: ئەی نوح وەرە پەروەردگارڕەوە و دابەزە لە کەشتیەکەو لە چیای جودی بۆ دەشتایی بەبێوەیی و سەلامەتی لەلایەن ئێمەوە.

کاتێك بانگی پێغەمبەری ئێمە حەزرەتی محمدی (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) کرد، فەرمووی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ﴾ الأنفال: ٦٤



Scanned with CamScanner

واتە: ئەی پێغەمبەری خودا.

یان فەرمووی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ ﴾ المائدة: ٤١

واتە: ئەی نێردراوی خودا.

لە قورئاندا هەرگیز نەیفەرمووە ئەی محمد و، بەناوی خۆی ئازیزمانی (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) بانگی نەکردووە، بەڵکو تەنیا بەم دوو دەستەواژەیە بانگی کردووە.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ﴾ آل عمران: ١٤٤

واتە: (محمد (صلى الله عليه وسلم) تەنها پێغەمبەرێك نەبووە وەفات بكات، بێگومان پێغەمبەرانی پێش ئەمیش (وەفاتیان كردووە).

لێرەدا تەنیا وەكو گێڕانەوەیەك ناوی خۆشەویستی هێناوە.

محمد پێغەمبەری پەروەردگارە (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت).

گەورەی هەموو پێغەمبەرانە (سەلامی پەروەردگاریان لەسەر بێت).

سەید و گەورەی نەوەكانی ئادەمە، هەروەك سوڵتانی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرموویەتی: (من گەورەی نەوەكانی ئادەمم، بێ ئەوەی شانازی بەخۆم بكەم).



Scanned with CamScanner

کاتێك پەروەردگار پێغەمبەرە بەڕێزەکەی (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) وەسف دەکات دەفەرمووێت:

﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾ القلم: ٤

واتە:بێگومان تۆ ئەی محمد لەسەر ڕەوشتێکی بەرزی.

وەسفی شێوە و جەستەی نەکردووە، بەڵکو ڕەوشتی ئەوی باس کردووە، چونکە پەروەردگار ئەوی بۆ تەواوی کردنی ڕەوشتە بەرزەکان ناردووە، ڕەوشتی خۆت بە دەستی خۆت دروستی دەکەیت، جوانی شێوە و جەستە دروست کراوی پەروەردگارە، بەڵام ڕەوشت پەروەردگار هەڵبژاردنی داوەتە دەستی تۆ، تۆش بیکە چاکترین.

*******************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی بەیانی

پەروەردگار سوێندی بە بەیانی خواردووە، دەفەرمووێت:

﴿ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ﴿١٨﴾ ﴾ التكوير: ١٨

واتە: سوێند بە بەرەبەیان کە پشووی تێدێت، وەکو زیندەوەرێك ئاهی تێدێتەوە و دەست دەکات بە هەناسەدان و ژیان و ڕووناکیەکەی دەردەکەوێت.

پەروەردگاری گەورە سوێند تەنیا بە شتانی گەورە دەخوات!

فەرمایشتی پەروەردگار چەندە جوانە کە دەفەرمووێ: (إِذَا تَنَفَّسَ)، هەست دەکەیت بەیانی بەختەوەرییە و تۆش هەناسە دەدەیت و پاك و بەرز دەبیتەوە و، سەرچاوەی بیر و تێڕوانین لە بەیانیاندایە، چونکە ڕۆزی لەو کاتە بەسەر بەندەکاندا دابەش دەکرێت و، عەقڵەکان گەشە دەکەن: ﴿ وَقُرۡءَانَ ٱلۡفَجۡرِۖ إِنَّ قُرۡءَانَ ٱلۡفَجۡرِ كَانَ مَشۡهُودٗا ﴿٧٨﴾ ﴾ الإسراء: ٧٨

واتە: قورئانی بەیانیان، بێگومان قورئانی بەیانیان شایەدی دەرە بۆ خاوەنەکەی.

**وانەی داواکراو:**

زیکرەکانی دوای نوێژی بەیانی زۆر گرنگە، زیکری پەروەردگار چەندە جوانە لە سەرەتای رۆژێکی نوێدا، بە ناوی پەروەردگار و پشت بەستن بە پەروەردگار دەست پێدەکات لە سەرەتای کارەکانی ڕۆژانەتدا.

**سودەکانی خوێندنی زیکری پەروەردگار و بەردەوامییان:**

١- بەهێز بوونی باوەڕ بە پەروەردگار.

٢- پارێزراو بوون لەشەری مرۆڤ و جن و بوونەوەرەکانی تر.

٣- نەمانی خەم و ناڕەحەتی و ناخۆشی دونیا و ڕۆژی دوایی.

٤- زیاد بوونی توانای جەستە و ئارامی و هێز.

٥- پارێزراوی لە چاوەزار و ئیرەیی و جادوو.

٦- نزیك بوونەوە لە پەروەردگار و، هەستکردن بە نزیکایەتی ئەو.

٧- بردنەوەی بەهەشت.

٨- هەست کردن بە بەختەوەری و ئاسوودەیی تەواو.

٩- باس کردنی بەندە لەلای فریشتەکانی ئاسمان.

١٠- پارێزگاریکردنی نەفس و، چاودێریکردنی لەلایەن پەروەردگار.

**********************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی ئێواران

پەروەردگار سوێندی بە ئێوارە خواردووە، دەفەرمووێت: ﴿

وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ۝٢ ﴾ الضحى: ٢

واتـە: سـوێند بـە شـەو کاتێـك بەتاریکییەکـەی زەوی دادەپۆشێت.

شەو مەزنە.

بڕوادار گەورە و بەڕێز نابێت تەنیا بە شەو نەبێت. جبریل هاتە لای ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگار لەسەر بێت)، پێی فەرموو: ئەی محمد! بژی بەو جۆرەی دەتەوێت، چونکە دەمریت. هەر کەسێکت ویست، خۆشت بوێت، چونکە لێی جیا دەبیتەوە. هەر کردارێکت ویست بیکە، چونکە پاداشتی پێ وەردەگریت، بزانە ڕێزی بەندە دەرناکەوێت، تەنیا بەشەونوێژ نەبێت) الحاکم.

پەروەردگار شەوی کردووە بەئارامی و ئاسوودەیی، موسڵمان ئاسودە نابێت هەتا ئەو کاتەی خەڵك خەوتوون و، ئەویش لەگەڵ بەرماڵەکەی بە ئاگا دەمێنێتەوە، تکا لە پەروەردگار دەکات و بەزەلیلی دەپاڕێتەوە، وەك چرایەك وایە کە تاکو بەیانی ناکوژێتەوە.



Scanned with CamScanner

**چیرۆکی زوبەیدە:**

زوبەیدە هاوسەری هارونە ڕەشیدە. پرۆژەیەکی زۆر مەزنی دروست کرد!

ئاوی بەحاجیەکانی مینا دەدا.

کانییەکی ئاوی درێژی ڕاکێشا بۆ ئەوەی ئاو بە حاجییەکان بدات.

ناونرا بە (کانی زوبەیدە)

زبیدە کۆچی دوایی کرد!

زبیدە لە خەو بینرا،

پێی گوترا: پەروەردگار چی لەگەڵ کردیت؟

گوتی: لێم خۆشبوو! لێم خۆشبوو!

پێی گوترا: بەو کانییەی دروستت کرد؟

گوتی: نەخێر! کانی، کانی چی؟!

بەڵکو بەو دوو ڕکات شەونوێژەی کە پارێزگاریم لێ کردبوو.

ڕەنگە پەروەردگار بە کردارێکی بچووک لێت خۆش بێت!

جوانترین ڕوخسار ئەو ڕوخسارەیە کە سەیری جێگای سوجدەکەی دەکات و، دڵی سوجدەبەری بە ناوی پەروەردگاری تاکوتەنیا دەفرێت، وەکو هەموو خۆشەویستێك بە بینینی ڕووی خۆشەویستەکەی دەگەشێتەوە،



Scanned with CamScanner

پــەروەردگار ڕووخســـاری خۆشەویســـتانی بـــە شـــەونوێژ گەشدەکات، ئەگەر لەبەردەمی وەستان!

ئایا دەتزانی کە ڕوخساری ئەهلی شەونویژ جیهان ڕووناک دەکاتەوە؟ پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ﴾ الفتح: ٢٩

واتــە: نیشــانەی چــاکی و پاکیــان لەناوچــەوانیاندا دیاریــەو دەدرەوشــێتەوە لــە ئــەنجامی ســوژدەبردن و پــەروەردگار پەرستییاندا.

هەندێك لە موفەسیران دەڵێن: نوێژ ڕوویـان گەشـدەکات، ئـەم نوێژە دەربڕی جوانییە، ڕووی پێ گـەش دەبێـت، ئیبنولقـەیم (پەروەردگار ڕەحمی پێ بکات) دەڵێت: (مـرۆڤ ئەگـەر بەشـی هەبوو لە شەونوێژدا ئەوا ڕووخساری نوورانی و جوان دەبێت)

هـەتا هەنـدێك ئـافرەت شـەونوێژیان زۆر دەکـرد، کاتێـك لـە یەکێکیان پرسیار کرا دەربارەی ئەم کـارە، گـوتی: شـەونوێژ ڕووخســارم دەگەشـێنێتەوە و جـوانی دەکـات، منـیش حـەز دەکەم هەمیشە ڕووخسارم جوان بێت!

هەتا ئەم ڕووەگەشاوانە خۆشەویستییان دەچێتە دڵی هـەموو خەڵکەوە!

سەعیدی کوڕی موسەیەب دەڵێت: (ئەگەر پیاو شەونوێژ بکات، پەروەردگار نوورێکی پێدەدات کە هەموو موسڵمانان خۆشیان دەوێت). خەڵك کاتێك ڕووخساری محمد کوڕی سیرینیان دەبینی، تەسبیحاتی پەروەردگاریان دەکرد، لەبەر نووری ڕووخساری ئەو، دەیان گوت: سبحان الله ڕووخسارە! چونکە خاوەنی شەونوێژ بوو.

کاتێك لەحەسەنی بەسری پرسرا: بۆچی شەونوێژکەران خاوەنی جوانترین ڕووخسارن؟

گوتی: لەبەر ئەوەی شەونخوونی بۆ پەروەردگاری میهرەبان دەکەن، ئەویش لە نووری خۆی ڕووپۆشیان دەکات.

پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾﴾ عبس: ٣٨

واتە: لە ڕۆژی دوایدا ڕووخسارانێك گەشاوەنە.

مسفرە: واتە گەشاوەیە لەبەر شەونوێژ، هەروەك ئیبن عباس گوتوویەتی.

خەڵك کاتێك نوری ڕووخساری وەکیعی کوڕی جراحیان دەبینی دەیان گوت: ئەوە مرۆڤ نییە! ئەو تەنیا فریشتەیەکی ڕێز لێگیراوە.



Scanned with CamScanner

یەکێك لە شەونوێژخوێنان دەڵێت: سوێند بە پەروەردگار! ئەگەر پاشاکان و کوڕی پاشاکان ئەو خۆشییە بزانن کە تیایداین! لێیان دەسەندین، ئەگەر بە شمشێریش بێت!

واتە ئەو بەختەوەرییەی کە بە شەونوێژ بە دەستی دەهێنن.

سوفیانی سەوری دەڵێت: (من بە هاتنی شەو زۆر دڵخۆشم )

ئەبو سولەیمان دەلێت: (ئەهلی شەو زیاتر لە ئەهلی هەوا و ئارەزوو، چێژ لە شەوەکانیان دەبینن).

شەونوێژکەران بەختەوەریان وەسف ناکرێت، دەسا تۆش ببە بە یەکێك لە ئەوان.

*************************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی پەیوەندییەکان

هیچ کەسێك ژیانێکی بێ پەیوەندی ناژیت، مرۆڤ لە بنەڕەتدا کاتێك لە دایك دەبێت دایکی خۆی زۆر باش دەناسێت، دواتر باوکی دەناسێت، پاشان خوشك و براکانی، دواتر خزمەکانی، ڕەنگە لەگەڵیان لەیەك ماڵ بژی، پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار کە ناوی ناوە مرۆڤ (الانسان) چونکە هۆگر دەبێت بە بوونی خەڵك و بەختەوەرە بە هەبوونیان، واتای (الانسان) بە (انس) و (أنس) لە زمانی عربی بەواتای (الایناس) دێت واتە: لێڕوانیین.

بە مرۆڤ گوتراوە انس، چونکە خوو بەشتەکانەوە دەگرێت و، لە یەکتری دەڕوانن، کاتێك پیاوێك دەبینی بە پیاوێکیتر دەگات، چاکترە لەو پیاوەی هەموو ژیانی بە تەنیایی بمێنێتەوە و بمرێت، یان بەماوەیەکی کەم بمرێت ئەو کەسەی کە تەنیایە، زانستیش لای پەروەردگارە، لەبەرئەوەی تەنیایی کوێرت دەکات و دەترسێنێت لە خەڵك، ئەوەش نەخۆشیەکی دەروونییە و، فشاری دەروونی هۆکاری یەکەمە بۆ مردنی خەڵك.



Scanned with CamScanner

## پەیوەندییەکان (العلاقات)

پەیوەندییە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر، لە پەیوەندیە هاوەبیەکان دەست پێدەکات، ئینجا بۆ پەیوەندیە هەمیشەییەکان، ئەویش پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لەنێوان دوو لایەن یان زیاتر لە ژیانتدا، دەکرێ کەسێك بێت لە لیستی خۆشەویستی یان هاورێیەتی یان خێزان یان خزم یان هاوسەرگیری یان پەیوەندییە لەگەڵ هاورێیان لە کار یان لە ماڵ یان لە شوێنەکانی پەرستندا.

**بەرەو پێش بردنی پەیوەندیەکان:**

جورج لیفنجر زانای دەروونزانی نموونەیەکی هێناوەتەوە کە زۆرترین کاریگەری هەبووە لەسەر بنیاتنانی پەیوەندییەکان، بە پێی ئەو نموونە، بەرەو پێش چوونی سروشتی پەیوەندییەکان بە پێنج قۆناغ تێدەپەڕێت:

**١ـ یەکتر ناسین.**

ئەوەیە پشت بە پەیوەندییەکانی پێشوو و خووەکانی پێشوو دەبەستێت، ئەگەر دوو کەس دەستیان کرد بە خۆشویستنی یەکتری، گونجانی بەردەوام لەنێوانیان دەیانبات بۆ قۆناغی داهاتوو، بەڵام دەکرێ یەکترناسین هەبێت هەرگیز کۆتایی نەیەت.

٢- پەیوەندی دروست کردن.

لەو قۆناغەدا هەردوولا دەست دەکەن بە متمانە بە یەکتری کردن، لێرەدا چەندین هۆکار هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی پەیوەندییەکە بەردەوام بێت یان نا؟

٣- بەردەوامی.

ئەو قۆناغە دوای پابەندبوون دێت بە هاوڕێیەتیەکی درێژ یان پەیوەندیەکی خۆشەویستی یان هاوسەرگیری، هەمیشە ئەم قۆناغە درێژە ناکێشێت و ناونراوە بە پەیوەندی جێگیری ماوەیی، بە هەر شێوەیەك بێت بەرەو پێشچوونی بەردەوام لە پەیوەندیدا لەم قۆناغە ڕوودەدات و، متمانەی ئاڵوگۆڕکراو لەم ماوەیەدا کارێکی گرنگە بۆ بەردەوامی.

٤- ڕوخان.

مەرج نییە هەموو پەیوەندیەك بەو قۆناغە تێبپەڕێت، بەڵام ئەو پەیوەندییانەی تێك دەچن هەموو کێشەکانی ڕابردووی لێ دەر دەکەوێت، دەکرێ جۆرێك لە ناڕازی بوون و ناڕەزایی لێیەوە دەر بکەوێت، لەو کاتەدا پەیوەندی لاواز دەبێت و کەسایەتی دەرناکەوێت، دەکرێ جۆرێك لە لەدەستدانی متمانە ڕووبدات، یان خیانەت، وەك بەردەوامی بۆ ڕووخانی پەیوەندییەکە، لە کۆتاییدا ئەو پەیوەندییە کۆتایی دێت (یان



Scanned with CamScanner

هەندێك لەلایەنەکان چارەسەری کێشەکە دەدۆزنەوە و متمانە دەگێڕنەوە بۆ پەیوەندییەکە).

**٥. کۆتایی هێنان.**

لە دواهەمین قۆناغدا پەیوەندییەکان کۆتایی پێدێت، لە حالەتی ئاسایی جیابوونەوەیانە بەهۆی تەمەنەوە، یان بەهۆی جیابوونەوە.

**لایەنی ئەرێنییەکانی ئاینی ئیسلام دەڵێت:**

سەردانیکردنی خزم و دۆستان بە یەکێك لە گەورەترین هۆکارەکانی نزیك بوونەوە لە پەروەردگار دادەنرێت،

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوءَ الْحِسَابِ ﴾ الرعد: ٢١

واتە: ئەو کەسانە سەرفرازن کە ئەو پەیوەندیانەی پەروەردگار فەرمانی پێکردوون بەجێ دەگەیەنن، وەلەپەروەرێنیان دەترسن، و ترسی خراپی لێپرسینەوەی قیامەتیان هەیە.

لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا ئیمام سەعدی (پەروەردگار لێ ڕازی بێت) دەڵێت: ( مەبەستی ئەم ئایەتە گشتییە هەموو



Scanned with CamScanner

پەیوەندییەک دەگرێتەوە، لە ئیمان بە پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) و، خۆشویستنی پەروەردگار و خۆشویستنی پێغەمبەرەکەی (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت)، پەیڕەوکردنی پەرستشەکانی پەروەردگار تاك و تەنیا و، گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) و، پەیوەندی بە دایك و باوك و، بە چاکەکردن و گفتوگۆکردن و نەخواردنی مافیان، پەیوەندی خزمان و نزیکان بەقسە و کردار بە چاکی ئەنجام دەدەن و، پەیوەندیان لەگەڵ خێزان و هاوڕێیان بەپێدانی مافی تەواویان لە دین و دونیادا جێبەجێ دەکەن.

ئەو هۆکارەی وای لە بەندەکان کردووە پەیوەست بن بەو شتانەی پەروەردگار فەرمانی پێکردوون و پەیوەندییان لەگەڵی بەردەوام بێت، ترسیانە لە پەروەردگار و ڕۆژی لێپرسینەوە. هەر لەبەر ئەمە پەروەردگاری گەورە فەرموویەتی: (ويخشون ربهم).

پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ



Scanned with CamScanner

﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰ أَبْصَارَهُمْ ﴿٢٣﴾﴾

محمد: ٢٣-٢٢

واتە: ئایا ئێوە بەتەمان ئەگەر لەغەزا پشت هەڵبکەن یاخود دەسەڵاتتان کەوتەدەست، تۆوی ئاژاوەو فەساد و تاوان لەزەودا بچێنن و هەرچی پەیوەندی خزمایەتیش هەیە بیپچڕێنن و لەناوی بەرن؟!

ئەو جۆرە کەسانەئەوانەن کەپەروەردگار نەفرینی لێ کردوون و کەڕی کردوون کوێرایی هێناوە بەسەر چاویاندا (ڕاستیەکان نابینن).

ئاینی ئیسلامان زۆر جەختی کردۆتەوە لە بەختەوەری و کۆبونەوەی نزیکەکان و دوورنەبوون و جیانەبوونەوە لەیەکتر.

لە دایکی ئیمانداران عائیشە (پەروەردگار لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: (پێغەمبەری پەروەردگار سەلامی پەروەردگار لەسەر فەرموویەتی: ڕەحم وسۆز هەڵواسراوە بە عەرشی پەروەردگارەوە، دەڵێت:هەر کەسێك من جێبەجێ بکات پەروەردگار دەیگەیەنێتە ویست و ئارەزووەکانی، هەرکەسێکیش من جێبەجێ نەکات، پەروەردگار نایگەنێتە ویست و ئارەزووەکانی).



Scanned with CamScanner

**ئاگاداری لە پەیوەندییەکان:**

گومانت باش بێت بەرانبەر خەڵك، بە دڵێکی پاکەوە بەرانبەرییان بژی، گومانی خراپیان پێ مەبە. لەم سەردەمە پێویستە ئاگادار بیت، چونکە لە کاتە قورس و نارەحەتەکان نازانی کێ کەسی نزیکتە و کێ خۆشەویستتە.

نهێنیت بە هیچ کەسێك مەدە، جا هەر کەسێك بێت، بەڵکو لە ناوەوەت بیپارێزە، ناوەوەت خۆ تەنیا بۆ خواردن دروست نەکراوە.

**سوودەکانی سەردانی کردن:**

١- سەرفرازی بەبەهەشت.

٢- زۆر بوونی ڕزق.

٣- پارێزراوی لە مردنی خراپ.

٤- هۆکارە بۆ درێژ بوونی تەمەن و بەرەکەتدار بوونی تەمەن.

٤- هەستی خۆشەویستی و برایەتی بەهێز دەکات.

*********************************



Scanned with CamScanner

## هاوسەری چاك:

هاوسەری چاك بەختەوەرییە لەم دونیایەدا، پاڵنەرە بۆ سەرکەوتن لەوەی پەروەردگار پێی ڕازیە، ئافرەتی باش ئەوەیە وا لە هاوسەرەکەی بکات گوێڕایەڵی پەروەردگار بێت و بەختەوەری لە هەموو شتێکدا بە هاوسەرەکەی پێببەخشێت، ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرموویەتی: (دونیا چێژو خۆشییە، باشترین خۆشیش ئافرەتی چاکە) مسلم.

ئەگەر پیاو هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی چاك کرد، ئەوا دونیای بە هەموو شتێکیەوە بە دەست هێناوە، لە دوارۆژیش سەرفراز دەبێت.

ئەگەر پیاو هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی کەم دین کرد، ئەوا سەرفرازی دونیا و قیامەتی لە دەست داوە.

**هۆکاری ئەمە:**

ئەگەر پەروەردگار ئافرەتێکی چاکی بە پیاوێکی چاك بەخشی، ئەوا مێردەکەی یارمەتی هاوسەرەکەی دەدات لە کاری ماڵەوە و ماندووی ناکات و ڕازی دەکات لە هەموو بارودۆخێك و، ئەرکێکی ناخاتە سەرشان پێی هەڵنەگیرێ و

توانای نەبێت، هەروەها بۆ نوێژی بەیانی هەڵی دەستێنێت و پێشـوازی لێـدەکات کاتێـک دەچـێتە ماڵـەوە و بەشـداری پێدەکات لەپەرستشەکان و ئارامی دەروونـی پێدەبەخشـێت، ئـەم قسەیەشـم ئـەم فـەرمودە پـیرۆزە پاڵپشـتی دەکـات، پێغەمبەر (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێـت) دەفـەرمووێت: (ئەگەر پەروەردگار ئافرتێکی چاکی پیّ بەخشی ئـەوا نیـوەی ئیمانی پێبەخشییە، ئەویش بۆ نیوەکەی تری لە پـەروەردگار بترسێت).

**هەندێك دەڵێن:**

چاکترین ئەو شتانەی مرۆڤ لە دونیا وەریگرتووە و دامـەزراوی دەکات لەسەر ئاین، دڵێکی سوپاسگوزار و، دەمێکی بە زیکر و ئافرەتێکی چاکە.

بـەڵام ئەگـەر هـاتوو پیاوەکـە دینـدارێکی بـاش نـەبوو و، ئافرەتەکەش دیندارێکی باش نەبوو، تەڵاق ڕۆژێك هەر دێت و مـەحاڵ نییـە، ئـەم لـە پـەروەردگار ناترسـێت و ئـەویش لـە پەروەردگار ناترسێت، پیاوەکە لێیـدەدات و ژنەکـەش قسـەی ناشرینی پێدەڵێت، ئـەو دەری دەکـات و ئافرەتەکـەش چـی ویسـت دەیکـات، پیاوەکـە خیانـەت دەکـات و ئافرەتەکـەش



Scanned with CamScanner

خیانەت لەو دەکات، بە دڵنیاییەوە تەڵاق سەرەنجامە، لەبەر ئەوەی ئەوان لەژێر فەرمانی شەیتانن نەوەک پەروەردگار.

**یارمەتییدان لەسەر گوێڕایەڵی پەروەردگار:**

یارمەتییدانی کەسە نزیکانەکان و هاوڕێیان لەسەر تاعەت و گوێڕایەڵی پەروەردگار سەرکەوتنێکی گەورەیە، ئەی دەبێ دەربارەی دوو هاوسەر چۆن بێت؟

پەروەردگار دەفەرموویّت: ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ﴾ المائدة: ٢

واتە: یارمەتی یەکتر بدەن لەسەر چاکە و تەقوادا.

ئەمە پێغەمبەرە (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) هاوسەران هان دەدات، کە یارمەتی یەکتر بدەن لەسەر دڵسۆزی و کامڵ بوونی یەکتر، هەروەها هانی داوین لەسەر (شەونوێژ).

لە ئازیزمان(سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: (پەروەردگار ڕەحم بە پیاوێك بکەیت شەوان هەڵدەستێت و، شەونوێژ دەکات، پاشان خێزانەکەی هەڵدەستێنێت، ئەویش نوێژ دەکات، بەڵام ئەگەر ڕەتیکردەوە، پیاوەکەش هەندێك ئاوی دەپرژێنێت بەسەر



Scanned with CamScanner

ڕووخساریدا. پەروەردگار ڕەحم بە ئافرەتێك بكات كە شەوان هەڵدەستێت و نوێژ دەكات، هاوسەرەكەی هەڵدەستێنێت، ئەویش نوێژ دەكات، ئەگەر ڕەتیكردەوە، ئەویش ئاو بپرژێنێت بەسەر ڕووخساریدا) ابوداود و النسائي.

ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (ئەگەر پیاوێك لە شەودا خێزانەكەی لە خەو هەڵبستێنێت، دوو ركات نوێژی كرد -نوێژیان كرد-، لە ریزی زیكركەرانی پەروەردگار هەژمار دەكرێن لە پیاوان و ئافرەتان) ابوداود و النسائي.

پرسیار لە پیرێك كرا كە ڕووخساری جوان و درەوشاوە بوو: چ مادەیەك بۆ جوانكاری ڕووخسارت بەكاردێنیت؟

گوتی: بۆ لێوەكانم قسەی حەق، بۆ دەنگم زیكر، بۆ چاوم پاراستنی چاو، بۆ دەستەكانم چاكە، بۆ پێیەكانم ئیستیقامە، بۆ دڵم خۆشەویستی پەروەردگار، بۆ عەقڵم دانایی، بۆ نەفسم گوێڕایەڵی، بۆ ئارەزووەكانم باوەڕ.

**پاداشتی گوێڕایەڵی هاوسەر چییە؟**

خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (ئافرەت ئەگەر پێنج نوێژە فەرزەكەی كرد، ڕەمەزان بە ڕۆژووبوو، گوێڕایەڵی هاوسەرەكەی كرد، لەهەر دەرگایەك بیەوێت دەچێتە بەهەشت)



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی ڕەفتارکردن

ڕەفتاری جوان و هونەری ڕەفتار کردن ئەوەیە لێت داواکراوە، تۆ دەتوانی بە زەردەخەنەیەک خەڵکێکی زۆر بەلای خۆتدا ڕابکێشیت و، بە قسەیەکی جوان بچیتە نێو دڵەکان، ئەم کارانە هەنگاوی ئاسانن بۆ تێکەڵ بوونی کۆمەڵایەتی، دەکرێ خەڵکانێک هەبێت شەرم بکات لە دەستپێشخەری قسەکردن لەگەڵ کەسانی تر، لە ترسی ڕەتکردنەوە و ئیهمال کردن، ئەوەش دەبێتە هۆی کۆسپ لەبەردەم دروست کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بە پێچەوانەوە کاتێک کەسێک زۆر چالاک دەبێت لە هەڵسان و بە قسەکردن و دەستپێشخەری، ئەوا چەندین دەرفەتی گەورەی بۆ دێتە پێش لە چاوپێکەوتنی خەڵکدا و، ئەزموونی زۆر دەبێت لە چاک ڕەفتارکردن لەگەڵیان، وە پێویستە لەسەرت ناوی خەڵکانی تریش بهێنیت، بۆ نزیک بوونەوەی کۆمەڵایەتیێ لە نێوان خەڵکدا.



Scanned with CamScanner

## جوانی و دژایەتی جوانی

جوانە ئەو کەسەی ڕێزت گرت چاکە بزانێت، دژایەتی جوانیش ئەوەیە ئەگەر ڕێزت گرت هەڵگەڕێتەوە لێت.

(ئەگەر ڕێزی بەڕێزت گرت دەبیتە خاوەنی،

بەڵام ئەگەر ڕێزی ناڕەسەنت گرت لێت هەڵدەگەڕێتەوە).

**جیاوازی لە ڕەفتار:**

بە پێی پەیوەندییەکان ڕێگای ڕەفتارکردن جیاوازە، کوڕ لەگەڵ باوك، پیاو لەگەڵ خێزانەکەی، سەرۆك لەگەڵ گەلەکەی، بەپێچەوانەوەش، جیاوازی دووەمیش بە گوێرەی تێگەیشتن و عەقڵ، پیاوێکی زانا و چاك و تێگەیشتوو، ڕێگای ڕەفتار کردنی جیاوازە لەگەڵ کەسێك کە تێگەیشتنی سنووردار و عەقڵکی سنوورداری هەیە.

جیاوازی سێیەم بەجیاوازی کەسایەتییەوە بەندە، کەسێکی سکاڵاکار و هەستیار جیاوازە لەگەڵ کەسێکی ئاسایی، ڕێگاکان جیاوازن بە جیاوازی کەسایەتییەکان کە لێیان زەق دەبنەوە.



Scanned with CamScanner

**شێوازەکانی ڕەفتارکردن:**

ئەو شتانەی خەڵک خۆشی دەوێن و، ئەوانەش خەڵک ڕقیان لێیەتی کاریگەری لەسەریان هەیە چ ئەرێنی بێت چ نەرێنی، ئەو هۆکارانە سەرکەوتوون، چونکە پێشەنگمان حەزرەتی خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) پێشەنگە لەوەدا و، ئەو شێوازانە لە سوننەت و لە ڕاستییدا ئەزموون کراون، ئەوانیش ئەمانەن:

١- خەڵک ڕقیان لە ئامۆژگارییە لەنێو خەڵک:

(بە تەنیا قسەی لەگەڵ بکە و ئامۆژگاری بکە) داوای لێبکە قبوڵی بکات و، لە بابەتەکە تێبگات بە سنگ فراوانییەوە.

٢- سەرکۆنەی زۆری خەڵک مەکە:

(ئێمە هەندێك هەست و ئارەزوومان هەیە، دەمانەوێت کەسانی تر وەك خۆی قەبوڵی بکەن و ڕێزی بگرن وەك ئەوەی کە هەیە).

٣- دانایی و ئازایەتی ئەوەیە کاتێك هەڵە دەکەیت دان بەو لاوازییەکە بنێیت:

(داننان بە هەڵە ئەو ڕقە دەسڕێتەوە لە دڵی بەرانبەرەکەت کە خەریکە لە دایك بێت، دواتر شوێنەواری هەڵەکە وردە وردە لە دڵی خۆتیش نامێڵێت. کاتێك دەبینیت هەڵەت کردووە ڕادەستی ببە)



Scanned with CamScanner

٤- دوور بکەوە لەوەی بڵێی من:

(خەڵك ڕقیان لەوەیە گەورەییەکان بدەیتە پاڵ خۆت، لە سەرژمێرییەکی وێستگەی تەلەفۆن لە نیویۆرك دا: وشەی (من) ئەو وشەیە بوو زۆرترین وشەی دووبارەبووەوە بوو لە هێڵەکانی تەلەفۆن).

ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵك تەنیا گرنگی بە خۆیان دەدەن، ئەگەر تۆ زۆر گرنگی بە خۆت دەدەیت بە شێوەیەکی کوێرانە و، هەوڵ نادەیت خەڵکی کەمەندکێش بکەیت و گرنگییان پێبدەیت، ئەی چۆن چاوەڕێ دەکەیت ئەوان گرنگیت پێبدەن؟

٥- سەرنج مەخەرە سەر شتە نەرێنییەکان بە بێ چاکەکان:

(لە ڕقی عەمر دەگریا، بەڵام کاتێك جێیهێشت و ئەزموونی کەسانی دیکەی کرد، ئیدی بۆ عەمر دەگریا)

٦- خەڵك ڕقیان لە کەسانێکە کە لاوازییەکانیان لەبیر ناکەن:

(خەڵك ڕقیان لە کەسانێکە کە لاوازی و هەڵەکانیان لەبیر ناکەن و هەر باسی دەکەنەوە، سەرەڕای ئەوە کەسێکیان خۆش دەوێت کە لێیان خۆشبووە، خەڵك زۆریان ڕق لەو سیفەتەیە.



Scanned with CamScanner

ئەو کەسەی هەڵەکان بەبیر خەڵك دەهێنێتەوە و جار لەدوای جار دووبارەی دەکاتەوە، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ ﴾ آل عمران: ١٣٤

واتە: ئەو کەسانەی لە خەڵکی دەبوورن.

پێغەمبەر سەلامی پەروەردگاری لەسەر دەفەرموێت: (کەسێك هەڵەی برا موسڵمانەکەی بپۆشێت، پەروەردگار هەڵەی دەپۆشێت لە دونیا و قیامەت)مسلم.

ئەو کەسەی هەڵەکان باس دەکاتەوە و دووبارەی دەکاتەوە، خەڵك ڕقیان لە کۆبوونەوە و دانیشتنە لەلایان.

**هەڵویستەکانی خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت):**

ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) بە دادپەروەری ڕەفتاری لەگەڵ یەهود دەکرد و، ستەمی لێ نەدەکردن و، ئەگەر مافی خوێنیان لەسەر موسڵمانان بوایە، خۆشەویست خۆی خوێن بایی پێدەدان.

*پیاوێکی ئەنساری درعێکی لە کەنیزەیەکی موسڵمان برد، پاشان لەلای یەهوودیەك شاردییەوە، دوایی یەهوودیەکەی تۆمەتبار کرد بە دزیەکە، خەریك بوو ئازیزمان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) لەبەر بوونی بەڵگە یەهودییەکە



Scanned with CamScanner

سزا بدات، بۆیە پەروەردگار ئەم ئایەتانەی سوورەتی النساء

نارده خوارەوە: (إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ......

وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا)

واتە: ئێمە ئەو کتێبەمان بە حەق بۆ تۆ دابەزاندوە....

تاوانێکی ئاشکرایە.

بۆیە سوڵتانی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) لەنێو خەڵکدا بێتاوانی یهودییەکەی ڕاگەیاند و موسڵمانەکەی بە دز دانا.

************************************



Scanned with CamScanner

## وەستانێك

لەو کاتەی تۆ دانیشتوویت خوێندن وکۆلیژ بە نەفرەت دەکەیت، لەولاوە کەسێك بەسەر بالیفەکەیەوە دەگری، هەموو رۆژێك ئاواتی تەنیا شوێنێکی خوێندنە.

لەو کاتەی تۆ دەنگت بەسەر دایکت دا بەرز دەکەیتەوە، لەولاوە کەسێك لە جێگایەکی تاریك دانیشتووە و، بیری بۆنی دایکی دەکات.

لەو کاتەی تۆ گلەیی لە ناشرینی و کەموکورپیی روخسارت دەکەیت.

لەو کاتەی تۆ لۆمەی خزمەتگوزارییەکانی ولاتەکەت دەکەیت، لەولاوە کەسێك تەنیا ئاواتی ئەوەیە شوێنێك بدۆزێتەوە تیایدا بخەون.

هەمیشە سوپاسگوزاری پەروەردگار بە.

*************************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی خۆشەویستی

لەسەر خۆشەویستی گوتراوە:

(خۆشەویستی جەهەننەمیش بێت بەرگەی دەگیرێت. ژیانیش نیعمەتێکە بەڵام بێ خۆشەویستی بەرگەی ناگیردرێت).

(خۆشەویستی هیچ یاسایەك ناناسێت)

*ئەگەر ویستت هەموو جوانیەکان ببینیت،

ئەوا لە ڕووخساری ئەو کەسەی کە خۆشتدەوێت هەموو جوانییەکان دەبینیت.

*من حەز لەو خەوە دەکەم لە کاتی خۆی نەبێت،

چونکە دەکرێ دیدار یار لە خەودا بێت.

**وانەی خۆشەویستی:**

گوتراوە: لە (الحباب) وەرگیراوە ئەوەی کە ئاو بەرز دەکاتەوە لە کاتی شەستە باران، بە نموونەی گەرم بوونی دڵ و بە کوڵبوون و تێك چوونی لە کاتی بینینی خۆشەویستەکەت، هەردووکیان هاوشێوەن.

گوتراوە: لە چەسپاوی و پابەندی وەرگیراوە.

لە فەرموودەیەکی شیریندا هاتووە جانی جانان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرموویەتی: (خۆشەویستی شتێکە مرۆڤ کوێر و کەڕ دەکات) احمد.



Scanned with CamScanner

**ناوەکانی خۆشەویستی**

چەندین ناویان بۆخۆشەویستی داناوە لەوانە: المحبـة، الهـوي، الصبوة، الوجد، الشغف، العشـق، الشـوق، النجـوي، الوصـب، لاستكانة، الود، الغـرام، الهيـام، الغلـة، چـەندین نـاوی دیکـەی خۆشەویستی هەن لە کاتی دەبڕینی خۆشەویستان لـە شـعر و زاریـان بـە کـار هـاتوون، زۆربـەی دەربڕینـەکان دەلالـەت لـە هەست و سۆز دەکەن لەنێوان خۆشەویستان.

**خۆشەویستی لە ئیسلام دا گەورەیە:**

ئیسلام بانگەشـەی خـەڵك دەکـات بـۆ خۆشەویسـتی. ئیسـلام دەمێکـە داوا دەکـات هـەموو موسـڵمانان بـرا بـن، هـەروەك پەروەردگار ٩٩ ناوی هەیە لەوانە الودود: واتە خۆشەویسـت، هـەموو سـوڕەتەکانی قورئـان بـە وەسـفی سـۆز و میهرەبـانی پەروەردگار (الرحمن الرحيم) دەست پێدەکـەن، بـەو واتایـەی هیچ خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانییەك لەوەی پـەروەردگار گەورەتر نییە.

پـەروەردگار لـەقورئانی پـیرۆز داوا لەموسـڵمانان دەکـات کـە بەچـاکە ڕەفتـار لەگـەل خـەڵکی بکـەن، ئەمـەش واتـا بـە خۆشەویستییەکی قوڵەوە، هەروەها وشەی (البر) لە قورئانـدا بەکارهاتووە بۆ وەسفی چاکەی منداڵ لەگەڵ دایك و باوکیدا.



Scanned with CamScanner

**ئامۆژگارییەك:**

شەرم مەکە لە دەرخستنی خۆشەویستی بۆ کەسانی چواردەورت.

ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) ئەژنۆی موبارەکی خستە سەر زەوی بۆ ئەوەی دایە سەفیە سواری وڵاخ ببێت، سوڵتانی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) شەرمی نەکرد لەوەی لەشکرەکەی ئەم دیمەنە ببین و، ئەویش خۆشەویستی بۆ هاوسەرەکەی سەفیەخان دەردەبڕێت.

خۆشەویستی ئەگەر دڵ بیپارێزێت، ئەوا دەرناچێت تاکو مردن، بەڵگەش لەسەر ئەمە فەلامایشتی ئازیزمانە (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) کە دەفەرمووێت: (پیاو لەگەڵ کەسێك حەشر دەکرێت کە خۆشیدەوێت).

بەڕێزانم حۆشەویستی:

دەکرێ ئازار بەخش بێت بە قەدەر ئەوەی جوانە!

بەڕێزانم حۆشەویستی:

ئەو شتە ئەنجام دەدات کە ئەنجامدانی ئەستەمە!

بەڕێزانم حۆشەویستی:

هیوایە، قوربانییە، منداڵە، ڕازی بوونە، هۆگر بوونە، بەختەوەرییە.



Scanned with CamScanner

**لە جوانترین ئەو ئامۆژگاریانەی خوێندوومەتەوە:**

**ئەگەر کەسێك خۆشی ویستیت؟!**

یان خۆشت دەوێت وەك چۆن خۆشی دەوێی... یان خۆشەویستیەکەی لە سەرەتاوە ڕەتبکەوە! وای لێ مەکە زیاتر و زیاتر هۆگرت بێت و، تۆش لەوپەڕی بێ ئاگایی دابیت! وامەکە ئازارت بچێژێ و بنالێنێت، لە کاتێکدا تۆ هیچ گرنگیەك و دەربڕینێکت بۆی نیە تەنیا گفتوگۆ نەبێت!

تاوانی دڵێك چیە کە هۆگر بووە و عاشق بووە، لە کاتێك دا تۆ تەنیا کاتی لەگەڵ بەسەر دەبەیت!

ئازیزەکەم دونیا ڕەحم بە کەسێك ناکات کە هەڵسابێت بە شکاندنی کەسانی دیکە.

**کاتێك:**

*کاتێك یەکترتان خۆشدەوێت، بەهێز بن.

*کاتێك کەسێکت خۆش ویست، با پێشەنگت حەزرەتی خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) بێت.

*کاتێك پیاوێکت خۆش ویست، با پێشەنگت عائیشەخان (پەروەردگار لێ ڕازی بێت) بێت.

*کاتێك کەسێکت خۆش ویست لێبووردە و لێخۆشبوو بە، لەبەری دابێنە، خۆشەویستی لێبوردەیی و قوربانیدان و وەفا و دڵسۆزییە.

*کاتێك خۆشەویستی دەکەن میهرەبانی پشت گوێ مەخەن.

*کاتێك خۆشەویستی دەکەن بەمتمانە بن.

*کاتێك خۆشەویستی دەکەن لەمەیدانی جەنگی عیشق بن، کێبڕکێ بکەن لەسەر ئەوەی کێ زیاتر عاشقە و ئەویتری خۆشتر دەوێت.

**قۆناغەکانی خۆشەویستی:**

دەڵێن خۆشەویستی حەوت قۆناغی هەیە، ڕاستگۆترین و بەرزترین پلەی قۆناغی (شەیدایی)یە، هیچ کەسێك پێی ناگات تاوەکو بە مانای وشە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی وشە خۆشەویستی نەکات، لێرەدا گەورەیی خۆشەویستی دەدرەوشێتەوە.

خۆشەویستی شێتانە وەسفێکی تەواوی نییە، وەك نقوم بوونە لە دەریایی خۆشەویستی بە کامڵ ئاگایی و ویستنەوە.

*پرسیار:

ئایا خۆشەویستی جوانە؟!

خۆشەویستێ جوانە بۆ کەسێك کە بە پیاوەتییەوە کەسێکی خۆش بوێت نەك بە ئارەزوو، ناشرینی خۆشەویستی کاتێك دەست پێدەکات کە ئافرەتانێك بەداخەوە نقوم بوو بن لە دەریایی پیاواندا و دواتر بڵێن: پیاوێکمان دەوێت قسەی لەگەڵ هیچ ئافرەتێك نەکرد بێت!



Scanned with CamScanner

هەندێك لە پیاوان بەداخەوە، نقوم بوو بن لە دەریایی ئافرەتان دواتر بڵێن: ئافرەتێکمان دەوێت قسەی لەگەڵ هیچ پیاوێك نەکردبێت ئەوەیان ناشرینترین خۆشەویستییە.

خۆشەویستی بەرییە لە هەموو ئەو جۆرە وێنانەی خۆشەویستی ناشرین و قێزەوەن دەکەن، ئەویش بە ڕوونی (پەیوەندییەکی حەرامە) کە بە ناوی (خۆشەویستی)یەوە بەکاری دەهێنن. نازانم خۆشەویستی هەمووی ئارەزووە، یان ئارەزوو هەمووی خۆشەویستییە!

*چۆن کەسێکم خۆش بوێت بەکردار و ڕەفتار؟

وەڵام:

وشە و قسەی شیرین لە دڵ دەردەچێت ئەگەر لە خۆشەویستییەکە ڕاستگۆ بێت، ئەوە کێشە نییە! بەڵام ئازیزم کردار پێویستە دەریبخەیت، زۆر کەس کەسانێکیان خۆش دەوێت بەڵام خۆشەویستیان بۆ کەسی بەرانبەر دەرناخەن، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە.

ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) ئەگەر کەسێکی خۆش ویستبا پێی دەگوت، هەروەك لە فەرموودەی موعازی کوڕی جەبەل دا هاتووە دەڵێت: خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) جارێك دەستی موعازی

گرت و فەرمووی: (ئەی موعاز، سوێند بە پەروەردگار من تۆم خۆشم دەوێ، سوێند بە پەروەردگار من تۆم خۆشم دەوێ) ابو داود.

هەر بۆیە پێویستە دەری بخەیت و بەو کەسە ڕابگەیەنیت کە خۆشت دەوێت، هەروەك لە فەرمایشتێکی شیرینی حەزرەتی سوڵتانی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) هاتووە، فەرموویەتی: ( هەر کەسێکتان خۆشویست، پێی ڕابگەیەنن) احمد.

ئەوە ئامۆژگاری حەزرەتی ئازیزە (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت).

***********************************



Scanned with CamScanner

**موغیس هاوسەری بەریرە**

موغیس کۆیلە بوو، بەریرەش کەنیزەك بوو.

منالّیان لەنێوان هەبوو، بریرە هەوڵی دەدا گەورەکەی ئازادی بکات، لەگەڵ گەورەکەی ڕێککەوت لەسەر ئەوەی بڕێك پارە بهێنێت و ئازادی بکات، بەریرە چووە لای دایکی ئیمانداران حەزرەتی عائیشە (پەروەردگار لێ ڕازی بێت). حەزرەتی عائیشەش ئەو بڕە پارەیەیی پێدا و، بەریرە ئازاد کرا.

کەنیزەش ئەگەر هاوسەری کۆیلەیەك بوایە لە شەرعدا ئەگەر ئازاد بکرایە مافی ئەوەی هەبوو لەگەڵ هاوسەرەکەی بمێنێتەوە یان لێی جیابێتەوە.

بەریرە جیابوونەوەی هەڵبژارد لە موغیس کە خۆشەویستییەکی زۆری هەبوو بۆ بەریرە، تاوەکو خەریك بوو دڵی شەقی دەبرد بەهۆی جیا بونەوەی لێی.

ئیبن عباس (پەروەردگار لێی ڕازی بێت) دەڵێت: سوێند بە پەروەردگار بریرە لە ڕێگا دەڕۆیشت، مغیس بەدوای دا دەڕۆیشت و فرمێسك بەسەر ڕوومەتەکانی دەهاتە خوارەوە داوای لێ دەکرد بگەڕێتەوە.

ئەویش ئاوڕی لێ نەدەدایەوە! ئازیزمان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) ڕۆژێك موغیسی بینی لەدوای



Scanned with CamScanner

دەڕۆیشــت، خۆشەویست(ســەلامی خــودای لەســەر بێــت) بەعەباسی فەرموو: ئەی عباس! ئایا سەرت نەسوڕماوە لە خۆشەویستی موغیس بۆ بەریرە و ڕقی بەریرە بۆ مغیس؟

پێغەمبەر (سەلامی پەروەردگار لەسەر بێت) بە بریرەی فەرموو: (بۆ ناگەڕێیتەوە لای؟!)

بەریرە گوتی: ئازیزی دڵان! فەرمانم پێدەکەیت؟!

ئازیزمـان (سـەلامی پـەروەردگاری لەسـەر بێـت) فـەرمووی: (نەخێر، تەنیا من تکایی بۆ دەکەم)

بەریرە گوتی: من پێویستم پێی نییە!

بەریرە ڕۆیشت و ئازیزی دڵانیش (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) ڕۆیشت و بە هیچ شتێك پابەندی نەکرد!

ئێوەش وەکو حەزرەت (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) تکاکاربن بۆ خۆشەویستی،

بەدایك و باوکەوە بەقوربانی بم.

**********************************

## وەستانێك

غیرەکردن سەرەتای خۆشەویستییە.
گرنگی پێدان سەرەتایی هۆگر بوونە.
هاورێیەتی سەرەتایی بەس بوونە لە هەموو شتێك.
ئیهمال کردن سەرەتایی خیانەت و نائومێدییە.
دوورکەوتنەوە سەرەتای رق و کینەیە.
(ببە بە پارێزەری ئەو شتانەی لە دەورووبەرت روودەدات).
**********************************



Scanned with CamScanner

## ئەو کەسەی خۆشتان دەوێت پێی ڕابگەیەنن

کاتێك هەست بە خۆشەویستییەکی ڕاست دەکەیت، کاتێ دەکەویتە جیهانی عیشق، ئەوکاتە بە دەنگێکی بەرز هاواری بوێری بکە.

بەو کەسەی خۆشت دەوێت پێی بڵێ: خۆشم دەوێی!

ڕۆژگار لە پێناو تۆ ئارام ناگرێت و، کات لە پێناو تۆ ناوەستێت.

هەر ئێستا ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێت بە پەلە پێی بڵێ کە خۆشت دەوێت!

پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (سەلامی خودای لەسەر بێت) ڕێگەی بۆ خۆشکرد و، گوتی: (ئەی پێغەمبەری خودا! من ئەو کەسەم خۆش دەوێت) مامۆستا و خۆشەویست و سەروەرمان بە دایك و باوکەوە بە قوربانی بم فەرمووی: (ئایا پێت ڕاگەیاندووە).

پیاوەکە گوتی: (نەخێر)

پێغەمبەری خودا فەرمووی: (بڕۆ پێی ڕابگەیەنە).



Scanned with CamScanner

(هەڵسە)

هەڵسە هیچ شتێك لە دەست نادەیت، دانپێدانان باشترینە.

هەڵسە!

لەوانەیە ئەویش تۆی خۆشبوێت!

هەڵسە

پێی ڕابگەیەنە، ئاگری گڕ گرتووی ناخت خامۆش بکە!

هەڵسە

هەڵسە، گوڵ ئەگەر ئاو نەدرێت دەمرێت! نامرێت لە کاتێك تۆ لە دوورەوە چاودێری دەکەیت

هەڵسە

ئەگەر هەستەکان هاوشێوە بوون دڵخۆشی بۆ تۆ، ئەگەر هاوشێوە نەبوون ئەوا پاشەکشە جوانە.

***********************************



Scanned with CamScanner

## وەستانێك

خۆشەویستی ڕاستگۆیانە حەڕام نییە.

ئەگەر سەرپێچی لە حوکمەکانی شەرعی پەروەردگار نەبێت.

لەبەر ئەوەی دڵ خۆشی دەوێت بە بێ ویست.

خۆشەویستی حەڵاڵ یان حەڕام دەبێت، بە گوێرەی تێڕوانینی کەسەکان بۆی، نموونە کەسێك بە هەوا و ئارەزووەوە خۆشەویستی دەکات و جێی دەهێڵێت، لەگەڵ کەسێك خۆشەویستی دەکات و پاشان هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات (ئایا یەکسانن؟!)

ئەمە جیاوازیەکەیە!

بەپێی تێڕوانین و ڕەفتاری کەسەکان حەلال و حەڕام دەبێت.

************************************



Scanned with CamScanner

## هەڵوێستەیەک

زیادەڕۆیی مەکە لە خۆشەویستی.

زیادەڕۆیی مەکە لە گرنگی پێدان و بیرکردن.

لەدوای هەموو زیادەڕۆییەک،

شەقی شەرمەزاری هەیە.

ئەگەر کەسێکت بە قولی خۆشویست، یەکەمجار دڵنیا بە

لەوەی کە لایەنی بەرانبەر بە قوڵی خۆشی دەوێت.

قوڵی خۆشەویستی ئەمڕۆ،

قوڵی برینی بەیانیتە.

پارێزگاری لە شکانی ئەو دڵە بکە کە لەنێوان پەراسووەکانت

دایە!

************************************



Scanned with CamScanner

## گەرەکی هاوڕێیەتی

هاوڕێیەتی گەورەترین گەنجینەیە دەکرێ پیاو و ئافرەت بە دەستی بهێنن. خۆشەویستییەکی گەورە و تەواوی تێدایە.

هەمیشە هاوڕێیەتی دڵسۆزییە، هاوڕێ ئەمەیە:

پاڵپشت.

پارێزەر.

هێز.

نیعمەت.

**دەربارەی هاوڕێیەتی ڕاستەقینە گوتوویانە:**

هاوڕێیەتی مانەوە نییە لەگەڵ هاوڕێ بۆ ماوەیەکی درێژ، یان لەگەڵی بێی و بڕۆیت، نەخێر! بەڵکو مانەوەیە لەسەر پەیمان و بەڵێن هەر چەند مەودایەکە کورت یان درێژ بێت.

هاوڕێیەتی گرنگترین شتە کە پێویستە لە ژیانی تاك دا هەبێت، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْ ﴾

الحجرات: ١٣

واتە:ئەی مرۆڤەکان ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێ، وە ئێوەمان کردۆتە هۆز و تیرە تا یەکتر بناسن.



Scanned with CamScanner

بەڵام بە مەرجێك هاوڕێ پاك و ڕاستگۆ و دڵسۆز بێت و، گرنگترین شت لە هاوڕێیەتی داوا بکرێ ئەمەیە:

١- پەروەردگاری خۆش بوێت و لێی بترسێ و تکای لێ بکات، هەموو کات دڵی پەیوەست بە پەروەردگار بێت.

٢- ڕەوشتی جوان بێت.

پێویستە بزانی هەموو کەسێك شایەن نییە پێی بگوترێ هاوڕێ، یان لە لیستی هاوڕێکانتی دابنێی. نەخێر! هەندێك کات مرۆڤ خۆی لە تەڵەی هاوڕێیەکی خراپی دەبینێتەوە!

وەکو پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِى لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِى عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِى ۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾ ﴾ الفرقان: ٢٧ – ٢٩

واتە: ڕۆژێك دێت ستەمکار قەپ دەکات بەهەردوو دەستی خۆیدا وگاز لە هەردوو دەستی خۆی دەگرێت (لە پەشیمانیدا و) دەڵێت: خۆزگە لەگەڵ پێغەمبەردا ڕێبازی ئیمانم بگرتایە. مەرگ بۆ خۆم، خۆزگە فڵان کەسم نەکردایەت هاوەڵ و دۆستی خۆم (چونکە سەری لێشێواندم).

بەڕاستی گومڕاو وێڵی کردم لە بەرنامەی پەروەردگار دوای ئەوەی پێم ڕاگەیەنرا بوو، شەیتان هەمیشە و بەردەوام هانی مرۆڤ دەدات بۆ گوناهو تاوان، لەکاتی تەنگانەشدا پشتی بەردەدات.

هاوڕێیەك هەڵبژێرە خاوەنی عەقڵ و پێوەر بێت، شتەکان بپێوێت پێش ئەوی قسە بکات، ئەو هاوڕێیەی بە عەقڵمەند وەسف نەکرێت بۆ هاوڕێی، ئەوا دەبێتە زیان بۆ بەرانبەرەکەی.

**بەشەکانی هاوڕێیەتی لای ئەرستۆ:**

بۆ سێ بەش دابەشی کردوون:

١- **هاوڕێی سوود:** ئەو کەسەیە نرخی هاوڕێیەکەی دیاری دەکات بە پێی سوودێکی دیاریکراو، ئەم هاوڕێیەتیەش کاتییە و کۆتایی دێت بە کۆتایی هاتنی سوودەکە، ڕاستر بڵێین هاوڕێی بەرژەوەندییە.

٢- **هاوڕێی چێژ:** ئەمە لەو کاتەدا دەردەکەوێت کاتێك کە پلەی چێژ و خۆشی زۆر لەلای کەسانەکان دەست دەکەوێت، ئەوەیان بە خێرایی ون دەبێت لەگەڵ کۆتایی هاتنی خۆشییەکە.



Scanned with CamScanner

٣ ـ **هاوڕێی چاك**: هاوڕێی چاك بە باشترین جۆرەکانی هاوڕێیەتی دادەنرێت، ئەوەیان زیاتر ئامانج و ڕێزە لەنێوان دوو کەسەکان، بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە.

**هاوڕێیەتی لە تێڕوانینی شارستانییەتی ئیسلام و عەرەب** :

وشەی (صداقە) لە زمانی عربی لە (صدق) –ڕاستگۆیی– وەرگیراوە، کە پێچەوانەی درۆیە، واتە دەبێت ڕاستگۆ بێت لەگەڵ ئەو کەسەی هاوڕێیەتی دەکەی.

هاوڕێیەتی ئەگەر لەسەر بنەمای خوداپەرستی نەبوو، ئەوا لە قیامەت بە دوژمنداری دەشکێتەوە، هەروەك پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ ٱلۡأَخِلَّآءُ يَوۡمَئِذِۢ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلۡمُتَّقِينَ ٦٧ ﴾ الزخرف: ٦٧

واتە: هاوڕێیەکان لە ڕۆژی دوایيدا هەموویان دەبنە دوژمنی یەکتر جگە لە تەقوادارەکان نەبێت.

لەو هەڵوێستانەی بەڵگەی هاوڕێیەتییە، خۆشەویستی ئەبوبەکرە (پەروەردگار لێ ڕازی بێت) بۆ حەزرەتی سوڵتانی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) ڕۆژێك هەندێك شیری دەستکەوت، بە پەلە چوویە لای خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) بۆ ئەوەی لێی بخوات،



Scanned with CamScanner

ئەبوبەکر دەڵێت: خۆشەویست دەیخوارد و من تێنوێتیم دەشکا، لەم ئاماژەیی ئەبوبەکر (پەروەردگار لێ ڕازی بێت) ڕاستی هاوڕێیەتیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ئەبوبەکر لە تەنیشت ئازیزی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) نێژرا.

بوونە دوو هاوڕێی نزیک لە گۆڕ دا، هەروەك دوو هاوڕێی نزیك بوون لە ئەشکەوتەکەدا.

جوانترین شت کە جانی جانان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەربارەی ئەبوبەکر فەرموویەتی، (جارێك هاوەڵێك پرسیاری لێکرد گوتی: ئەی سوڵتانی دڵان کێ خۆشەویسترین کەسە لەلات؟ سوڵتانی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرمووی: عائیشە.

هاوەڵەکە گوتی: ئەی لە پیاوان؟

سوڵتانی دڵان فەرمووی: باوکی -واتا: ئەبوبەکر-.) النسائی.

ئەو هەواڵەی مەکەی پیرۆزی هەژاندبو، بە ڕاستخستنەوە لەلایەن ئەبوبەکرەوە.

گەورەمان ئەبوبەکر (پەروەردگار لێ ڕازی بێ) لە سەفەردا بوو، گەڕایەوە بۆ مەککەی پیرۆز، بەڵام کاتێك گەڕایەوە مەککە ڕووداوێکی گەورەی تێدا ڕوویدابوو، کارەکە زۆر مەزن



Scanned with CamScanner

بوو، هەواڵێکی سەیر لە هەموو لایەك دەبیسترا، ئەم هەواڵە چییە؟ ئەبو بەکر نزیك بویەوە هەستی کرد هەواڵێك لە مەککە هەیە کە ڕۆیشت تێیدا نەبوو، کاتێك چووە نێو مەککە، چاوی بە هاوڕێکانی کەوت، نزیك بوەوە لە ئەبو جەهل و باوەشییان پێك داکرد، ئەبو جەهل دەستی بە قسەکرد و گوتی: دەربارەی هاوڕێکەت قسە بکەم ئەی عەتیق؟ (دەڵێن پێشتر ئەبو بەکرد پێش موسڵمان بوونی ناوی عەتیق بووە)، ئەبوبەکر گوتی: ئەمە واتای چییە؟ ئەبو جهل گوتی: واتە یەتیمەکەی بەنی هاشم، ئەبو بەکر گوتی: واتا محمدی ئەمین؟ گفتوگۆ بە خێرایی لەنێوان ئەبو بەکر و ئەبوجەهل بەردەوام بوو، گوتی: گوێت لێ بووە عەمری کوڕی هیشام چی دەڵێت؟ گوتی: گوێم لێ بووە و هەموو خەلکیش گوێ بیستی بوونە، گوتی: چی دەڵێت؟ گوتی: دەڵێت لە ئاسمان پەروەردگارێك هەیە، ئەوی بۆ ئێمە ناردووە بۆ ئەوەی بیپەرستین و، ئەوەش واز لێبهێنین کە باب باپیرانمان دەیان پەرست، دواتر ئەبو بەکر لێی پرسی: ئایا ئەو گوتوویەتی پەروەردگار وەحی بۆ ناردووە؟ ئەبو جەهل گوتی: بەڵێ، ئەبوبەکر گوتی: ئایا گوتی چۆن پەروەردگار قسەی لەگەڵ کردووە؟ ئەبو جەهل گوتی: پەروەردگار فریشتەی لە



Scanned with CamScanner

ئەشکەوتی حەرادا بۆ ناردووە. ڕووخساری ئەبوبەکر وەکو خۆر گەشایەوە، بە هێواشی و لەسەرخۆییەوە گوتی:

ئەگەر وای گوتبێت، ئەوا ڕاست دەکات.

***********************************



Scanned with CamScanner

## گەرەکی خواردنەوەی ڕق و قینە

کەزم واتە: گرتن، غەیز واتە: توڕەیی، گوتراوە الغیظ خراپتر لە توڕەبییە.

**خەزێنەکانی خواردنەوەی ڕق:**

١ـ سەرکەوتن بەسەر شەیتان دا.

٢ـ بردنەوەی بەهەشت بە ئیزنی پەروەردگار.

٣ـ مێزێکی مەزن: لە ئەبوهورەیرە (پەروەردگار لێ ڕازی بێت) خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرموویەتی: (بەهێز ئەوە نییە ناکۆکی بکات، بەڵکو بەهێز ئەوەیە نەفسی خۆی بگرێتەوە لە کاتی توڕەییدا).

**حیکمەت لەخۆگرتنەوەی توڕەیی:**

١ـ داوای پاداشت لە پەروەردگار، خواردنەوەی ڕق لە پێناو پەروەردگار، مرۆڤ پاداشت و خێرێکی گەورەی دەست دەکەوێت.

٢- پاراستنی چاکە و جوانی پێشووتری کەسەکە.

**حیکمەت لەخۆگرتنەوەی توڕەیی:**

٣ـ نەرمونیانی لەگەڵ خراپەکار و چاکەکردن لە مامەڵە کردنیدا، لەسەر بنەمای سۆز و بەزەیی.



Scanned with CamScanner

٤ـ ئیهمال کردنی چاکترە لە کێشەنانەوە لەگەڵیدا.

٥ـ هەست کردن بە ڕێزوشکۆی خود و هیمەت بەرزی:

خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) ئامۆژگاری پیاوێکی کرد کە توڕە نەبێت، زیاتر لە جارێک ئەمەی دووبارە کردەوە، خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) هەرگیز لەسەر شتی دونیایی توڕە نەبووە، بەڵکو لەسەر سەرپێچی کردنی پەروەردگار توڕە دەبوو.

بۆیە بیر لەو پاداشتە گەورەیە بکەوە لەسەر ئەوەی کە کەسێك گاڵتەت پێ دەکات یان توڕەت دەکات، بیر لە پاداشتی شوێنکەوتنی ئازیزمان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) بکەوە.

کارەکە پێویستی بە هێزێکە بۆ ڕاهێنانی نەفس لەسەر ڕق خواردنەوە و، بە دەست هێنانی پاداشتەکە. بەو جۆرە ڕاهێنانە دەتوانیت دەست بەسەر هێزی ڕق خواردنەوەدا بگریت لە کاتی توڕە بوون.

بیر بکەوە زۆرترین ئەو شتانەی لە ژیانمان لێی توڕە دەبین هیچ کێش و نرخێکی نییە، هەربۆیە هەموومان



Scanned with CamScanner

(نەک تەنها تۆ) پاش شەپۆلەکانی تورەیی پەشیمان دەبینەوە

*گوتراوە:

ڕەوشتە بەرزەکانت خۆش بوێت بە هەوڵدانت.

ڕقم لە شتە ناشرینەکانە ئەگەر ناشرینیان کردم

بە نەرم و نیانییەوە لە قسە ناشرینەکانیان ببورە.

خراپترینی خەڵک ئەوانەن حەز بە قسەی ناشرین دەکەن.

کەسێك ڕێز لە پیاو بگرێت ڕێزی دەگیرێت.

کەسێك سوکایەتی بە پیاو بکات ڕێزی ناگیرێت.

هەر کەسێك مافی کەسانێکی دا

مافەکانی پێدەدرێتەوە و هیچی بەڵایەکی تووش نابێت.

لە سەهلی کوڕی موعاز لە باوکیەوە گێڕاویەتییەوە، کە پێغەمبەری خودا سەلامی خوای لەسەر فەرمویەتی: (کەسێك ڕقی خۆی بخواتەوە و، توانای تێپەڕاندنی هەبێت، پەروەردگار لەنێو کەسە هەرە ڕەوشت بەرزەکان بانگی دەکات و، لە ڕۆژی قیامەت سەرپشکی دەکات لە حورولعەین ). ابو داود

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ۝٤٣﴾

واتە: لەڕاستیدا ئەوەی دان بەخۆیدا بگرێت و چاوپۆشی بکات و لێخۆشبوو بێت (لەکاتێکدا کە دەتوانێت تۆڵەبسێنێت) بەڕاستی ئەوە کارێکی بەجێ و چاك و پەسەند ئەنجام دەدات، بەڕاستی ئەوە لەو کارانەیە کە پێویستە بکرێت....

لە ڕێزوشکۆی مرۆڤ و هیممەت بەرزییەکەی ئەوەیە لە قسە ناشرینەکان بەرزتر بێت، ئینجا خۆی پلە بە پلە بەرز دەبێتەوە.

ئیبن کەسیر دەربارەی تفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ۝١٣٤﴾

واتە: ئەوانەی لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە هەرزانی و گرانیدا ماڵ و سامانیان دەبەخشن، ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوەو خۆگرن، لە خەڵکی خۆش دەبن و



Scanned with CamScanner

لێبــــووردەن، خـــــوای میهرەبــــانیش چـــاکەکار و چاکەخوازانی خۆش دەوێت.

واتــە: کپیـان کـردەوە و نـەیان هێشـت زیـاد بکـات و، لـەو کەسەش خۆش بوون کە خراپەی کردووە.

لە هەندێك لە گێڕانەوەکان هاتووە: پەروەردگار دەفەرموێت: (ئەی نەوەی ئادەم، یادم بکە ئەگەر تووڕە بووی، منیش یادت دەکـەم ئەگـەر تـوڕە بـووم، بـە هیلاکـت نابـەم وەك چـۆن خەڵکانی دیکە بە هیلاك دەبەم) ابو حاتم

ئیمام شافعی دەڵێت:

ئەگەر گەمژەیەك جنێوی پێدام هێزم زیادتر دەکەم

هیچ ناشرینیەك لەوە نییە، تەنها دەبمە جنێوپێدراوێك

ئەگەر بەسەر نەفسی خۆمدا هێزم نەبێت

لەگەڵ هەموو گەمژەیەك دەکەومە شەڕ

******************************



Scanned with CamScanner

## چۆن ڕەفتار لەگەڵ کەسێکی تووڕە دەکەیت؟

ئەگەر یەکێك لێت تووڕە بوو.

لێیگەڕێ قسە بکات، قسەکانی بە هەند وەرمەگرە، وەك خەوتوێکی عەقڵ ڕۆیشتوو دایبنێ و، نازانێ چی دەڵێت، پاشان وەك ئەوەی هەیە قبوڵی بکە، خاڵی تووڕەیی دیاری بکە بۆ ئەوەی لە کێشەکانی بە دوور بێت.

**چارەسەری تووڕەیی:**

**١- پەنا گرتن بە خودا لە شەیتان:**

لە سلێمانی کوڕی سورد (پەروەردگاری لێ ڕازی بێت) دەڵێت: لەگەڵ خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دانیشتبووم، دوو پیاو جنێویان بەیەکتر دەدا، یەکێکیان دەموچاوی سور هەڵگەڕا بوو، دەمارەکانی لاملی هەڵسا بوون، ئازیزمان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرمووی: من وشەیەك دەزانم ئەگەر بیڵێت ئەوەی هەیەتی لە تووڕەیی نامێنێت، ئەگەر بڵێت اعوذ بالله من الشیطان الرجیم ئەوەی لایەتی دەڕوات).



Scanned with CamScanner

**٢- بێدەنگی و لەسەرخۆیی:**

پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر دەفەرموێت: (ئەگەر یەکێك لەئێوە تورە بوو وەستاو بوو با دانیشێت، ئەگەر تورەیی ڕۆیی، ئەگەر نا با پاڵکەوێ).

**٣- بێدەنگی:**

ئازیزمان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (ئەگەر یەکێك لە ئێوە تورە بوو، با بێدەنگ بێت).

هەر بۆیە تورەیی دەکرێت بە خێرایی لە سروشتی خۆی دەرچێت و هەندێك وشەی کوفر لە دەمی دەربچێت پەنا بە پەروەردگار، یان نەفرەت بکات، یان تەڵاق بخوات و ماڵی خۆی وێران بکات، بۆیە باشترین چارەسەر بێدەنگییە.

**٤- دەستنوێژ شوشتن:**

ئیمام ئەحمد لە موسنەدەکەی ڕیوایەتی کردووە

سولّتانی دڵان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرموویەتی: (تورەیی لە شەیتانەوەیە، شەیتانیش لە ئاگرە، ئاگریش بە ئاو دەکوژێتەوە، ئەگەر یەکێك لە ئێوە تورە بوو با دەستنوێژ بشوات).

هەرچەندە ئەم فەرموودەیە نەوەوی بە زەعیفی داناوە، بەڵام ئەگەر ئەم فەرموودەیە جێبەجێ بکرێت ئەوا تورەیی نامێنێت، ئەم فەرموودەیە ئاماژەیە بۆ ڕاستییەکی پزیشکی



Scanned with CamScanner

ناسراو، ئاوی سارد خوێنی هەڵچوو بە خێرایی کپ دەکاتەوە،
لەکۆندا خۆشوشتن وەك چارەسەرێکی دەروونی بوو.
**********************************



Scanned with CamScanner

## وەستانێك

مرۆڤی توڕە کەسێکی بە میهرەبانی و سۆزە، منداڵی ناخی بدۆزەوە، ئینجا دەبێتە خۆشەویستێکی دڵسۆز بۆت.



Scanned with CamScanner

# گەڕەکی بێدەنگی

بێدەنگی داناییە.

زۆر قسە کردن لەم گەڕەکەدا بێزاریان دەکات!

بە دڵنیاییەوە!

ڕاستییان کرد و درۆیان نەکرد، لەبەر ئەوەی پەروەردگار ڕقی زۆر لە پرسیار و گوتی و دەڵێ دەبێتەوە، خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (پەروەردگار لەسەر ئێوە حەڕامی کردووە خواردنی مافی دایکان و، زیندە بە چاڵ کردنی کچان و، لە خۆدان و لاڵاندنەوە بۆ مردوو، هەروەها سێ شتی لە ئێوە ڕق لێیە: گوترا و دەڵێ، زۆر پرسیار کردن، بە فیڕۆدانی سەروەت و سامان) البخاري.

بۆیە بێدەنگی جوانییە! ئەو کەسەی کە بە جوانی داناوە، گەورەی هەموو جوانەکانە، ئەویش سوڵتانی دڵانە (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) زۆر بێدەنگ بووە و قسەی نەکردووە، تەنیا بۆ سوود بەخشین یان بە هۆکارێک یان بۆ شیکردنەوەی حیکمەتێک. بەڵگەش سەر ئەم قسانە،



Scanned with CamScanner

لە سەماکی کوڕی حەڕب دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی:
(بە جابری کوڕی سەمرەم گوت: ئایا لەگەڵ خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دانیشتووی؟ گوتی: بەڵێ، ئەو زۆر بێدەنگ دەبوو، کەم پێدەکەنی، هەندێ جار هاوەڵان کە شیعریان لای بگوتایە، یان شتێکی خۆیان باسکردبا، هاوەڵان هەموو پێدەکەنین، خۆشەویستیش تەنیا زەردەخەنەی دەکرد) احمد.

بەڕێزان بێدەنگی.

هێزێکی گەورەت پێ دەدات، بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان لە هەموو ئەو شتانەی لە دەورووبەرت ڕوو دەدەن.

بەڕێزان بێدەنگی

باشترین چارەسەرە بۆ کێشە کەم بایەخەکان.

بەڕێزان بێدەنگی

هێمای زانایان و دانایی عاقڵمەندانە.

وەهیبی کوڕی وەرەد (پەروەردگار ڕەحمی پێ بکات) دەفەرموێت : (دانایی دە بەشە، نۆی بێدەنگییە، دەیەمی دوورییە لە خەڵك).

لە سوودەکانی بێدەنگی:

١- بەڵگەی داناییە.

٢- بەڵگەی ڕەوشتی جوانە.



Scanned with CamScanner

٣- خۆشەویستی پەروەردگار، دواتر خۆشەویستی خەڵکە.

٤- هۆکارێکە لە هۆکارەکانی چوونە بەهەشت.

٥- یارمەتیدەرە بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان.

وتەیەکی چینی هەیە دەڵێت: (پەشیمانی لە سەر بێدەنگی چاکترە لە بێدەنگی لە سەر قسەکردن).

ئەمەش ڕوویداوە لە ژیانمان.

بۆ نموونە ئەگەر ناکۆکییەك دروست بوو لەوانەیە مرۆڤ پەشیمان بێتەوە لە قسە کردنی کاتی توڕەیی .

قسەکردن پەیوەندییەکان بە کۆتا دەهێنێت و شەڕ هەڵدەگیرسێنێت.

قسە بەهێزترین چەکە لە جیهان.

لە کۆتایی تووڕەییەکەت دەڵێیت: خۆزگە قسەم نەکردبا خۆزگە بێدەنگ بام.

لە ڕاستیدا پێویستە سوپاسی ئەو کەسانە بکەین کە لەم گەڕەکە بێدەنگ و ئارامەن، هیچ شەڕ و کێشەی خێزانی و برایەتی تێدا نییە!

گەڕەکی بێدەنگی و ئاشتی،

یاخوا پیرۆزتان بێت.

***********************************



Scanned with CamScanner

## گەڕەکی جێهێشتن

دەکرێ ژیان ناچارمان بکات بە ڕۆیشتن و جێهێشتن، بەڵام ئەوە ئەو کەسانەمان لە بیر ناباتەوە کە ناسیمانن و هۆگریان بووین، دڵمان هەڵکەندراو و پەیوەستە بە وەی عاشقی بووین، مەحاڵە ئەو یادگاری و ساتە جوانانە لە یاد بکەین کە پێکەوە بەسەرمان برد.

**گوتراووە:**

خراپترین ڕۆیشتووەکان: مرۆڤێکە لات دەڕوات، بەڵام لە دڵتدا نەڕۆیشتووە، لە ناخی دڵمان یادیان هەر ماوە و، بانگی کەسە ڕۆشتووەکان دەکات و دەڵێت، نەرم بن لەگەڵمان ئازاری دووریتان ماندووی کردووین.

هەندێك لە خۆشەویستانم بە ویستی خۆیان ڕۆیشتن ، چونکە بینیم بە ئارەزووی دڵیان حەز لە جێهێشتنم دەکەن، بەڵێ تاسەمەندم بۆ دیداریان، بەڵام ڕێزوشکۆم لە سەرووی حەزەکانی خۆم دانا.

پسپۆڕانی بواری دەروونزانی پێیان وایە، مرۆڤ دەتوانێ و دەسەڵاتی بە سەر تێپەڕاندنی ئەزموونە سۆزداریەکان هەیە بە ویستی پەروەردگار، دەتوانێ نارەحەتییە دەروونییەکان تێپەڕێنێ لە ماوەی شەش مانگ دا.

کاتێك دڵ توشی شکستی سۆزداری دەبێت، لایەنە هەست و سۆزیەکانی تێك دەچێت و، دەگۆڕێ لە نائومێدیەوە بۆ بێدەسەڵاتی و لەوەشەوە بۆ دوو دڵی، بەڵام قورسترین و سەخترین ئەزموونەکانیش لە کۆتایی دا لا دەچن و نامێنن پشتیوان بە پەروەردگار.

بەڵام تا کاتێ ئەمە ڕوودەدات، شارەزایانی بواری پزیشکی مێشك دەڵێن: (باشترین چارەسەر بۆ برینی دڵ بریتیە لە ئەنجامدانی حەز و ویستەکانی و، قسەکردن لەگەڵ هاوڕێیان).

دەروونزانانی ئەڵمانی دڵنیایان کردۆتەوە کە ئەم کارە بە لایەنی کەم پێویستی بە شەش مانگە بۆ تێپەڕینی ئەم ناڕەحەتییە، کە لە ئاکامی جیا بوونەوەی خۆشەویست یان هاوڕێ دروست بووە.

هەندێکیان دڵیان تەنگ دەبێت، هەندێك بیر لە خۆ کوشتن دەکەنەوە. بیر دەکاتەوە کە ژیان بە بێ خۆشەویستەکەی هیچ مانایەکی نییە، دەربارەی ئەمە دەروونزان کریسنا ڕۆس دەڵێت: (ئەو هەستەی مرۆڤ پێی دەناڵێنێت لە ئەنجامی جیابوونەوەی لە کەسێك دا، نەفسی خۆیەتی کە هەست بە خۆی دەکات لە لای کەسێك، هەر بۆیە شتێکی ئاساییە ئەگەر لە لای ئەو کەسە فرمێسك بڕێژێت و بگریەت).

**چۆن بەهێز بم لە کاتی جیا بوونەوە و ڕۆیشتن دا؟**

١- ڕۆتین: پێویستە شتە ڕۆتینییەکانی ژیانت بگۆڕیت.

٢- وەرزش: لەبەر ئەوەی هەست بە بەختەوەری دەکەیت.

٣- هاوڕێیانت: بە تەنیا مەبە، لەگەڵ هاوڕێکانت کۆ ببەوە.

٤- پێویستە پێش هەموو شتێك بزانی پەروەردگار ئەم ناڕەحەتی و دڵ توندیەت لەسەر هەڵدەگرێت، پەروەردگار تەنیا چاکەی بۆ تۆ نووسیوە... دڵتەنگ مەبە.

خۆشەویست (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (بەندە توشی هەر خەمێك و خەفەتێك ببێت دوای بڵێت: (اللهم إني عبدك وابن عبدك وابن امتك ناصيتي بيدك ماض في حكمك، عدل فيما ري قضاءوك، أسلك بكل اسم هو لك سميت به نفسك أو أنزلته في كتابك أو علمته أحدا من خلقك أو استأثرت به في علم الغيب عندك أن تجعل القران الكريم ربيع قلبي و نور صدري و جلاء حزني وذهاب همي)، ئیلا پەروەردگار خەم و خەفەتی لەسەر لا دەبات و، لە جێگای ئەوە خۆشی و بەختەوەری دێنێت).

لە ئەنەسی کوڕی مالك (پەروەردگار لێ ڕازی بێت) دەڵێت ئەگەر حەزرەت (سەلامی پەروەردگار لەسەر بێت) شتێکی بەسەر بهاتایە دەیفەرموو: ( ياحي يا قيوم برحمتك أستغيث).



Scanned with CamScanner

ئـــەسمای کچـــی عومـــەیس (پـــەروەردگار لێـــی ڕازی بێـــت) دەفەرمووێت: (ئازیزمان (سەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) فەرمووی: ئایا هەندێك وشەت فێر بکەم لە کاتی ناڕەحەتی دا بیلێیت: الله، الله ربی ولا اشرك به شیئا).

لـە صـەحیحی بوخـاری و موسـلیم هـاتووە لـە ئـیبن عبـاس (پـــەروەردگار لێـــی ڕازی بێـــت) ئـــازیزی دڵـــان (ســـەلامی پەروەردگاری لەسەر بێت) لە کاتی دڵتەنگی فەرموویـەتی: (لا اله الله العظیم الحلیم، لا الـه الله رب العـرش العظـیم، لا الـه الله رب السموات ورب الارض ورب العرش الکریم).

حـــەزرەتی جانـــان (ســـەلامی پـــەروەردگاری لەســـەر بێـــت) دەفەرمووێت: (دوعای یونس لە سکی نەهەنگ دا ئەوە بوو: (لا الـــه الا أنـــت ســـبحانك أنـــي كنـــت مـــن الظـــالمین). هـــەر مسوڵمانێك ئەو دوعایە بخوێنێت بێگومان وەڵامی دەدرێتەوە) احمد.

***********************************



Scanned with CamScanner

## وەستانێک

ئەگەر دەتەوێت دونیا لـە دوای مردنـت ببینیـت، دوای مردنـی کەســەکان ســەیری بــە. ئەگــەر ســەرنجت دا چــۆن خۆشەوسیتەکان خۆشەویستیانیان لە بیر دەکەن، ئـەو کاتـە دڵنیـا دەبـی کـە خۆشەویسـترین خۆشەویسـتانت لـە بـیرت دەکەن لە دوای مردنت، یان دوای تۆ بە دونیا سەرقاڵ دەبـن، ژیانت هەمووی بۆ پەروەردگار تەرخان بکە، ئەو تاکـە زاتێکـە لە یادتان ناکات، پەیوەندیت لەگەڵ پـەروەردگار چاك بکـە، چونکە ئەو تاکە زاتێکە هەرگیز لە ناو ناچێت.

**********************************



Scanned with CamScanner

## سەرنجەکانێک****

- ڕێگەمەدە هیچ کەس لەم جیهانە کۆنترۆڵی ژیانت بکات متمانە بەخۆبونت لەدەست بدات، ئەگەری کردی؟ ئەوا بەسەرتدا سەرکەوتوە و تۆی ڕوخاندوە ! ئەگەر نەیتوانی؟ متمانەت بەخۆت بەدەست هێناوە ئەوت تێکشکاندوە، ئاگاداری کەوتنی ئەو ئەسپەی ناخت بە، چونکە ئەگەر متمانە لەناختدا نەبوو وەك ئەسپ وایە ئەگەر بکەوێت هەرگیز سەرناکەوێت.

- پەلەبکە و جێمەمێڵە، هەموو ڕۆژێکی نوێ بەزەردەخەنە دەست پێبکە لەسەر ڕووی خەڵکی، چاوەڕێی هیچ شتێکیان لێمەکە، تەنیا لەسەرتە دەستپێشخەری بکەی نەك جێیان بهێڵی بۆ ئەوەی سڵاو بکەی، دەموو چاو گەش بە، بە دڵنیاییەوە هەست بەڕەزامەندییەکی سەیر و نامۆ دەکەی.

- دەستەکانت بەرز بکەوە بۆدوعا بەبێ متمانە وەك بەرز وەك دەست ڕاست کردنی دەستەکانت تۆ بەسەر خۆڵەمێش دەنوسی ، ئەوە سودی نییە دواتر بەبا دەڕوات وە بۆپەروەردگار با بەرزی ناکەیەوە.

- زۆربەی خەڵك کات دادەنێن بۆکاتی کار بۆگەڕان بەدوای ڕزق لەبیر دەکەن کە مەوعیدی هەیە لەگەڵ پەروەردگار ڕزق لەکاتی نوێژی بەیانی.



Scanned with CamScanner

ـ سەرکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە کە شتێك بەدەست بهێنی

ڕۆژێك پێیان گووتی ناتوانی... تۆ چەند مەزنی.

ـ ئەکەی داوا بکەی تەنیا پەروەردگار نەبێت

دەستت بەرز بهێڵەوە، ئاوازی دەنگت ئاوازی بەهێزان بێت.

چونکە زمانی جەستە زۆر کاریگەرترە لەزمانی قسەکردن.

بەهێزیە

ـ تاوانبار پێویستە هەندێك کات بەتەنیا بێت بۆئەوەی

بەتەنیایی بیر لەوکارانە بکاتەوە کە کردویەتی.

هەموومان تاوانبارین و پێویستمان بەخەلوەتە لەگەڵ

پەروەردگارمان و بۆئەوەی هەڵەکانمان چاك بکەینەوە و تۆبە

بکەین

وە هەوڵ نەدەین لەخەڵوەتگا بێینە دەرەوە تەنیا ئەو کاتە

نەبێت پەروەردگارمان لێ ڕازییە و هەوڵماندا وە بۆڕەزامەندی

ئەو

بەدوعا ، و نوێژ ،و گریان لەلای

ـ دونیا پێی ڕاگەیاندم و گوتی: ئاسودەیی لەلای من نابینی

ئەگەر نوێژ نەکەی، دڵخۆشی بۆنوێژکەران

غیرەی خۆشەویستی چیرۆکی خۆشەویستیە بەتوڕەیی!

هاواری ناخی دڵە!

هاوارێکە کەس گوێبیستی نییە!



Scanned with CamScanner

ئاگر بەئاو دەکوژێتەوە

بەڵام غیرە؟

تاکە ئاگرە بەئاو ناکوژێتەوە

غیرە بەرگرییە لەو شتەی هەیە وە مەرگە لەنێو ژیان.

- هەندێك لەدانایان دەڵێن ژیان وەك جەهەنئەم دەردەکەوێت!

ئەمە ڕاست نییە!

ژیان جوانە...

گەورەی هەموو دانایان پێغەمبەر سەلامی پەروەردگاری لەسەر دەفەرمووێت: (دونیا جوان و سەوزە پەروەردگار پێتانی دەبەخشێت).

ئێمە جێنشینانی پەروەردگارن لەسەر زەوی ئەو

ژیان خۆشەویستییە ژیان هێزە، ئەمڕۆ دەکەوی بەیانی هەڵدەستییەوە.

تۆ سەرکردەی خودی خۆتی لەم زەوییە

دەتوانی هەموو سەختییەکان و بیرۆکە خراپەکانت تێك بشکێنی لەژیان دەتوانی بیگۆڕی بۆ فکرەی ئەرێنی !

تەنیا شتەکان گەورە مەکە

وە کەسەکانیش گەورە مەکە، چونکە ڕۆژێك لەڕۆژان پێیان دروخێی!



Scanned with CamScanner

بالۆن ئەگەر زیاد لەسنوری دیاریکراو گەورەی بکەی بەڕووتـدا

دەتەقێتەوە.

ئەمە بەڵایە..

ژیانت هاوسەنگ ڕاگرە پەیوەندیت لەگەڵ کەسەکان هاوسەنگ

بکە بەختەوەری دەبینی ئینشائەڵا

عمر ال عوضە



Scanned with CamScanner